**له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت**

# برایەتی

# نێوان موسڵمانان

**لە ژێر تیشكی**

**ئایەتە پیرۆزەكانی قورئان و**

**فەرمووده صه‌حیحه‌كانی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ)**


نووسین و ئامادەكردنی

محمد عبد الرحمن لطيف



**چاپی پانزەیەم** ١٤٣٨ ك


---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

**ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

### * پێشەکی :

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ [آل عمران].

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾ [سورة النساء] .

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**خوێنەری بەڕێز** : بابەتی ئەم کتێبە لە سێ زنجیرەی یەك بە دوای یەکدا لە ژمارەکانی (٥) و (٦) و (٧)ی گۆڤاری (**ڕێگای ڕاست**)دا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام لە بەر گرنگی بابەتەکە بە پێویستمان زانی لە کتێبکدا کۆیبکەینەوە و دوای هەندێك پێداچوونەوە و بۆ زیاد کردن بەم شێوازەی ئێستا لە چاپی بدەینەوە .

**نووسەر**

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**١ / ربيع الأول / ١٤٢٧ هـ**

**کوردستان / گەرمیان / کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم

* **ڕێخۆشکار** :

**برایەتی [١] لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە و بە مەبەستی دەست کەوتنی پاداشتی خوا : یەکێکە لە نیعمەتە هەرە گەورەکانی پەروەردگاری بونەوەر کە خستویەتی‌یە ناو دڵی بەندە دەروون پاك و دۆستە لە خوا ترسەکانیەوە ، وەك خۆی فەرموویەتی :** ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ كُنتُمۡ أَعۡدَآءٗ فَأَلَّفَ بَيۡنَ قُلُوبِكُمۡ فَأَصۡبَحۡتُم بِنِعۡمَتِهِۦٓ إِخۡوَٰنٗا ﴾ [آل عمران] .

**واتە : نیعمەتی خوا بەسەرتانەوە بە بیری خۆتان بهێننەوە کاتێك کە ئێوە دوژمنی یەکتر بوون و خوای پەروەردگار دڵەکانتانی یەك خست و بە نیعمەتی ئەو بوون بە برای یەکتر .**

---

[١] **بیرخستنەوەیەکی زۆر گرنگ :** پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەم بابەتە و هاوشێوازەکانی تایبەت نی‌یە تەنها بە پیاوانی موسڵمانەوە ، بەڵکو ئافرەتان و خوشکانی موسڵمانیش دەگرێتەوە چونکە (برایەتی لە نێوان پیاواندا = خوشکایەتی لە نێوان ئافرەتاندا) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((إِنَّمَا النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ)) [صحيح سنن أبي داود رقم : (٢١٦) ] .

واتە : ئافرەتان هاوشانن و لە ڕیزی پیاوان دان ، لەمەوە ئەوە تێدەگەین کە هەر ئایەت و فەرموودەیەك فەرمانی تێدا بوو بۆ پیاوان یان باسی پیاوانی دەکرد ئەوا ئافرەتانیش دەگرێتەوە .

قال الحافظ ابن حجر في "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (إِنَّمَا خُصَّ الذَّكَرُ بِالذِّكْرِ لِكَوْنِ الرِّجَال فِي الْغَالِب هُمْ الْمُخَاطَبُونَ وَالنِّسَاء شَقَائِق الرِّجَال فِي الْأَحْكَام إِلَّا مَا خُصَّ) (١ / ٣٣٣) ، وانظر : (٦ / ٧٤٠) منهُ أيضاً .

وە برایەتی و دۆستایەتی و یەکخستنی دڵەکان بە هیچ شتێك نایەتە دی ئەگەر خوای بە توانا ویستی لە سەر نەبێت و نەیبەخشێت بە بەندەکانی ، وەك فەرموویەتی: ﴿لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ ﴿٦٣﴾﴾ [الأنفال].

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر هەموو ئەو شتانەی کە لە سەر زەویدایە بیبەخشیت بۆ ئەوەی دڵەکانیان یەك خەیت ئەوا ناتوانیت دڵەکانیان یەك خەیت ، بەڵام تەنها خوا خۆی دڵیانی یەك خست .

هەروەها برایەتی : هێزێکی ئیمانی دەرونی‌یە کە هەستێکی قووڵی پڕ سۆز و خۆشەویستی و ڕێز و متمانەی نێوان هەردوولا بەرهەم دێنێت ، لە گەڵ هەر کەسێکدا کە هاو بیروباوەڕت بێت و ترسی خوای لە دڵدا بێت .

جا ئەم هەستە برایەتی‌یە ڕاستگۆیانە ڕاست ترین هەڵوێست و پاك ترین سۆز و هەستی لێ پەیدا دەبێت لە کاتی دەربڕینی هەڵوێستە بەسودەکان : لە یارمەتی دان و پێش خستن و نەرم و نیانی نواندن و لێبوردن و بەهانا هاتن لە کاتی تەنگانەدا و پشت گیری کردن لە کاتی بێ‌تواناییدا ...

هەروەها لە کاتی دەربڕینی هەڵوێستە زیان بەخشەکان : لە دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە زیان بە خەڵك دەگەیەنێت چ لە خودی خۆیاندا بێت یان لە ماڵ و سامان یان لە ناموس و کەرامەتیاندا بێت ...

بۆیە برایەتی لە بەر خوا سیفەتێکی پەیوەستە بە ئیمانەوە ، وە ڕەوشتێکی هاوشانە لە گەڵ تەقوا و لە خوا ترساندا ، چونکە ***برایەتی ڕاستەقینە پەیدا نابێت بە بێ ئیمان ، وە ئیمانیش تەواو نابێت بە بێ برایەتی*** ، هەر وەك چۆن ***هاوڕێیەتی پەیدا نابێت بە بێ تەقوا ، وە تەقواش تەواو نابێت بە بێ هاوڕێیەتی چاك*** و یەکخواپەرست و شوێن کەوتەی سوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

بەڵگە لە سەر ئەوەی کە برایەتی نابێت بە بێ ئیمان ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٌ ﴿١٠﴾﴾ [الحجرات] .

واتە : تەنها ئیمانداران برای یەکن .

وە بە بەڵگە لە سەر ئەوەی کە هاوڕێیەتی نابێت بە بێ تەقوا ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلۡأَخِلَّآءُ يَوۡمَئِذِۢ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾﴾ [الزخرف] .

واتە : برادەران و هاوڕێیان لە ڕۆژی دوایدا هەندێکیان دەبن بە دوژمنی هەندێکیان تەنها ئەوانەیان نەبێت کە لە خوا ترسن و ئەهلی تەقوان .

وە گومانی تێدا نییە ئەگەر برایەتی ئیمانی لە گەڵدا نەبێت ئەوا ئەو جۆرە برایەتییە لە سەر بناغەی بەرژەوەندی خۆیی و سودە کەسایەتییەکان پێك دێت ...

هەروەها ئەگەر هاوڕێیەتی تەقوا و لە خوا ترسانی لە گەڵدا نەبێت ئەوا بەرهەمەکەی دژایەتی و ڕقەبەرایەتی دەبێت لە گەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم ناکۆکی کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات لە بەر شتێکی دونیایی یان لە گەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی یەکەم پێشبڕکێ کە لە سەر دەستکەوت و بەرژەوەندیەکان کە دەکەوێتە نێوانیانەوە .

وە ئەگەر لە موسڵماندا ئیمان و تەقوا هەبوو ، بەڵام لە پاڵیدا برایەتیەکی ڕاستەقینە و هاوڕێیەتیەکی پاك و پوخت نەبوو ، ئەوا ئەو ئیمان و تەقوایە کەم و کوڕی تێدایە .

ئیمانێکی کەم و کورە لە بەر ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) تێیدا دەفەرموێت : ((لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ [مِنَ الْخَيْرِ]))[٢].

واتە : ئیمانی یەکێك لە ئێوە تەواو نیە هەتا بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت ئەوەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە لە خێر و چاکە .

وە تەقواکەی پڕوپاگەندەیە لە بەر ئەم ئایەتە کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت : ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾﴾ [المائدة] .

[٢]صحيح البخاري رقم : (١٣) وصحيح مسلم رقم : (٤٥) وصحيح سنن النسائي رقم : (٥٠١٧) والزيادة لهُ.

**واته : هاوكاری یەكتر بكەن لە سەر چاكە و تەقوا و لە خوا ترسان و هاوكاری یەكتر مەكەن لە سەر تاوان و ستەم كردن ، وە لە خوا بترسن چونكە خوا سزا و تۆڵەی سەختە .**

**جا ئەو مرۆڤەی بە ئیمان و بە تەقوا بێت لە گەڵ بە یەك گەیشتنیدا لە گەڵ هاوشێوازی خۆی هەست بە دڵ ئارامی و دەروون پاكی دەكات لە یەكەم چركەی ئەو بە یەك گەیشتنەدا ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :** ((الأَرْوَاحُ جُنُودٌ مُجَنَّدَةٌ ، فَمَا تَعَارَفَ مِنْهَا ائْتَلَفَ ، وَمَا تَنَاكَرَ مِنْهَا اخْتَلَفَ))[٧].

**واته : ڕۆحەكان هەریەك لە سەر ئەو ڕەوشتە دروست كراون كە لە سەری ڕاهێنراون ، جا ئەوانەیان یەكتر دەناسن و ئاشنان بە یەكتر یەك دەگرن ، وە ئەوانەیان یەكتر ناناسن و نامۆن بە یەكتر جیاواز دەبن .**

(قَالَ الْخَطَّابِيُّ : يُحْتَمَل أَنْ يَكُونَ إِشَارَة إِلَى مَعْنَى التَّشَاكُل فِي الْخَيْر وَالشَّرِّ وَالصَّلَاح وَالْفَسَاد ، وَأَنَّ الْخَيِّرَ مِنْ النَّاسِ يَحِنُّ إِلَى شَكْله وَالشِّرِّير نَظِير ذَلِكَ يَمِيل إِلَى نَظِيره ، فَتَعَارُف الْأَرْوَاح يَقَع بِحَسَبِ الطِّبَاع الَّتِي جُبِلَتْ عَلَيْهَا مِنْ خَيْر وَشَرّ ، فَإِذَا اِتَّفَقَتْ تَعَارَفَتْ ، وَإِذَا اِخْتَلَفَتْ تَنَاكَرَتْ)[٣].

**ئێستاش با بچینە ناو دەریای قووڵی برایەتی ڕاستەقینەوە ...**

---

[٧] صحيح البخاري رقم : (٣٣٣٦) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٣٨).

[٣] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٦ / ٤٤٦).

# بنەماكانی برایەتی لە بەر خوا

هـیچ برایەتیـیـەك لای خـوا پەسـەند نـیـە و قـەبوڵ ناكرێـت و بـەروبوم و سەرئەنجامەكەشی باش نابێت ئەگەر ئەو برایەتیـیە لە سەر ئـەم چـەند بنەمایـەی خوارەوە بنیات نەنرێت :

**١ ـ دەبێت ئەو برایەتیـیە تەنها لە بەر خاتری خوا بێت :**

وە ئەمەش نایەتە دی ئـیللا مەگـەر ئـەو برایانـە خۆیـان پـاك و بـێ بـەری بكەن لە هەموو بەرژەوەندیـیـەكی خـۆیی ، و تـەنها مەبەسـتیان ڕەزامەنـدی خـوا بێت لە برایەتیـیەكەیاندا .

عَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﭬ) عَـنِ النَّبِـيِّ (ﷺ) قَـالَ : ((أَنَّ رَجُـلاً زَارَ أَخَـاً لَـهُ فِي قَرْيَـةٍ أُخْـرَى ، فَأَرْصَدَ اللَّهُ لَهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكَاً فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ قَالَ : أَيْنَ تُرِيدُ ؟

قَالَ : أُرِيدُ أَخَاً لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ .

قَالَ : هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا ؟

قَالَ : لاَ ، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ .

قَالَ : فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ))[٤].

---

[٤] صحيح مسلم رقم : (٢٥٦٧) .

واتە : پیاوێك سەردانی برادەرێکی خۆی کرد لە گوندێکدا ، جا خوای گەورە فریشتەیەکی نارد بۆ سەر ڕێگاکەی و کاتێك هات بۆ لای پێی ووت : بۆ کوێ دەچیت ؟

ئەویش ووتی : بۆ لای برادەرێکم دەچم لەم گوندەدا .

فریشتەکە ووتی : ئایا هیچ مافێکی دنیاییت بە سەریەوە هەیە لێی وەرگریتەوە یان هیچ بەرژەوەندیەکت هەیە لە گەڵیدا پێی هەڵبسیت ؟

ئەویش ووتی : نەخێر ، تەنها ئەوە نەبێت کە من لە بەر خوا خۆشمدەوێت .

فریشتەکەش ووتی : جا من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی پێت ڕابگەیەنم کەوا خواش تۆی خۆشدەوێت وەك چۆن تۆ ئەوت خۆشدەوێت لە بەر خاتری خوا .

## ٢ ـ دەبێت ئەو برایەتی‌یە هاوشان بێت لە گەڵ ئیمان و تەقوادا :

وە ئەمەش نایەتە دی ئیللا مەگەر موسڵمان برادەری ئیمان دار و لە خوا ترس هەڵبژێرێت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ﴿١٠﴾﴾[الحجرات] .

واتە : تەنها ئیمانداران برای یەکن .

وە دەفەرموێت: ﴿ٱلْأَخِلَّآءُ يَوْمَئِذٍۭ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٦٧﴾﴾[الزخرف].

واتــە : بـرادەران و هاوڕێیـان لـە ڕۆژی دوایـدا هەنـدێکیان دەبـن بـە دوژمـنی هەندێکیان تەنها ئەوانەیان نەبێت کە لە خوا ترسن و ئەهلی تەقوان .

وە پێغەمبـەریش (ﷺ) دەفـەرموێت : ((لاَ تُصَاحِبْ إِلَّا مُؤْمِناً وَلَا يَأْكُلْ طَعَامَكَ إِلَّا تَقِيٌّ))(٥).

واتە : هاوڕێیەتی کەس نەکەیت ئیللا ئیماندار نەبێت ، وە با کەس خواردنت نەخوات ئیللا لە خوا ترس نەبێت .

ئەمـەش لـە بـەر ئەوەیـە چـونکە بـرادەر لـە سـەر بیروبـاوەڕ و دیـن و ئـاییني برادەرەکەیەتی ، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ))(٦).

واتە : پیاو لە سەر دین و ئاییني برادەرەکەیەتی ، جا با یەکێك لە ئێوە سەیر بکات و بڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت برادەریەتی کێ دەکات .

### ٣ ـ دەبێت ئەو برایانە ئیسلام بکەن بە ڕێباز و پرۆگرامی ژیانیان :

وە ئەمەش نایەتە دی ئیللا بەوە نەبێت کە ئەو برادەرانە بـەڵێن بـە یـەکتر بدەن کەوا شەریعەتەکەی خوا پەیڕەو بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای ڕێبازە ڕوونەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کاتێکدا .

(٥) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٣٩٥) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٣٢).

(٦) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٣٧٨) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٣٣).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژەی بۆ ئەم مەرجە زۆر گرنگەی برایەتی کردووە لەو فەرمووودەیەدا کە تێیدا فەرموویەتی : ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ ... [وذكر منهم] : وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ))(٧).

واتە : یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەی کە لە ڕۆژی دوایدا خوا دەیان خاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە... دوو پیاون کە لە بەر خاتری خوا یەکتریان خۆش دەوێت و لە سەر ئەوە کۆ دەبنەوە و لە سەریشی جیا دەبنەوە .

مەبەست ئەوەیە : ئەو دوو برایە لە کاتی بە یەکتر گەیشتندا پەیمان بە یەکتر دەدەن کە پەیوەست بن بە شەریعەتەکەی خواوە و بە هەمان شێوازیش لە کاتی جیا بوونەوەیاندا پەیمان دەدەن کە کردەوە بە قورئان و سوننەت بکەن .

بۆیە صەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر دوانیان بە یەکتر بگەیشتایەن جیا نەدەبوونەوە هەتا یەکێکیان سورەتی (العصر)ی بە سەر ئەوی تریاندا نەخوێندایەتەوە ، ئەنجا سەلامیان لە یەکتر دەکرد و پاشان لە یەکتر جیا دەبوونەوە .

---

(٧) صحيح البخاري رقم : (٦٦٠) و (١٤٢٣) و (٦٤٧٩) و (٦٨٠٨) ، وصحيح مسلم رقم : (١٠٣١).

قال الحافظ في شرح هذا الحديث : (وَالْمُرَاد أَنَّهُمَا دَامَا عَلَى الْمَحَبَّة الدِّينِيَّة وَلَمْ يَقْطَعَاهَا بِعَارِضٍ دُنْيَوِيٍّ سَوَاء اِجْتَمَعَا حَقِيقَةً أَمْ لَا حَتَّى فَرَّقَ بَيْنَهُمَا الْمَوْت) الفتح : (٢ / ١٨٩) .

((كَانَ الرَّجُلانِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) إِذَا الْتَقَيَا لَمْ يَفْتَرِقَا حَتَّى يَقْرَأَ أَحَدُهُمَا عَلَى الآخَرِ : ﴿وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ ...﴾ ، ثُمَّ يُسَلِّمَ أَحَدُهُمَا عَلَى الآخَرِ))[8].

---

[8] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٤٨).

قلتُ : وفي هذا الأثر السلفي الصحيح بيانٌ لسُنَّتين مهجورتين كغيرهما من السُنَنِ المهجورة في هذا الزمان التي ذَكَّرَنا بها ودلَّنا عليها ونادى بإحيائها ودعا إلى العمل بها مُحيي السُنَّن في عصرهِ ومُجَدِدُ الدين في قرنهِ خاتمة المحدثين : العلَّامَّةُ المُحَدِّث الفقيهُ الإمامُ الشيخ : (**مُحَمَّد ناصر الدين الألباني رحمهُ الله**) حيث قال في ((السلسلة الصحيحة)) (٦ / ٣٠٨ ـ ٣٠٩) بعد تخريجه لهذا الأثر :

(وفي هذا الحديث **فائدتان** مما جرى عليه سلفنا (رضي الله عنهم) جميعاً :

**إحداهما** : التسليمُ عند الافتراق ، وقد جاء النصُّ بذلك صريحاً من قوله (ﷺ) :

((إذا انتهى أحدكم إلى المجلس فليُسَلِّمْ ، وإذا أراد أنْ يقوم فليُسَلِّمْ فليست الأولى بأحق من الآخرة)) وهو حديث صحيحٌ مخرّجٌ في المجلد الأول من هذه ((السلسلة)) برقم : (١٨٣) ، وهو في ((صحيح الأدب المفرد)) برقم : (٧٧٣ / ٩٨٦) وقد صدر حديثاً ، وفي ((صحيح زوائد ابن حبان)) (... / ١٩٣١) وهو تحت الطبع ، وفي معناهُ الأحاديث الآمرة بإفشاء السلام ، وقد تقدّم بعضها برقم : (١٨٤ و ٥٦٩ و ١٤٩٣) .

**والأخرى** : نستفيدها من التزام الصحابة لها ، وهي قراءة (سورة العصر) لأنَّنا نعتقد أنَّهم أبعدُ الناس عن أنْ يُحدثوا في الدين عبادة يتقرَّبون بِها إلى الله ، إلاَّ أنْ يكون ذلك بتوقيفٍ من رسول الله (ﷺ) قولاً أو فعلاً أو تقريراً ، ولِمَ لا ، وقد أثنى الله تبارك وتعالى عليهم أحسن الثناء فقال : ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ۝١٠٠﴾ [انظر ((إعلام الموقعين)) لابن القيم : (٤ / ١٥٩) لتتبين معنى الاتباع ، وأنَّهُ واجب].

وقال ابن مسعود والحسن البصري : ((من كان منكم مُتأسياً فليتأسَّ بأصحاب محمد (ﷺ) فإنهم كانوا أبرَّ هذه الأمة قُلوباً ، وأعمقُها علماً ، وأقلّها تكلّفاً ، وأقومها هَدياً ، وأحسنُها حالاً ، قوم

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت : ئەو دوو صەحابی‌یە بەڕێزە بەڵێنیان بە یەکتر دەدا کە لە سەر ڕێبازی ئیسلام بڕۆن ، وە پەیمانیان دەدا کەوا لە سەر ئیمان و کردەوەی چاکە و بانگەواز کردن و ئارام گرتن لە سەر حەق و ڕێگای ڕاست [٩] بڕۆن .

## ٤ ـ دەبێت ئەو برایەتی‌یە ڕاوەستاو بێت لە سەر ئامۆژگاری کردنی یەکتر بە چاکە :

وە ئەمەش نایەتە دی ئیللا بەوە نەبێت کە هەر یەکێك لەو برادەرانە ببێت بە ئاوێنە بۆ براکەی تری ، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان کردەوەیەکی چاك و ڕەوشتێکی جوانی لەوی تردا بینی ئەوا هانی بدات و داوای ئەنجام دانی زیاتری لێ بکات ، وە ئەگەر کەم و کوڕییەك یان هەڵەیەکی لێ بینی ئەوا بە نهێنی

---

اختارهم الله لصُحبةِ نبيه (ﷺ) وإقامةِ دينه ، فاعرفوا لهم فضلَهم ، واتبعوهم في آثارهم ، فإنهم كانوا على الهدى المستقيم)) [أخرجهُ ابن عبد البر في ((جامع بيان العلم)) : (٢ / ٩٧) بإسنادين عنه ، وعزاهُ ابن القيم (٤ / ١٧٩) للإمام أحمد ـ ولعلهُ في ((الزهد)) ـ عن ابن مسعود. انظر : ((المشكاة)) رقم : (١٩٣) ]. قلتُ : وفي النية جمع ما أحياها الشيخ العلاَّمة محمد ناصر الدين الألباني رحمهُ الله من السنن المهجورة في رسالة مستقلة يسرَّ الله إتمامها .

[٩] کەواتە : دەبێت برایەتی ئێمەش بنیات بنرێت لە سەر بناغە و بنچینەی ئیسلام و حەق و ڕاستی نەك لە سەر بناغە و بنچینەی حزبایەتی کە بووەتە مایەی پارچە پارچە بوونی موسڵمانان و تەسك کردنەوەی چەمکی برایەتی لە چوار چێوەی لایەنگیری و دەمارگیری بۆ حزب و گرووپ و کۆمەڵ گەرێتی !

ئەمەش خۆی بۆ خۆی یەکێکە لە زیان و زەرەر و شوێنەوارە خراپەکانی حزبایەتی ! ! !

ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکات و هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە و دەبێتە پاڵ پشت و هاندەرێك بۆ وازهێنانـی لەو هەڵەیە و گەڕانەوەی بۆ سەر ڕێگای ڕاست .

وە ئەمەش هاوکاریەکی زۆر گەورەیە بۆ خـۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشتە جـوان و بەرزەکان و واز هێنان لە ڕەوشت و کردارە گەندەڵ و بۆگەنەکان ، وە هەوڵێکیشە بۆ دروست کردن و بنیات نانی کەسایەتیەکی برایانەی ڕاوەسـتاو لـە سـەر ئـاینی ئیسلام و پێوەری شەریعەت .

بۆیـە دەبیـنـین پێغەمبـەری خۆشەویسـتمان (ﷺ) پـەیمان و بەیعـەتی لـە هاوەڵانی وەردەگرت لە سەر ئامۆژگاری کردنی یەکتر بە چاکە ، بۆ ئەوەی لـە نـاو کۆمەڵگادا ببـن بە بانگەواز کاری حەق و ڕێپیشاندەری خێر .

عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيّ (رضي الله عنه) قَالَ : ((بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى إِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، **وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ**))[١٠].

واتە : پەیمان و بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لـە سـەر نوێـژ کـردن و زەکات دان و ئامۆژگاری کردن بۆ هەموو موسڵمانێك .

نـەك هـەر ئەوەنـدە بـەڵکو دەبیـنین پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دیـن و ئـایین کـۆ دەکاتەوە لە ئامۆژگاریدا :

---

[١٠] صحيح البخاري رقم : (٥٧) وصحيح مسلم رقم : (٥٧) .

عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ : ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، قُلْنَا لِمَنْ ؟ قَالَ : لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))[١١].

## ٥ ـ دەبێت ئەو برایەتـیـیە بنیات نرابێت لە سەر هاوکاری کردنی یەکتر لـە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا :

وە ئەمەش نایەتە دی ئیللا بەوە نەبێت کە موسڵمان بەشداری خۆشییەکانی برای موسڵمانی خۆی بکات و دڵ گران و ناڕەحەتیش ببێت بە دڵ گرانی و ناڕەحەتی براکانی .

هاوکاری یەکتر کردن لە نێوان موسڵماناندا بە گشتی ئەرکێکی شەرعی خوایە و دەبێت موسڵمانان بە دەم یەکترەوە بن لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ .

واتە : هاوکاری یەکتر بکەن لە سەر چاکە و لە خوا ترسان .

وە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێت : ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)) [١٢].

---

[١١] صحيح مسلم رقم : (٥٥) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٢٦) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٤٩٤٤).

[١٢] صحيح مسلم رقم : (٢٥٨٦).

**واتـــە : نموونـــەی ئیمانـــداران لـــە دۆســـتایەتی و بـــە بـــەزەیی بـــوون و خۆشەویستیان بۆ یەکتر وەك نموونەی لاشەیەك وایـە ، ئەگـەر ئەنـدامێکی ئـێش و ئـازاری هـەبێت ئـەوا هـەموو ئـەو لاشـەیە لـە پێناویـدا بـێ خـەو دەبێـت و تـــــا دەیگرێت .**

**وە هـــەروەها پێغەمبـــەر (ﷺ) دەفـــەرموێت :** ((الْمُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضَاً ، وَشَبَّكَ بَيْنَ أَصَابِعِهِ)) [١٣].

**واتە : ئیماندار بۆ ئیماندار وەك خانو وایە هەنـدێکی هەنـدێکی تـری تونـد و قایم دەکات ، وە پێغەمبەر (ﷺ) پەنجەکانی هەردوو دەستی کرد بە یەکدا .**

**وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفـەرموێت :** ((الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ ، **وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِه** ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) [١٤].

**واتە : موسڵمان برای موسڵمانە ، ستەمی لـێ ناکات و نایفـەوتێنێت و نایـدات بە دەستی دوژمنەوە ، وە هەر کەسێك کـار بـۆ بـە جـێهێنـانی پێویسـتی برایـەکی**

---

[١٣] صحيح البخاري رقم : (٤٨١) وصحيح مسلم رقم : (٢٥٨٥).

[١٤] صحيح البخاري رقم : (٢٤٤٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٥٨٠) ، وعند مسلم رقم : (٢٦٩٩) من حديث أبي هريرة : ((وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)) **واتـە : خـوا لـە هاوکـاری بەنـدەی دایـە تـا ئـەو کاتەی بەندە لە هاوکاری براکەیدا بێت .**

بکات ئەوا خوا کار بۆ بە جێهێنانی پێویستی دەکات ، وە هەر کەسێك ناڕەحەتیەك لە سەر موسڵمانێك لا بەرێت و لە تەنگانەیەك دەری بکات ئەوا خوا یەکێك لە ناڕەحەتی و تەنگانەکانی ڕۆژی قیامەتی لە سەر لادەبات ، وە هەرکەسێك کەم و کوڕی و عەیبی موسڵمانێك داپۆشێت ئەوا خوا عەیبەکانی دادەپۆشێت لە ڕۆژی قیامەتدا .

## بەروبووم و پاداشتی گەورەی برایەتی نێوان موسڵمانان

ئەگەر موسڵمانان بە ڕاستی و بە کردەوە ئەم نیعمەتە هەرە گەورەیەی خوای پەروەردگار کە خستویەتی‌یە ناو دڵی بەندە دەروون پاك و دۆستە لە خوا ترسەکانیەوە پەیڕەو بکەن لە جێی خۆیدا و برایەتی نێوانیان لە سەر بنەما شەرعی‌یەکان بێت و ڕێگاکانی بتەو کردنی هەستی برایەتی بگرنە بەر و مافەکانی برایەتی بەجێبێنن وەك چۆن لە قورئانی پیرۆز و سوننەتە صەحیحەکانی

پێغەمبەردا (ﷺ) ڕوون کراونەتەوە و سەلەفی صاڵحیش کردار و ڕەفتاریان پێ کردوون : ئەوا دەبن بە خۆشەویستی یەکتر لە بەر خوا ، وە ئەم خۆشەویستی‌یەی نێوانیان چەندین پاداشتی گەورەیان دەست دەخات و تام و چێژی بەرووبوومی ئەو برایەتی‌یەیان دەکەن لە دونیا و دوا ڕۆژدا ، وەك لەم فەرموودانەی خوارەوە ڕوون کراونەتەوە :

## ١ ـ خۆشەویستی لە بەر خوا ڕێگایە بۆ بەدەست هێنانی پلە و پایەیەك کە پێغەمبەران و شەهیدانیش خۆزگەی پێ دەخوازن :

عن عمر بن الخطاب (رضي الله عنه) قال : قال النبي (ﷺ) : ((إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ لأُنَاسَاً مَا هُمْ بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِمَكَانِهِمْ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى .

قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ تُخْبِرُنَا مَنْ هُمْ ؟ [وفي رواية : لَعَلَّنَا نُحِبُّهُمْ] .

قَالَ : هُمْ قَوْمٌ تَحَابُّوا بِرُوحِ اللَّهِ [وفي رواية : بِنُورِ اللَّهِ] عَلَى غَيْرِ أَرْحَامٍ [وفي رواية : مِنْ غَيْرِ أَرْحَامٍ وَلَا أَنْسَابٍ] بَيْنَهُمْ وَلَا أَمْوَالٍ يَتَعَاطَوْنَهَا ، فَوَاللَّهِ إِنَّ وُجُوهَهُمْ لَنُورٌ ، وَإِنَّهُمْ عَلَى

[مَنَابِرَ مِنْ] نُورٍ ، لاَ يَخَافُونَ إِذَا خَافَ النَّاسُ وَلاَ يَحْزَنُونَ إِذَا حَزِنَ النَّاسُ ، ثُمَّ قَرَأَ هذه الآية : ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾ [يونس] ))[١٥].

واتە : لە ناو بەندەکانی خوادا خەڵکانێك هەن نە لە پێغەمبەرانن و نە لە شەهیدانیشن ، **پێغەمبەران و شەهیدانیش خۆزگەیان پێ دەخوازن** لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەر ئەو پلەوپایە بەرزەی هەیانە لای خوا .

صەحابەکان ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا هەواڵمان نادەیتێ ئەوانە کێن [بەڵکو خۆشیانمان بوێت] ؟

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئەوانە خەڵکانێکن یەکتریان خۆشدەوێت بە هۆی قورئان و بەرنامەکەی خواوە بە بێ ئەوەی خزمایەتیان لە نێواندا هەبێت نە لە سەری دایکەوە و نە لە سەری باوکیشەوە و نە لە بەر پارە و ماڵێکیش کە بە یەکتری ببەخشن .

سوێند بە خوا ئەوانە ڕوومەتیان ڕووناکە و پرشنگدارە و دەدرەوشێتەوە و لە سەر مینبەری نور و درەوشاوە دەبن لە ناو گۆڕەپانی مەحشەردا ، وە ئەوانە ترسیان نییە لە کاتێکدا کە خەڵك دەترسێت و خەم و خەفەتیشیان نییە لە

---

[١٥] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٥٢٧) ، وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠٢٦) ، والزيادات التي بين المعكوفتين [ ] من حديث أبي هريرة (رضي الله عنه) منقول من ((صحيح الترغيب والترهيب)) رقم : (٣٠٢٣).

**کاتێکدا کە خەڵك خەم و خەفەتیان هەیە ، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە :** ﴿أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾ .

**واتە : دۆستانی خوا و پیاو چاکان نە ترسیان لە سەرە و نە خەم و خەفەتیشیان هەیە .**

وَعَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) قَالَ : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ اسْمَعُوا وَاعْقِلُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عِبَادَاً لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنَ اللَّهِ .

فَجَثا رَجُلٌ مِنَ الأَعْرَابِ مِنْ قَاصِيَةِ النَّاسِ وَأَلْوَى بِيَدِهِ إِلَى النَبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ نَاسٌ مِنَ النَّاسِ لَيْسُوا بِأَنْبِيَاءَ وَلَا شُهَدَاءَ يَغْبِطُهُمُ الأَنْبِيَاءُ وَالشُّهَدَاءُ عَلَى مَجَالِسِهِمْ وَقُرْبِهِمْ مِنَ اللَّهِ انْعَتْهُمْ لَنَا – يَعْنِي صِفْهُمْ لَنَا – .

فَسُرَّ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِسُؤَالِ الأَعْرَابِيِّ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : هُمْ نَاسٌ مِنْ أَفْنَاءِ النَّاسِ وَنَوَازِعِ الْقَبَائِلِ لَمْ تَصِلْ بَيْنَهُمْ أَرْحَامٌ مُتَقَارِبَةٌ تَحَابُّوا فِي اللَّهِ وَتَصَافَوْا ، يَضَعُ اللَّهُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ فَيُجْلِسُهُمْ عَلَيْهَا فَيَجْعَلُ وُجُوهَهُمْ نُوراً وَثِيَابَهُمْ نُوراً ، يَفْزَعُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يَفْزَعُونَ ، وَهُمْ أَوْلِيَاءُ اللَّهِ الَّذِينَ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ))[١٦].

---

[١٦] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠٢٧) .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەی خەڵکینە گوێبگرن و تێبگەن و فێر ببن : خوای گەورە و پایە بەرز هەندێك بەندەی هەیە نە لە پێغەمبەرانن و نە لە شەهیدانیشن ، پێغەمبەران و شەهیدانیش خۆزگەیان پێ دەخوازن لە ڕۆژی قیامەتدا لە بەر ئەو پلەوپایە بەرز و نزیكیيەی هەیانە لای خوا .

پیاوێكی دەشتەكی لەو پەڕی خەڵكەكەوە لە سەر هەردوو چۆكی دانیشت و بە دەستی ئاماژەی كرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەسانێك لە ناو خەڵكدا نە لە پێغەمبەرانن و نە لە شەهیدانیشن ، پێغەمبەران و شەهیدانیش خۆزگەیان پێ دەخوازن لە بەر ئەو پلەوپایە بەرزەی و نزیكیيەی هەیانە لای خوا ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفیان كە بۆمان شێوەیان ڕوون كەرەوە بۆمان ؟!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خۆشیدا ڕوومەتی گەشایەوە بە پرسیاری ئەم پیاوە دەشتەكیيە و فەرمووی : ئەوانە كەسانێكن لە پەڕی خەڵكەوە و هەڵچنراوی ناو تیرە و عەشیرەتەكانن ، هیچ پەیوەندیەكی خزمایەتی نزیك پەیوەستی نەكردوون بە یەكەوە ، **یەكتریان خۆشدەوێت لە بەر خوا و دڵیان دەر حەق بە یەكتر پاكە** .

خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا مینبەر و کۆشکی نور و درەوشاوەیان بۆ دادەنێت و لە سەری دایاندەنیشێنت و خوا ڕوومەتیان پرشنگدار و نورانی و درەوشاوە دەکات و جل و بەرگیشیان لە نورە و درەوشاوەیە .

خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا دەترسن بەڵام ئەوان ناترسن ، ئەوانە دۆست و خۆشەویستی خوان و نە ترسیان لە سەرە و نە خەم و خەفەتیشیان هەیە .

## ٢ ـ خۆشەویستی لە بەر خوا ڕێگایە بۆ ڕزگار بوون لە نارەحەتیەکانی گۆڕەپانی مەحشەر و ڕۆژی قیامەت :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ ... [وذكر منهم] : وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ))[١٧].

واتە : یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەی کە لە ڕۆژی دوایدا خوا **دەیان خاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە** : ... دوو پیاون کە لە بەر خاتری خوا یەکتریان خۆشدەوێت و لە سەر ئەوە کۆ دەبنەوە و لە سەریشی جیا دەبنەوە بە مردن .

مەبەست ئەوەیە : خۆشەویستی نێوان دوو برای موسڵمان لە بەر خوا هۆکارە بۆ بە دەست هێنانی بەختەوەری و ئارامی و ڕزگار بوون لە نارەحەتیەکانی گۆڕەپانی مەحشەر و ڕۆژی قیامەت .

---

(١٧) صحيح البخاري رقم : (٦٦٠) وصحيح مسلم رقم : (١٠٣١) .

٣ ـ خۆشەویستی لە بەر خوا ڕێگایە بۆ بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوا :

عَنْ أَبِي إِدْرِيسَ الْخَوْلانِيّ أَنَّهُ قَالَ : دَخَلْتُ مَسْجِدَ دِمَشْقَ فَإِذَا أَنَا بِفَتًى بَرَّاقِ الثَّنَايَا [أي : كثير التبسم] ، طَوِيلِ الصَّمْتِ ، وَإِذَا النَّاسُ مَعَهُ ، إِذَا اخْتَلَفُوا فِي شَيْءٍ أَسْنَدُوهُ إِلَيْهِ ، وَصَدَرُوا مِنْ رَأْيِهِ [أي : يأخذون منه كل ما حكم به ويقبلون حكمه وقوله ] .

فَسَأَلْتُ عَنْهُ ، فَقِيلَ : هَذَا مُعَاذُ بن جَبَلٍ .

فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدُ هَجَّرْتُ ، فَوَجَدْتُهُ قَدْ سَبَقَنِي بِالتَّهْجِيرِ ، وَوَجَدْتُهُ يُصَلِّي ، فَانْتَظَرْتُهُ حَتَّى قَضَى صَلاتَهُ ، ثُمَّ جِئْتُهُ مِنْ قِبَلِ وَجْهِهِ فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ ، ثُمَّ قُلْتُ لَهُ : وَاللَّهِ إِنِّي لأُحِبُّكَ لِلَّهِ .

فَقَالَ: آللَّهِ ؟ فَقُلْتُ : آللَّهِ ، فَقَالَ : آللَّهِ ؟ فَقُلْتُ : آللَّهِ ، فَقَالَ: آللَّهِ ؟ فَقُلْتُ : آللَّهِ .

قَالَ : فَأَخَذَ بِحُبْوَةِ رِدَائِي فَجَذَبَنِي إِلَيْهِ ، وَقَالَ : أَبْشِرْ ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى : **وَجَبَتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ** ، وَالْمُتَجَالِسِينَ فِيَّ ، وَالْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ))[18].

**واتە : ڕۆیشتمە ناو مزگەوتی (دیمەشق)ەوە لەو کاتەدا لاوێکم بینی**

---

[18] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠١٨) و (٢٥٨١) ، وصحيح الجامع الصغير رقم : (٤٣٣١) وزاد فيه : ((وَالْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ)) ، **واتە : ئەوانەی کە لە بەر من سەردانی یەکتر دەکەن .**

دەم بە خەندە و پێکەنین بوو ، لە هەمان کاتدا خەڵکانێکم لە گەڵیدا بینی ئەگەر لە شتێکدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەبوایە ئەوا دەگەڕانەوە لای ئەو و پشتیان بەو دەبەست و لە بڕیار و قسەشی دەر نەدەچوون .

منیش پرسیارم کرد دەربارەی ، ووترا: ئەمە (معاذ بن جبل)ـە .

پاشان بۆ سبەینێ زوو ڕۆیشتم بۆ مزگەوت ، بینیم (مُعاذ) پێش من زووتر ڕۆیشتبوو بۆ مزگەوت و بینیم نوێژی دەکرد ، چاوەڕوانیم کرد هەتا نوێژەکەی تەواو کرد ، ئەنجا ڕوو بە ڕووی ڕۆیشتم بۆ لای و سەلامم لێ کرد و ئەنجا پێیم ووت : سوێند بە خوا من تۆم خۆشدەوێت لە بەر خوا .

ئەویش ووتی : ئایا لە بەر خوا منت خۆشدەوێت ؟ ووتم : بەڵێ لە بەر خوا ، ووتی : لە بەر خوا ؟ ووتم : لە بەر خوا ، ووتی : لە بەر خوا ؟ ووتم : لە بەر خوا .

ئەنجا کردی بە ناوەڕاستی کراسەکەمدا و ڕامیکێشا بۆ لای خۆی و ووتی : مژدەت لێ بێت چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیفەرموو : خوای گەورە و پایە بەرز [لە فەرموودەیەکی قودسیدا] فەرموویەتی : **خۆشەویستی خۆمم جێگیر کردووە** بۆ ئەمانە :

**للمُتحابين فيَّ** : **ئەوانەی کە لە بەر من یەکتریان خۆشدەوێت** .

وللمُتجالسين فيَّ : ئەوانـەی کـە لـە بـەر مـن لـە گـەڵ یـەکتردا دادەنیشـن و مەجلیس دەگێڕن .

وللمُتباذلين فيَّ : ئەوانەی کە لە بەر من شـت بە یەکتر دەبەخشن .

وَعَـنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ) عَـنِ النَّبِـيِّ (ﷺ) قَـالَ : ((أَنَّ رَجُـلاً زَارَ أَخَـاً لَـهُ فِي قَرْيَـةٍ أُخْـرَى ، فَأَرْصَدَ اللَّهُ لَهُ عَلَى مَدْرَجَتِهِ مَلَكَاً فَلَمَّا أَتَى عَلَيْهِ قَالَ : أَيْنَ تُرِيدُ ؟

قَالَ : أُرِيدُ أَخَاً لِي فِي هَذِهِ الْقَرْيَةِ .

قَالَ : هَلْ لَكَ عَلَيْهِ مِنْ نِعْمَةٍ تَرُبُّهَا ؟

قَالَ : لاَ ، غَيْرَ أَنِّي أَحْبَبْتُهُ فِي اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ .

قَالَ : فَإِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَبَّكَ كَمَا أَحْبَبْتَهُ فِيهِ))[١٩].

واتە : پیاوێك سەردانی برادەرێکی خۆی کرد لە گوندێکدا ، جا خوای گـەورە فریشتەیەکی نارد بۆ سـەر ڕێگاکـەی و کاتێـك هـات بـۆ لای پـێی ووت : بـۆ کـوێ دەچیت ؟

ئەویش ووتی : بۆ لای برادەرێکم دەچم لەم گوندەدا .

---

[١٩] صحيح مسلم رقم : (٢٥٦٧) .

فریشتەکە ووتی : ئایا هیچ مافێکی دنیاییت بە سەریەوە هەیە لێی وەرگریتەوە یان هیچ بەرژەوەندیەکت هەیە لە گەڵیدا پێی هەڵبسیت ؟

ئەویش ووتی : نەخێر ، تەنها ئەوە نەبێت کە من لە بەر خوا خۆشم دەوێت .

فریشتەکەش ووتی : جا من نێردراوی خوام بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی ئاگادارت بکەمەوە کەوا **خواش تۆی خۆش دەوێت** وەك چۆن تۆ ئەوت خۆش دەوێت لە بەر خاتری خوا .

### ٤ ـ خۆشەویستی لە بەر خوا ڕێگایە بۆ هەست کردن بە تام و چێژی ئیمان و باوەڕ :

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الإِيمَانِ : أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا ، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ))[٢٠].

واتە : سێ خەسڵەت و کردار هەیە لە هەر کەسێکدا هەبێت ئەوا تام و چێژی شیرینی ئیمانی کردووە :

---

[٢٠] صحيح البخاري رقم : (١٦) و (٢١) و (٦٠٤١) ، وصحيح مسلم رقم : (٤٣).

- دەبێت خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە لا خۆشەویست تر بێت لە هەموو کەسێك جگە لەوان .

- وە دەبێت ئەو کەسەی کە خۆشیدەوێت خۆشینەوێت تەنها لە بەر خوا نەبێت .

- وە دەبێت پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە ناو کوفر و بێباوەڕی وەك چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە .

## چەند ڕێگایەك بۆ بتەو کردنی هەستی برایەتی نێوان موسڵمانان

ئایینی پیرۆزی ئیسلام چەند ڕێگایەکی داناوە بۆ زیاتر بتەو کردنی هەستی برایەتی نێوان موسڵمانان و توند و تۆڵ کردنی گرێی خۆشەویستی نێوانیان ، لە کاتێکدا ئەگەر موسڵمانان ئەم ڕێگایانە بگرنەبەر و پەیڕەوی بکەن ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی و برایەتی نێوانیان زیاد دەکات :

**١ - ئەگەر کەسێك برایەکی موسڵمانی خۆشویست ئەوا با ئاگاداری بکاتەوە کە ئەو خۆشی دەوێت :**

عَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِيكَرِبَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أَخَاهُ فَلْيُخْبِرْهُ أَنَّهُ يُحِبُّهُ)) [٢١].

**واتە : ئەگەر پیاوێك برایەکی خۆشویست ئەوا با ئاگاداری بکاتەوە کە ئەو خۆشی دەوێت .**

وَعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ): ((أَنَّ رَجُلاً كَانَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَمَرَّ بِهِ رَجُلٌ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي لأُحِبُّ هَذَا .

فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) : أَعْلَمْتَهُ ؟

قَالَ : لاَ ، قَالَ : أَعْلِمْهُ ، قَالَ : فَلَحِقَهُ فَقَالَ : إِنِّي أُحِبُّكَ فِي اللَّهِ .

فَقَالَ : أَحَبَّكَ الَّذِي أَحْبَبْتَنِي لَهُ)) [٢٢].

**واتە : پیاوێك لە لای پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبوو ، وە پیاوێکی تر دای بە لایدا ، پیاوی یەکەم ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئەم پیاوەم خۆش دەوێت .**

---

[٢١] صحيح سنن أبي داود رقم : (٥١٢٤).

[٢٢] صحيح سنن أبي داود رقم : (٥١٢٥).

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئایا ئاگادارت کردووەتەوە ؟

پیاوەکەش ووتی : نەخێر ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئاگاداری بکەرەوە ، ئەویش ڕۆیشت بە دوایدا و پێی گەیشت و ووتی : من تۆم خۆشدەوێت لە بەر خوا .

ئەویش ووتی : خوا خۆشتی بوێت کە منت لە پێناویدا خۆشدەوێت .

## ٢ ـ با لە کاتی بە یەکتر گەیشتندا لێو بە خەندە و ڕوومەت کراوە بێت :

چونکە پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) دەفەرموێت : ((لاَ تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئاً وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ))[٢٣].

واتە : هیچ کردەوەیەکی چاکە بە کەم و سوک مەزانە ، تەنانەت گەیشتنیشت بە برایەکت بە ڕوومەتێکی کراوەوە .

وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((كُلُّ مَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ ، وَإِنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ ، وَأَنْ تُفْرِغَ مِنْ دَلْوِكَ فِي إِنَاءِ أَخِيكَ))[٢٤].

---

[٢٣] صحيح مسلم رقم : (٢٦٢٦).

[٢٤] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٧٠).

**واتە : هەموو چاکەیەك صەدەقە و خێرە ، وە هەندێك لە چاکە ئەوەیە : گەیشتنت بە برایەکت بە ڕوومەتێکی کراوەوە ، وە لە سەتڵەکەت ئاو بکەیتە ناو قاپ و مەنجەڵی براکەت ـ واتە : هاوکاری بکەیت لە ئاو پێ بەخشیندا ـ .**

قال المباركفوري : (قَوْلُهُ : ((فَلْيَلْقَ أَخَاهُ بِوَجْهٍ طَلْقٍ)) ضِدُّ الْعَبُوسِ ، وَهُوَ الَّذِي فِيهِ الْبَشَاشَةُ وَالسُّرُورُ ، فَإِنَّهُ يَصِلُ إِلَى قَلْبِهِ سُرُورٌ ، وَلَا شَكَّ أَنَّ إِيصَالَ السُّرُورِ إِلَى قَلْبِ مُسْلِمٍ حَسَنَةٌ)(٢٥).

**واتە : "گەیشتنت بە برایەکت بە ڕوومەتێکی کراوەوە" دژی ڕوو گرژییە ، ئەوەش ئەوەیە کە ڕوومەت کراوە و ڕوو خۆش بێت ، وە بەمەش خۆشی دەگەیەنێتە دڵی برادەرەکەتەوە ، وە بێگومان گەیاندنی خۆشی بە دڵی موسڵمانیش چاکەیە .**

وَعَنْ أَبِي ذَرٍّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ لَكَ صَدَقَةٌ))(٢٦).

**واتە : ڕوو کراوەی و لێو بە خەندە بوونت لە ڕوومەتی برایەکتدا صەدەقە و چاکەیە بۆت .**

---

(٢٥) تحفة الأحوذي بشرح سنن الترمذي : (٥ / ٥٧٥).

(٢٦) صحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٥٦) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٥٧٢).

بۆیــە دەبیــنین ئەمــە یــەكێك بــووە لــە ڕەوشــتە بەرزەكانـــی پێغەمبــەری خۆشەویستمان (ﷺ) وەك صەحابە بەڕێزەكانی بۆمان دەگێڕنەوە (رضي الله عنهم).

وَعَنْ جَرِيرٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((مَا حَجَبَنِي النَّبِيُّ (ﷺ) مُنْذُ أَسْلَمْتُ ، وَلاَ رَآنِي إِلَّا تَبَسَّمَ فِي وَجْهِي)) .

وفي روايةٍ : ((إِلَّا ضَحِكَ)) [٢٧].

**واتە : هیچ كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێنەكردووم بچمە ژوورەوە بۆ لای ، وە هەروەها هەر كاتێك منـی بینیوە ئیللا پێكەنیوە و لێـو بـە خەنـدە بـووە لـە ڕوومەتمدا .**

## ٣ - سەردان و دیاری بۆ بردن و پیرۆز بایی لێكردن لە بۆنە شەرعیەكاندا :

### أ / سەردان كردن :

---

[٢٧] صحيح البخاري رقم : (٣٠٣٥) و (٣٨٢٢) و (٦٠٨٩) ، وصحيح مسلم رقم : (٢٤٧٥) .

فائدة : قال الحافظ : (قَوْلُهُ : ((مَا حَجَبَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ)) أَيْ مَا مَنَعَنِي مِنْ الدُّخُول إِلَيْهِ إِذَا كَانَ فِي بَيْته **فَاسْتَأْذَنْت عَلَيْهِ**) فتح الباري : (٧ / ١٧٧).

**واتە : هیچ كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێنەكردووم بچمە ژوورەوە بۆ لای لە كاتێكدا كە لە ماڵدا ببوایەت ئەگەر پرسی ڕۆیشتنە ژوورەوەم بكرادایەت لێی .**

**له پێشەوه باسی ئەو فەرموودەیەمان كرد كه پیاوێك سەردانی برادەرێكی خۆی كرد لە بەر خوا و ئەم جۆرە سەردانەشی بوو بە هۆكاری ئەوەی خۆشەویستی خوا بۆ خۆی بە دەست بێنێت .**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ عَادَ مَرِيضاً أَوْ زَارَ أَخاً لَهُ فِي اللَّهِ ، نَادَاهُ مُنَادٍ : أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ وَتَبَوَّأْتَ مِنَ الْجَنَّةِ مَنْزِلاً))[٢٨].

**واته : هەر كەسێك سەردانی نەخۆشێك یان سەردانی برادەریەكی بكات لە بەر خاتری خوا ، ئەوا بانگ كارێك بانگی دەكات و دەڵێت : خوا پاكت بكاتەوە و رێگای خێر و چاكەتیش بۆ پاك بكاتەوە و جێگایەكتیش بۆ ئامادە بكات لە بەهەشتدا .**

قال المباركفوري : (قَوْلُهُ : ((مَنْ عَادَ مَرِيضاً)) أَيْ مُحْتَسِباً ، ((أَوْ زَارَ أَخاً لَهُ)) أَيْ فِي الدِّينِ ((فِي اللَّهِ)) أَيْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا لِلدُّنْيَا ، ((مُنَادٍ)) أَيْ مَلَكٌ ((أَنْ طِبْت)) دُعَاءٌ لَهُ بِطِيبِ عَيْشِهِ فِي الدُّنْيَا وَالْأُخْرَى ((وَطَابَ مَمْشَاك)) مَصْدَرٌ أَوْ مَكَانٌ أَوْ زَمَانٌ مُبَالَغَةً ، قَالَ الطِّيبِيُّ : كِنَايَةٌ عَنْ سَيْرِهِ وَسُلُوكِهِ طَرِيقَ الْآخِرَةِ بِالتَّعَرِّي عَنْ رَذَائِلِ الْأَخْلَاقِ وَالتَّحَلِّي بِمَكَارِمِهَا ، ((وَتَبَوَّأْتَ)) أَيْ تَهَيَّأْتَ ((مِنْ الْجَنَّةِ)) أَيْ مِنْ مَنَازِلِهَا الْعَالِيَةِ ((مَنْزِلًا)) أَيْ مَنْزِلَةً عَظِيمَةً وَمَرْتَبَةً جَسِيمَةً بِمَا فَعَلْت ، وَقَالَ الطِّيبِيُّ : دُعَاءٌ لَهُ بِطِيبِ الْعَيْشِ فِي الْأُخْرَى كَمَا أَنَّ طِبْت دُعَاءٌ لَهُ بِطِيبِ الْعَيْشِ فِي الدُّنْيَا)[٢٩].

---

[٢٨] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٠٠٨) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٥٧٨).

[٢٩] تحفة الأحوذي : (٦ / ١٣٧).

وە لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

((حَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَوَاصِلِينَ فِيَّ ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَنَاصِحِينَ فِيَّ ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتِي لِلْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ ...)) [٣٠].

واتە : من خۆشەویستی خۆمم جێگیر کردووە بۆ ئەمانە :

- **الْمُتَحَابِّينَ فِيَّ** : ئەوانەی کە لە بەر من یەکتریان خۆشدەوێت .

- **الْمُتَوَاصِلِينَ فِيَّ** : ئەوانەی کە لە بەر من پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دەگەیەنن .

- **الْمُتَنَاصِحِينَ فِيَّ** : ئەوانەی کە ئامۆژگاری یەکتر دەکەن لە بەر من.

- **الْمُتَزَاوِرِينَ فِيَّ** : ئەوانەی کە لە بەر من سەردانی یەکتر دەکەن .

- **الْمُتَبَاذِلِينَ فِيَّ** : ئەوانەی کە لە بەر من خۆیان و ماڵیان دەبەخشن .

## ب / دیاری بۆ بردن :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((تَهَادُوا تَحَابُّوا)) [٣١].

---

[٣٠] صحيح الجامع الصغير رقم : (٤٣٢١) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٠٢٠).

واته : دیاری بۆ یەکتر ببەن دەبن بە خۆشەویستی یەکتر .

## ج / پیرۆزبایی لێکردن لە بۆنە شەرعیەکاندا :

وە چاك تر وایە ئەو دوعایانە بڵێت کە لە سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە (ﷺ) وەك :

١ - ئەگەر جل و بەرگی نوێ و تازەی لەبەر کرد ، ئەوا پێی بڵێ :

((الْبَسْ جَدِيداً وَعِشْ حَمِيداً وَمُتْ شَهِيداً ، وَيَرْزُقُكَ اللَّهُ قُرَّةَ عَيْنٍ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ)) ، قَالَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) لعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه)[٣٢].

٢ - ئەگەر ژنی هێنا یان شووی کرد ، ئەوا پێی بڵێ :

چونکە ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیرۆزبایی لە موسڵمانێك بکرادایەت لە کاتی ژن هێناندا ئەوا پێی دەووت :

((بَارَكَ اللَّهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ))[٣٣].

خوا بەرەکەت بخاتە ژن هێنانەکەتەوە و بەرەکەتیش برێژێت بە سەر خۆتدا ، بە خێر و خۆشی کۆتان بکاتەوە .

---

[٣١] صحيح الجامع الصغير رقم : (٣٠٠٤).

[٣٢] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٣٥٢) وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٥٥٨) وصحيح الجامع الصغير رقم : (١٢٣٤).

[٣٣] صحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٩١) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٢١٣٠).

٣ ـ ئەگەر منداڵی بوو ، ئەوا پێی بڵێ :

((بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي الْمَوهُوبِ لَكَ ، وَشَكَرْتَ الْوَاهِبَ ، وَبَلَغَ أَشُدَّهُ ، وَرُزِقْتَ بِرَّهُ)) .

واتە : خوا بەرەکەت بڕێژێت بە سەر ئەو منداڵەدا کە پێت بەخشراوە ، وە سوپاسی خوای بەخشندەش بکەیت ، وە منداڵەکەت پێبگات ، وە خوا چاکەی بکات بە نیسیبت .

ئەویش با لە وەڵامدا بڵێت : ((بَارَكَ اللهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ ، وَجَزَاكِ اللَّهُ خَيْراً ، وَرَزَقَكَ اللهُ مِثْلَهُ ، وَأَجْزَلَ ثَوَابَكَ))[٣٤].

خوا بەرەکەت بخاتە نێو ئەو شتانەوە کە هەتە و بەرەکەتیش بڕێژێت بە سەر خۆتدا ، و پاداشتت بە چاکە بداتەوە ، و نموونەی ئەمەت پێ ببەخشێت ، و پاداشتت گەورە و فراوان بکاتەوە .

**هەروەها ئەم سونەتانە چەندین دوعای ترمان بیر دەخاتەوە کە بە هۆی هەندێک حاڵەتەوە موسڵمان بۆ برای موسوڵمانی دەکات و هەمووشیان ڕێگای خێر و چاک و بە سوودن بۆ زیاتر بوونی پەیوەندی برایەتی و خۆشەویستی نێوان موسڵمانان ، لەوانە :**

[٣٤] صحيح الأذكار للنووي لسليم الهلالي : (٢ / ٧١٣).

أ - ئەگەر چاکەیەکی بۆت کرد ئەوا باش وایە تۆش پاداشتی بە چاکە بدەیتەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ٦٠ ﴾ [الرحمن] .

وە سوننەتیش وایە پێی بڵێت : (جَزَاكِ اللَّهُ خَيْراً) .

چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ((مَنْ صُنِعَ إِلَيْهِ مَعْرُوفٌ فَقَالَ لِفَاعِلِهِ : **جَزَاكَ اللَّهُ خَيْراً** ، فَقَدْ أَبْلَغَ فِي الثَّنَاءِ))[٣٥].

واتە : هەر کەسێك چاکەیەکی بۆ کرا و بە ئەنجامدەری ئەو چاکەیە بڵێت : خوا پاداشتی خێرت بداتەوە ، ئەوا ئەو پەڕی ستایشی کردووە .

ب - وە ئەگەر موسڵمانێك خواردنێك یان خواردنەوەیەکی پێ دایت ئەوا بڵێ:

((اللَّهُمَّ أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَنِي وَأَسْقِ مَنْ أَسْقَانِي))[٣٦].

وە ئەگەر میوان بوویت ئەوا ئەم دوعایە بۆ خاوەن خواردنەکە بکە :

((اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ))[٣٧].

ج - وە ئەگەر پشمی و ووتی : ((الْحَمْدُ لِلَّهِ)) .

---

[٣٥] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٠٣٥).

[٣٦] صحيح مسلم رقم : (٢٠٥٥).

[٣٧] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٧٢٩).

ئەوا تۆش پێی بڵێ :

((يَرْحَمُكَ اللَّهُ)) .

ئەنجا ئەویش با بڵێت : ((يَهْدِيكَ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكَ))[٣٨].

واتە : خوا ڕێنماییت بکات و گوزرانت چاك كات .

د - وە کاتێك برایەکت سەفەر دەکات بۆ شوێنێك ئەوا پێی بڵێ :

((أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِينَكَ وَأَمَانَتَكَ وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ))[٣٩].

وە با موسافیرکەش لە وەڵامدا بە تۆ بڵێت :

((أَسْتَوْدِعُكَ اللَّهَ الَّذِي لاَ تَضِيعُ وَدَائِعُهُ))[٤٠].

## ٤ - گرنگیدان بە هاوکاری کردن و بە دەم هاتنەوەی یەکتر لە کاتی تەنگانە و پێویستدا :

(٣٨) صحيح البخاري رقم : (٦٢٢٤) وصحيح الأدب المفرد رقم : (٩٢١) .

(٣٩) صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٤٤٣) وصحيح سنن أبي داود رقم : (٢٦٠٠).

(٤٠) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٨٢٥) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٤) و (١٥) و (١٦).

لە پێشەوە باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ)).

واتە : هەر کەسێك کار بۆ بە جێهێنانی پێویستی برایەکی بکات ئەوا خوا کار بۆ بە جێهێنانی پێویستی دەکات ، وە هەر کەسێك ناڕەحەتیەك لە سەر موسڵمانێك لا بەرێت و لە تەنگانەیەك دەری بکات ئەوا خوا یەکێك لە ناڕەحەتی و تەنگانەکانی ڕۆژی قیامەتی لە سەر لادەبات .

بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەم هاتنەوەی (أبو بكر)ی لە یاد ناچێت کە لە کاتی تەنگانە و پێویستیدا فریای خۆی و هاوەڵە چەوساوە و کەم دەستەکانی کەوتووە وەك دەفەرموێت :

((مَا أَحَدٌ أَعْظَمُ عِنْدِي يَدَاً مِنْ أَبِي بَكْرٍ (رضي الله عنه) وَاسَانِي بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ وأَنْكَحَنِي ابْنَتَهُ))[٤١].

واتە : هیچ کەسێك نیە دەستی یارمەتی لە لام گەورەتر بێت لە (أبو بكر) ، پاراستمی و هاوکاری کردم بە خۆی و پارە وماڵیەوە ، وە کچەکەشی لێ مارە کردووم .

---

[٤١] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٢١٤) ، وأصلهُ في صحيح البخاري برقم : (٣٦٦١).

وَعَنْ مَالِكِ الدَّارِ : ((أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ أَخَذَ أَرْبَعَمِائَةِ دِينَارٍ فَجَعَلَهَا فِي صُرَّةٍ ، فَقَالَ لِلْغُلامِ : اذْهَبْ بِهَا إِلَى أَبِي عُبَيْدَةَ بن الْجَرَّاحِ ، ثُمَّ تَلَهَّ فِي الْبَيْتِ سَاعَةً حَتَّى تَنْظُرَ مَا يَصْنَعُ .

فَذَهَبَ بِهَا الْغُلامُ إِلَيْهِ ، فَقَالَ : يَقُولُ لَكَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ : اجْعَلْ هَذِهِ فِي بَعْضِ حَاجَتِكَ .

فَقَالَ : وَصَلَهُ اللَّهُ وَرَحِمَهُ ، ثُمَّ قَالَ : تَعَالِي يَا جَارِيَةُ اذْهَبِي بِهَذِهِ السَّبْعَةِ إِلَى فُلانٍ ، وَبِهَذِهِ الْخَمْسَةِ إِلَى فُلانٍ ، وَبِهَذِهِ الْخَمْسَةِ إِلَى فُلانٍ ، حَتَّى أَنْفَذَهَا .

فَرَجَعَ الْغُلامُ وَأَخْبَرَهُ ، فَوَجَدَهُ قَدْ أَعَدَّ مِثْلَهَا إِلَى مُعَاذِ بن جَبَلٍ ، فَقَالَ : اذْهَبْ بِهَذَا إِلَى مُعَاذِ بن جَبَلٍ وَتَلَهَّ فِي الْبَيْتِ سَاعَةً حَتَّى تَنْظُرَ مَا يَصْنَعُ .

فَذَهَبَ بِهَا إِلَيْهِ ، فَقَالَ : يَقُولُ لَكَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ : اجْعَلْ هَذَا فِي بَعْضِ حَاجَتِكَ ، فَقَالَ : رَحِمَهُ اللَّهُ وَوَصَلَهُ ، تَعَالِي يَا جَارِيَةُ، اذْهَبِي إِلَى بَيْتِ فُلانٍ بِكَذَا ، وَاذْهَبِي إِلَى بَيْتِ فُلانٍ بِكَذَا ، فَاطَّلَعَتِ امْرَأَةُ مُعَاذٍ فَقَالَتْ : نَحْنُ وَاللَّهِ مَسَاكِينُ فَأَعْطِنَا ، وَلَمْ يَبْقَ فِي الْخِرْقَةِ إِلاَّ دِينَارَانِ ، فَرَمَى بِهِمَا إِلَيْهَا .

وَرَجَعَ الْغُلامُ إِلَى عُمَرَ فَأَخْبَرَهُ فَسُرَّ بِذَلِكَ ، وَقَالَ : **إِنَّهُمْ إِخْوَةٌ بَعْضُهُمْ مِنْ بَعْضٍ**))[٤٢].

واتە : عومەری کوڕی خەطاب (رضي الله عنه) چوارسەد دینار (٤٠٠ مسقاڵ زێڕ)ی هێنا و کردیە ناو کیسەیەکەوە ، ئەنجا ووتی بە خزمەتکارەکەی : ئەم پارەیە ببە بۆ (أبو عبيدة بن الجراح) و ئەنجا لە ماڵیاندا ماوەیەك خۆت خەریك بکە و سەیر بکە بزان چی لێ دەکات .

ئەو خزمەتکارەش پارەکەی برد بۆی و ووتی : کاربەدەستی ئیمانداران پێت دەڵێت : ئەمە لە هەندێك لە پێویستیەکانتدا بە کار بێنە .

ئەویش ووتی : خوا بیگەیەنێت و ڕەحمی لێبکات .

ئەنجا ووتی : وەرە ئەی کەنیزەك ئەم حەوت دینارە ببە بۆ فلان و ئەم پێنجەش بۆ فلان و هەروەها ئەم پێنجەش بۆ فلان هەتا هەمووی تەواو بوو.

پاشان خزمەتکارەکە گەڕایەوە بۆ لای عومەر و هەواڵی ئەم کارەی (أبو عبيدة)ی بۆ بردەوە ، ئەنجا بینی ئەوەندەی تری ئامادە کردووە بۆ (معاذ بن جبل)

---

[٤٢] رواهُ الطبراني في ((المعجم الكبير)) ، وقال الإمام الألباني في ((صحيح الترغيب والترهيب)) رقم : (٩٢٦) : حسنٌ موقوف.

قوله : (( تَلَهَّ )) قال في ((النهاية في غريب الحديث)) : (٤ / ٢٨٣) و((لسان العرب)) : (١٥ / ٢٦٠) : (تشاغلْ) .

و پێی ووت : ئەمەش ببە بۆ (معاذ بن جبل) و ئـەنجا لـە ماڵیانـدا ماوەیـەك خـۆت خەریك بکە و سەیر بکە بزان چـی لێ دەکات .

ئەو خزمەتکارەش پارەکەی برد بۆی و ووتی : کاربەدەستی ئیمانداران پێـت دەڵێت : ئەمە لە هەندێك لە پێویستیەکانتدا بە کار بێنە .

ئەویش ووتی : خوا ڕەحمی لێبکات و بیگەیەنێت ، ئەنجا ووتـی : وەرە ئـەی کەنیزەك ئەوەندە پارە ببە بۆ ماڵی فلان و ئەوەندە پارە ببە بۆ ماڵی فلان .

لەو کاتەدا ژنەکەی (مُعاذ) دەرکـەوت و پارەکـەی بـینی و ووتـی : سـوێند بـە خوا ئێمەش هـەژارین و لـەو پارەیـەمان پـێ ببەخشـە ، لـە کیسـەکەدا هـیچ پـارە نەمابوو تەنها دوو دینار نەبێت ئەویشی هەڵیدا بۆ ژنەکەی .

ئەنجا خزمەتکارەکە گەڕایەوە بۆ لای عومەر و هەواڵی ئەم کارەی (مُعاذ)شـی دایە ، عومەر ئەمەی زۆر پێخۆش بوو و ووتی : ئەمانە چەند برایـەکن هەنـدێکیان بەشێکن لە هەندێکی تریان .

### ٥ - بە جێ گەیاندنــی مافەکانی برایەتی بە سەر یەکترەوە :

مەبەست بەمەش ئەو مافانەیـە کـە دەبێـت موسـڵمان دەر حـەق بـە بـرای موسـڵمانی ئـەنجامی بـدات و فەرامۆشـی نـەکات بـە پـێی توانـا ، وەك : سـەلام لـێکردن و وەڵام دانەوەی لە کاتی بە یەکتر گەیشتندا و سەردان کردنـی لـە کـاتی نەخۆشیدا و وەڵام دانەوەی لە کاتێکدا کـە دەعوەتـت دەکـات بـۆ خواردنێك ... هتد .

# مافەکانــی برایەتــی نێوان موسڵمانان
# ( حقوق الأخوة )

## * ئەو فەرموودانەی کە لەم بارەیەوە هاتوون :

١ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ : رَدُّ السَّلَامِ ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ))[١] .

**واتە : مافەکانی موسڵمان لە سەر موسڵمان پێنجن : وەڵام دانەوەی سەلام ، سەردانی نەخۆش ، شوێنکەوتنی جەنازە ، وەڵام دانەوەی دەعوەت ، دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی دەپژمێت .**

وفي رواية أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((خَمْسٌ تَجِبُ لِلْمُسْلِمِ عَلَى أَخِيهِ : رَدُّ السَّلَامِ ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ))[٢] .

---

[١] صحيح البخاري رقم : (١٢٤٠) .

[٢] صحيح مسلم رقم : (٢١٦٢) .

**واتە : پێنج ئاکار هەیە واجب و پێویستە لە سەر موسڵمان بەجێی بێنێت بۆ برای موسڵمانی : وەڵام دانەوەی سەلام ، دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی دەپژمێت ، وەڵام دانەوەی دەعوەت ، سەردانی نەخۆش ، شوێنکەوتنی جەنازە .**

٢ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ)) ، قِيلَ : مَا هُنَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : ((إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ ، وَإِذَا دَعَاكَ فَأَجِبْهُ ، وَإِذَا اسْتَنْصَحَكَ فَانْصَحْ لَهُ ، وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ ، وَإِذَا مَرِضَ فَعُدْهُ ، وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ))[٣].

**واتە : مافی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە شەشە ، ووترا : ئەو مافانە چین ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەگەر پێی گەیشتیت ئەوا سەلامی لێبکە ، وە ئەگەر دەعوەتی کردیت ئەوا وەڵامی بدەرەوە ، وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێت کرد ئەوا ئامۆژگاری بکە ، وە ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد ئەوا دوعای بۆ بکە ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت ئەوا سەردانی بکە ، وە ئەگەر مرد ئەوا شوێنی جەنازەکەی بکەوە .**

٣ ـ وَعَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((أَمَرَنَا النَّبِيُّ (ﷺ) بِسَبْعٍ وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ : أَمَرَنَا بِاتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ ، وَعِيَادَةِ الْمَرِيضِ ، وَإِجَابَةِ الدَّاعِي ، وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ ، وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ ، **وَرَدِّ السَّلَامِ** ، وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ ، وَنَهَانَا عَنْ ...))[٤].

---

[٣] صحيح مسلم رقم : (٢١٦٢) .

**واتە : پێغەمبەری خوا فەرمانی پێکردین بە حەوت شت و ڕێگریشی لێکردین لە حەوت شت ، فەرمانی پێکردین بە : شوێنکەوتنی جەنازە ، سەردانی نەخۆش ، وەڵام دانەوەی دەعوەت ، سەرخستنی ستەم لێکراو ، بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت ، وەڵام دانەوەی سەلام ، دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی دەپژمێت ...**

ولفظُ مسلم : عَنْ الْبَرَاءِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِسَبْعٍ وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ : أَمَرَنَا بِعِيَادَةِ الْمَرِيضِ ، وَاتِّبَاعِ الْجَنَازَةِ ، وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ ، وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ أَوِ الْمُقْسِمِ ، وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ ، وَإِجَابَةِ الدَّاعِي ، **وَإِفْشَاءِ السَّلاَمِ** ، وَنَهَانَا عَنْ ...))[٥].

**واتە : پێغەمبەری خوا فەرمانی پێکردین بە حەوت شت و ڕێگریشی لێکردین لە حەوت شت ، فەرمانی پێکردین بە : سەردانی نەخۆش ، شوێنکەوتنی جەنازە ، دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی دەپژمێت ، بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت ، سەرخستنی ستەم لێکراو ، وەڵام دانەوەی دەعوەت ، بڵاوکردنەوەی سەلام ...**

٤ ـ وَعَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((أَطْعِمُوا الْجَائِعَ ، [وَأَجِيبُوا الدَّاعِيَ] ، وَعُودُوا الْمَرِيضَ ، وَفُكُّوا الْعَانِيَ)) ، قَالَ سُفْيَانُ : وَالْعَانِي الأَسِيرُ[٦].

---

[٤] صحيح البخاري رقم : (١٢٣٩) و (٢٤٤٥) و (٥١٧٥) و (٥٦٣٥) و (٥٦٥٠) و (٥٨٣٨) و (٥٨٤٩) و (٥٨٦٣) و (٦٢٢٢) و (٦٢٣٥) و (٦٦٥٤) .

[٥] صحيح مسلم : (٢٠٦٦) .

واتــه : خــواردن بــدەن بــه كەســانی برســی و وەڵامــی دەعــوەت بدەنــەوە و سەردانی نەخۆش بكەن و دیل و بەندكراویش ئازاد بكەن .

## * ئایا مافەكانی برایەتی هەر ئەوەندەن ؟

زانایان فەرموویانه : مافەكانی برایەتی نێوان موسڵمانان زۆرن و تەنها كـورت هەڵنەچنراون لەو چەند مافەی كه لەو فەرموودانــەوەی ســەرەوە باســكران ، بــەڵام ئەوانــەی كــه باســكران بــریتین لــه گــرنگترین مافــەكانی موســڵمان بــه ســەر بــرای موسڵمانییەوە .

قال المناوي في "فيض القدير" : (ومعنى هذه الجُمل أنَّ من حق الإسلام ذلك ، وله حقوق أخرى ذُكِرَتْ في أحاديث أخرى ...

**تنبيه** مفهوم العدد ليس بحُجَّةٍ عند الأكثر ، فذِكْرُهُ في هذا الحديث وما قبله

لا ينفي الزائد فقد ذكروا له حقوقاً أخرى ...)[٧].

واته : مانای ئەم ڕستانه ئەوە دەگەیەنێت كەوا ئەمانه له مافەكانی ئیسلامن و مافـی تریش هەیه كه له فەرموودەی تردا باس كراوە ...

---

[٦] صحيح البخاري رقم : (٥٣٧٣) و (٥٦٤٩) و (٥١٧٤) ، قال الحافظ : (قوله "أطعموا الجائعَ ، وعُودوا المريضَ ..." الحديث تقدم في الوليمة من كتاب النكاح (٥١٧٤) بلفظ : "أجيبوا الداعيَ " بدل "أطعموا الجائعَ " ومخرجهما واحد ، وكأنَّ بعض الرواة حَفِظَ ما لم يَحفظ الآخر) [فتح الباري : (٩ / ٦٤٣)] .

[٧] فيض القدير شرح الجامع الصغير : (٣ / ٣٩٠) .

**بیرخستنەوەیەك** (مفهوم العدد) **نابێتە بەڵگە لای زۆربەی زانایان ، بۆیە باسكردنی (ژمارە) لەم فەرموودەیە و ئەوەی پێشەوەیشی ئەوە ناگەیەنێت كەوا لەمانەی كە باسكراون مافی زیاتر نییە چونكە موسڵمان چەندین مافی تری هەیە بە سەر برای موسڵمانییەوە زانایان باسیان كردووە ...**

وقال الشيخ ابن العثيمين : (حُقُوقُ الْمُسْلِمِ عَلَى أَخِيْهِ كَثِيرَةٌ ، لَكِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَحْيَانَاً يَذْكُرُ أَشْياءً مُعَيَّنَةً مِنْ أَشْياءٍ كَثِيرَةٍ عِنَايَةً بِهَا وَاحْتِفَاءً بِهَا)[٨].

**واتە : مافەكانی موسڵمان بە سەر برای موسڵمانییەوە زۆرن ، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەندێك جار هەندێك شتی دیاری كراو باس دەكات لە هەندێك شتی زۆردا لە بەر گرنگی پێدان و ڕێزلێگرتنی ئەو شتە دیاری كراوانە .**

٥ . وعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : (([إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ ، وَلَا تَحَسَّسُوا ، وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا تَنَافَسُوا] ، وَلَا تَحَاسَدُوا ، وَلَا تَنَاجَشُوا ، وَلَا تَبَاغَضُوا ، وَلَا تَدَابَرُوا ، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ ، [وَلَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَتْرُكَ] ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانَاً ...))[٩].

---

[٨] شرح رياض الصالحين : (١ / ٦٠٦ . ٦٠٧) .

[٩] صحيح البخاري رقم : (٦٠٦٤) و (٦٠٦٥) و (٦٠٦٦) ، وصحيح مسلم رقم : (٢٥٦٣) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٢٧) صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٩٣) ، ومسند الإمام أحمد رقم : (٥٣٥٧) ، وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٧٠٦) ، وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٨٨٥) و (٣٤٩٥) .

**تنبيه** : ذكرنا هذا الحديث مطولاً مع زوائدِه وفوائده في الصفحة : (٧٣) فانظرها .

واتە : ئامان ووریای گومان بن چونکە گومان درۆترین ووتەی دەروونە ، و چاوە چاوە مەکەن بۆ موسڵمانان ، و جاسوسی مەکەن ، و پێشبڕکێ مەکەن بۆ دونیا ، و حەسودی بە یەکتر مەبەن ، و نرخی شتومەك لە سەر یەکتر گران مەکەن ، و ڕقتان لە یەکتر نەبێت ، و پشت لە یەکتر هەڵمەکەن ، و مامەڵە و کڕین و فرۆشتن مەکەن بە سەر مامەڵەی یەکتر ، و خوازبێنی ژن مەکەن بە سەر خوازبێنی براتان تاوەکو ئەو مارەی دەکات یان وازدێنێت ، وە ببن بە بەندەی خوا و برای یەکتر ...

قال الحافظ : (وَهُوَ حَدِيثٌ عَظِيمٌ اِشْتَمَلَ عَلَى جُمَلٍ مِنْ الْفَوَائِدِ وَالْآدَابِ الْمُحْتَاجِ إِلَيْهَا)[١٠].

واتە : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی زۆر گەورەیە و چەندین سوود و ئاکار و ئادابی لە خۆ گرتووە کە موسڵمانان پێویستیان پێیان هەیە .

### * حوکمی ئەم مافانەی موسڵمانان بە سەر یەکترەوە :

زانایان لە حوکمی ئەم مافانەدا سێ مەزهەب و بۆچوونی جیاوازیان هەیە :

١ ـ هەندێك لە زانایان دەڵێن : بە جێگەیاندنی ئەم مافانە سوننەتێکی جەخت لە سەر کراوەیە (سُنَّةٌ مؤكدة) .

[١٠] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١٠ / ٥٩٤) .

٢ ـ وە هەندێکی تریان دەڵێن : (فَرضُ كِفايةٍ) فەرزە لە سەر هەندێك بە شێوەیەك ئەگەر چەند موسڵمانێك هەستان بە جێگەیاندنی ئەم مافانە بە شێوەیەك کە بەس بێت ئەوا ئەم ئەرکانە لە سەر ئەوانەی تر پێویست و واجب نابێت .

٣ ـ وە هەندێکی تریان دەڵێن : (فَرضُ عَينٍ) فەرزە لە سەر هەموو تاکێکی موسڵمانان ئەم مافانە بە جێبگەیەنێت بەرامبەر بە یەکتر .

بەڵام بۆچوونی ڕاست و دروست بریتیە لە مەزهەب و بۆچوونی دووەم کەوا ئەگەر چەند موسڵمانێك هەستان بە جێگەیاندنی ئەم مافانە بە شێوەیەك بەس بێت ئەوا ئەم ئەرکانە لە سەر ئەوانەی تر پێویست و واجب نابێت ، بەڵام ئەگەر بەجێگەیەنەری ئەم مافانە ئەوەندە نەبوون کە بەس بێت ئەوا هەموو موسڵمانانی بە توانا و بەئاگا تاوانبار دەبن .

قال الشوكانِي : (وَالْمُرَادُ بِقَوْلِهِ : ((حَقُّ الْمُسْلِمِ)) أَنَّهُ لَا يَنْبَغِي تَرْكُهُ وَيَكُونُ فِعْلُهُ إمَّا وَاجِبَاً أَوْ مَنْدُوبَاً نَدْبَاً مُؤَكَّدَاً شَبِيهَاً بِالْوَاجِبِ الَّذِي لَا يَنْبَغِي تَرْكُهُ ...)[١١].

وقال الحافظ في الفتح : (قَوْله : ((**حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ**)) فِي رِوَايَة مُسْلِم .. : ((**خَمْسٌ تَجِبُ لِلْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ**)) وَلَهُ .. عَنْ أَبِي هُرَيْرَة : ((**حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ**)) " وَزَادَ : ((**وَإِذَا اِسْتَنْصَحَك فَانْصَحْ لَهُ**)) ، وَقَدْ تَبَيَّنَ أَنَّ مَعْنَى "الْحَقّ" هُنَا

[١١] نيل الأوطار : (٤ / ٤٣) .

الْوُجُوب خِلَافًا لِقَوْلِ اِبْن بَطَّال : الْمُرَادُ حَقُّ الْحُرْمَةِ وَالصُّحْبَةِ ، وَالظَّاهِرُ أَنَّ الْمُرَادَ بِهِ هُنَا وُجُوبُ الْكِفَايَةِ)[١٢].

واتە : ڕوون و ئاشکرایە کەوا مەبەست بە (حەقە لە سەر موسڵمان) واجب و پێویست بوونە ، وە ئاشکراشە لێرەدا مەبەست ئەوەیە واجبە لە سەر هەندێك کەوا بەجێهێنانیان بۆ ئەو مافانە بەس بێت .

## مافەکانی موسڵمانان بە سەر یەکترەوە بریتین لە :

### یەکەم : سەلام کردن و وەڵامدانەوەی سەلام ((إلقاءُ السلامُ ، وردُّ السلام)) :

لە فەرموودەکانی سەرەوەدا باس لەم مافە کراوە بە :

ـ ((إِذَا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عَلَيْهِ)) ، واتە : ئەگەر پێی گەیشتیت ئەوا سەلامی لێبکە ، ئەمەش سوننەتە.

ـ ((رَدُّ السَّلاَمِ)) ، واتە : وەڵامدانەوەی سەلام ، ئەمەشیان واجب و فەرزە.

ـ ((وَإِفْشَاءِ السَّلاَمِ)) ، واتە : بڵاوکردنەوەی سەلام لە نێوان یەکتردا ، ئەمەشیان دەبێتە مایەی دروست بوونی خۆشەویستی لە نێوان موسڵماناندا.

---

[١٢] فتح الباري : (٣ / ١٤٦) وانظر : (١٠ / ٧٣٨) .

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لاَ تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ : أَفْشُوا السَّلاَمَ بَيْنَكُمْ))[١٣].

**واتە : ناچنە بەهەشتەوە تاوەکو ئیمان و باوەڕ نەهێنن ، وە ئیمان و باوەڕتان تەواو نابێت تاوەکو خۆشەویستی یەکتر نەبن ، ئایا ڕێنماییتان نەکەم بۆ شتێك ئەگەر ئەنجامی بدەن ئەوا دەبن بە خۆشەویستی یەکتر : سەلام کردن لە یەکتر و وەڵامدانەوەی لە نێوانتانا بڵاوبکەنەوە .**

### * فەزڵ و گەورەیی پاداشتی سەلام کردن و بڵاوکردنەوەی :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : ((أَنَّ رَجُلاً مَرَّ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ فِي مَجْلِسٍ فَقَالَ : السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ ، فَقَالَ : عَشْرُ حَسَنَاتٍ ، فَمَرَّ رَجُلٌ آخَرُ فَقَالَ : السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ ، فَقَالَ : عِشْرُونَ حَسَنَةً ، فَمَرَّ رَجُلٌ آخَرُ فَقَالَ :

السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ ، فَقَالَ : ثَلاَثُونَ ثلاثون حَسَنَةً ...))[١٤].

**واتە : پیاوێك دای بەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو لە مەجلیسێکدا و ووتی : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ) پێغەمبەری خوایش (ﷺ) وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ئەمە (١٠) دە چاکە .**

---

(١٣) صحيح مسلم رقم : (٥٤) .

(١٤) صحيح الأدب المفرد رقم : (٩٨٦) ، وفي صحيح سنن أبي داود من حديث عمران بن الحصين ﷺ رقم : (٥١٩٥) .

ئەنجا پیاوێکی تر تێپەڕی و ووتی : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ) پێغەمبەری خوایش (ﷺ) وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ئەمە (٢٠) بیست چاکە.

ئەنجا پیاوێکی تر تێپەڕی و ووتی : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) پێغەمبەری خوایش (ﷺ) وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ئەمە (٣٠) سی چاکە.

*** ڕاستکردنەوەی هەندێک هەڵەی موسڵمانان لەم بابەتەدا :**

١ ـ گۆڕینەوەی ووشەکانی سەلام کردن کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە بە هەندێك ووشە و ووتەی خەڵك یان بە هەندێك ووشەی بێباوەڕەکان لە گاور و جوولەکە :

وەك ئەوەی کە لە کاتی بە یەکتر گەیشتندا دەڵێن : (ئەم کاتەت باش) یان (چۆنیت) یان (مەرحەبا) یان (ئەلەو) ... هتد .

هەروەها لە کاتی وەڵامدانەوەی سەلامدا دەڵێن : (سەلام سەر چاو) یان (سەر سەرم) یان (ڕۆحەکەی) یان (بەخێربیت) ... هتد .

ئەمانە هەمووی هەڵەن چونکە پێچەوانەن بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) :

عَـنْ عَائِشَـةَ (رضي الله عنها) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَـالَ لَهَـا : ((يَا عَائِشَـةُ هَـذَا جِبْرِيـلُ يَقْـرَأُ عَلَيْـكِ السَّلاَمَ)) ، قَالَتْ : قُلْتُ : وَعَلَيْهِ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ))[١٥].

**واتـە : عائیشـە فـەرمووی : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پـێی فـەرمووم : جبریـل سەلامت لـێدەکات ، منیش ووتم :** (وَعَلَيْهِ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) .

**کەواتە دەبێت لە وەڵامدا بڵێیت :** (وَعَلَيْكُمُ السَّلاَمُ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) .

**٢ ـ وازهێنان لە سەلام کردن لە کاتی جیابوونەوەدا :**

**زۆرێك لە موسڵمانان وا تێگەیشتوون کەوا سەلام کردن تەنها تایبەتە بە کاتی بە یەکتر گەیشتن و بەس ! ئـەم تێگەیشـتنە هەڵەیـە چـونکە پێچـەوانەیە بـۆ ئـەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا انْتَهَى أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَجْلِسِ فَلْيُسَلِّمْ ، **فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَقُومَ فَلْيُسَلِّمْ** فَلَيْسَتِ الأُولَى **بِأَحَقَّ مِنَ الآخِرَةِ**))[١٦].

**واتە : ئەگەر یەکێکتان گەیشتە کۆڕ و کۆمەڵ و مەجلسێك بـا سـەلام بکـات ، وە ئەگەر ویستیشی هەڵبسـێت ئـەوا بـا سـەلام بکـات چـونکە سـەلامی یەکـەم لـە پێشتر و شایستەتر نىیە لەوەی دوایی .**

---

[١٥] صحيح البخاري رقم : (٣٧٦٩) و (٦٢٤٩) وصحيح مسلم رقم : (٢٤٤٦) .

[١٦] صحيح سنن أبي داود رقم : (٥٢٠٨) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٨٣) .

### ٣ ـ سەلام کردن بە ئاماژەی دەست و سەر جوڵاندنەوە :

زۆرێك لە موسڵمانان لە کاتی سەلام کردندا خۆیان دەشوبهێنن بە گاور و جوولەکەوە ، بۆیە دەبینیت سەلام کردنیان یان وەڵامدانەوەی سەلامیان بریتییە لە ئاماژە کردن بە دەست بەرزکردنەوە یان سەر جۆڵاندنەوە یان وەرێن لێدان ئەگەر لە ناو سەیار (ئۆتۆمبیل)دا بێت ، ئەمەش هەڵەیە چونکە پێچەوانەیە بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) :

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لَا تُسَلِّمُوا تَسْلِيمَ الْيَهُودِ فَإِنَّ تَسْلِيمهمْ بِالرُّءُوسِ وَالْأَكُفِّ وَالْإِشَارَةِ))[١٧].

واتە : وەکو جوولەکە سەلام مەکەن لە یەکتر چونکە سەلام کردنی جوولەکە بریتییە لە سەر و دەست جوڵاندنەوە و ئاماژە کردن .

قال الحافظ : (وَلَا تَكْفِي الْإِشَارَة بِالْيَدِ وَنَحْوه ... وَيُسْتَثْنَى مِنْ ذَلِكَ حَالَة الصَّلَاةِ ... وَكَذَا مَنْ كَانَ بَعِيدًا بِحَيْثُ لَا يَسْمَع التَّسْلِيم يَجُوزُ السَّلَامُ عَلَيْهِ إِشَارَةً وَيَتَلَفَّظُ مَعَ ذَلِكَ بِالسَّلَامِ)[١٨].

---

[١٧] أخرجهُ النسائي في "عمل اليوم والليلة" والديلمي : (٤/١٥٠) ونقل الألباني قول الحافظ في "فتح الباري" : (١١/١٢) : (أخرجهُ النسائي بسندٍ جيد) وأقرهُ ، وقال في "جلباب المرأة المسلمة" ص : (١٩٦) : (صحيح) ، وانظر : "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : (٤/٣٨٨ ـ ٣٨٩) تحت الحديث رقم : (١٧٨٣).

[١٨] فتح الباري : (١١ / ٢٤) .

واتە : تەنها ئاماژە کردن بە دەست و هاوشێوەکانی بەس نییە ... بەڵام حاڵەتی نوێژ لەمە جیا دەکرێتەوە ... هەروەها بۆ کەسێکیش کەوا دوور بێت لێتەوە بە شێوەیەك کەوا گوێ بیستی سەلامەکە نەبێت ئەوا دروستە سەلامی لێبکەیت بە ئاماژە و لە گەڵ ئاماژەکەشدا بە زمانت سەلامەکە دەڵێیت .

## دووەم : سەردانی نەخۆش ((وعيادة المريض)) :

### * فەزڵ و گەورەیی سەردانی نەخۆش :

عَنْ عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَتَى أَخَاهُ الْمُسْلِمَ عَائِدَاً مَشَى فِي خِرَافَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسَ ، فَإِذَا جَلَسَ غَمَرَتْهُ الرَّحْمَةُ ، فَإِنْ كَانَ غُدْوَةً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُمْسِيَ ، وَإِنْ كَانَ مَسَاءً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُصْبِحَ))[١٩].

واتە : هەر کەسێك بچێت بۆ سەردانی برایەکی نەخۆشی ئەوا لە ناو دروێنە کردنی بەرهەمەکانی بەهەشتدایە تاوەکو دادەنیشێت ، جا ئەگەر دانیشت ئەوا ڕەحمەت و بەزەیی خوا دەیگرێتەوە .

وە ئەگەر ئەو سەردانەی لە کاتی بەیانیدا بوو ئەوا (٧٠,٠٠٠) فریشتە بۆی دەپاڕێنەوە لە خوا و دوعای خێری بۆ دەکەن تاوەکو ئێوارە ، وە ئەگەر ئەو

[١٩] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٤٤٢) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٣٦٧) ، وقال الشيخ الألباني : (خِرافة الجَنَّة أي في اجتناء ثِمرها) السلسلة : (٣ / ٣٥٣) .

سەردانەی لە کاتی ئێوارەدا بوو ئەوا **حەفتاهەزار** فریشتە بۆی دەپاڕێنەوە لە خوا و دوعای خێری بۆ دەکەن تاوەکو بەیانی کە ڕۆژی لێدەبێتەوە .

*** حوکمی سەردانی نەخۆش :**

قال الإمام البخاري : (بَاب وُجُوبُ عِيَادَةِ الْمَرِيضِ) .

ثُمَّ أَخْرَجَ حَدِيثَ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((أَطْعِمُوا الْجَائِعَ ، وَعُودُوا الْمَرِيضَ ، وَفُكُّوا الْعَانِيَ))[٢٠].

**واتە : ئیمامی (البخاري) فەرموویەتی : "بابەتی واجبێتی سەردانی نەخۆش" ئەنجا فەرموودەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی : خواردن بدەن بە کەسانی برسی و سەردانی نەخۆش بکەن و دیل و بەندکراویش ئازاد بکەن .**

*** سوننەتە دوعای کەفارەتی تاوان و چاک بوونەوە بۆ نەخۆش بکەیت :**

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) : أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) دَخَلَ عَلَى أَعْرَابِيٍّ يَعُودُهُ ، قَالَ : وَكَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا دَخَلَ عَلَى مَرِيضٍ يَعُودُهُ قَالَ : ((**لاَ بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ**)) ، فَقَالَ لَهُ : ((لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ ...))[٢١].

---

[٢٠] صحيح البخاري رقم : (٥٦٤٩) .

واته : پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت بۆ لای پیاوێکی دەشتەکی نەخۆش و سەردانی کرد ، وە پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر بڕۆیشتایەت بۆ سەردانی نەخۆشێك پێی دەفەرموو : ئەم نەخۆشییە هیچ نییە و پاك کەرەوە و لابەری تاوانەکانە بە ویستی خوا .

قال الحافظ : (قَوْله : "لَا بَأْسَ" أَيْ أَنَّ الْمَرَضَ يُكَفِّرُ الْخَطَايَا ، فَإِنْ حَصَلَتْ الْعَافِيَةُ فَقَدْ حَصَلَتْ الْفَائِدَتَانِ ، وَإِلَّا حَصَلَ رِبْحُ التَّكْفِيرِ .

وَقَوْله : "طَهُورٌ" .. أَيْ هُوَ طَهُور لَكَ مِنْ ذُنُوبكَ أَيْ مَطْهَرَة ...

وَقَوْله : "إِنْ شَاءَ اللَّه" يَدُلُّ عَلَى أَنَّ قَوْلَهُ طَهُورٌ دُعَاءٌ لَا خَبَرٌ ...)[٢٢].

واته : مەبەست بە "لا بأس" ئەوەیە کە نەخۆشین تاوانەکان دەسڕێتەوە و لایان دەبات ، جا ئەگەر نەخۆشەکە چاك بوویەوە ئەوا دوو سوودی دەست کەوتووە ئەگینا قازانجی سڕینەوەی تاوانەکانی دەست دەکەوێت ، وە مەبەست بە "طَهور" ئەوەیە کە ئەم نەخۆشییە پاککەرەوەی تاوانەکانی تۆیە ... وە ووتەی "إنْ شاء الله" بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مەبەست بە "طَهور" دوعا و پاڕانەوەیە نەك هەواڵدان ...

---

[٢١] صحيح البخاري رقم : (٥٦٥٦) .

[٢٢] فتح الباري : (١٠ / ١٤٧ ـ ١٤٨) .

وَعَنْ عَائِشَةَ بِنْتِ سَعْدٍ أَنَّ أَبَاهَا قَالَ : تَشَكَّيْتُ بِمَكَّةَ شَكْوَاً شَدِيدَاً ، فَجَاءَنِي النَّبِيُّ (ﷺ) يَعُودُنِي ... ثُمَّ قَالَ : **اللَّهُمَّ اشْفِ سَعْدَاً** ...))[٢٣].

واتە : سەعد فەرمووی : لە مەککەدا توشی نەخۆشیەکی زۆر توند بووم ، و پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی کردم ... ئەنجا فەرمووی : خوایە شیفای سەعد بدە ...

وە هەندێك زیکر و دوعای تر لە سوننەتدا هاتووە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیانمان نیە .

## سێیەم : وەڵامدانەوەی دەعوەت ((وإجابة الداعي ، وأجيبوا الداعيَ)) :

### * حوکمی وەڵامدانەوەی دەعوەت :

بەدەم هاتنەوە و وەڵامدانەوەی دەعوەتی برای موسڵمان واجبە لە سەر موسڵمان چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردووە و فەرموویەتی : هەرکەسێك وەڵامی نەداتەوە ئەوا پێچەوانەی خوا و پێغەمبەرەکەیی کردووە (ﷺ) ، ئەمەش بە مەرجێك ئەو دەعوەتە کاری حەرامی تێدا ئەنجام نەدرێت .

عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((فُكُّوا الْعَانِيَ ، وَأَجِيبُوا الدَّاعِيَ ، وَعُودُوا الْمَرِيضَ))[٢٤].

---

[٢٣] صحيح البخاري رقم : (٥٦٥٩) .

**واته : دیل و بەند کراو ئازاد بکەن و وەڵامی دەعوەتی دەعوەتکار بدەنەوە و سەردانی نەخۆش بکەن .**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْوَلِيمَةِ فَلْيَأْتِهَا ، [عُرْسَاً كَانَ أَوْ نَحْوَهُ] ، [وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ])) [٢٥].

**واته : ئەگەر یەکێك لە ئێوە بانگ کرا بۆ دەعوەتێك ئەوا با بڕوات و ئامادە ببێت ، دەعوەتی ژن گواستنەوە بێت یان جگە لەوەش ، وە هەر کەسێك نەیەت بە دەم ئەو بانگەوە و وەڵامی دەعوەتەکە نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیی کردووە (ﷺ) .**

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ" هَذَا دَلِيلٌ عَلَى وُجُوبِ الْإِجَابَةِ ، لِأَنَّ الْعِصْيَانَ لَا يُطْلَقُ إِلَّا عَلَى تَرْكِ الْوَاجِبِ .

وَوَقَعَ فِي رِوَايَةٍ لِابْنِ عُمَرَ عِنْد أَبِي عَوَانَة : "مَنْ دُعِيَ إِلَى وَلِيمَةٍ فَلَمْ يَأْتِهَا فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ")[٢٦].

---

[٢٤] صحيح البخاري رقم : (٥١٧٤) و (٧١٧٣) .

[٢٥] صحيح البخاري رقم : (٥١٧٣) وصحيح مسلم رقم : (١٤٢٩) ، وقال الشيخ الألباني : (رواه البخاري ومسلم وأحمد والبيهقي من حديث ابن عمر ، ورواه أبو يعلى ، والزيادة الثانية له ، وسندها صحيح كما قال الحافظ في " التلخيص ") قالهُ في " آداب الزفاف " ص : (٨٢) .

[٢٦] فتح الباري : (٩ / ٣٠٥) .

واته : ووتەی "هەر کەسێك نەیەت بە دەم ئەو بانگەوە و وەڵامی دەعوەتەکە نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیی کردووە (ﷺ) " بەڵگەیە لە سەر واجبێتی وەڵامدانەوەی دەعوەت ، چونکە سەرپێچی بە کار ناهێنرێت ئیللا بۆ وازهێنان لە واجب نەبێت ...

وە ئەوەش بزانە کە واجبێتی وەڵامدانەوە و بەدەم هاتنەوەی دەعوەت تەنها تایبەت نییە بە دەعوەتی ژن گواستنەوەوە بەڵکو گشتییە و هەموو دەعوەتێك دەگرێتەوە بە مەرجێك ئەو دەعوەتە کاری حەرامی تێدا ئەنجام نەدرێت ، ئەم تێگەیشتنەش ڕوکەشی ئەو فەرموودەیەی سەرەوەیە بە هەموو ریوایەتەکانیەوە .

*** دەعوەت کردنی دەوڵەمەندەکان بە تایبەت حەرامە :**

حەرامە دەعوەت تایبەت بکرێت بە دەوڵەمەندەکانەوە و فەقیر و هەژارەکانی بۆ بانگ نەکرێت ، ئەمەش لە بەر ئەم فەرموودەیە :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((شَرُّ الطَّعَامِ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ يُدْعَى لَهَا الأَغْنِيَاءُ ، وَيُمْنَعُهَا الْمَسَاكِينُ ، وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ))[٢٧].

---

[٢٧] رواهُ البيهقي في "السنن الكبرى" رقم : (١٤٢٩٨) بهذا اللفظ مرفوعاً ونحوهُ في صحيح مسلم رقم : (١٤٣٢) ، ورواهُ البخاري في صحيحه موقوفاً عليه رقم : (٥١٧٧) ، وانظر : آداب الزفاف ص : (٨١) ، وشرح صحيح مسلم : (٩ / ٢٣٧) .

واتە : خراپ ترین خـواردن خـواردنی دەعوەتێکـە دەوڵەمەنـدەکانی بـۆ بـانگ دەکرێت و فەقیر و هەژارەکانی لـێ قەدەغە و بێ بەش دەکرێت ، وە هـەر کەسـێك وەڵامی دەعوەت نەداتەوە ئەوا سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەیی کردووە (ﷺ) .

قـال النـووي : (وَمَعْنَـى هَـذَا الْـحَدِيث الْإِخْبَـارُ بِـمَا يَقَـعُ مِـنْ النَّـاسِ بَعْـدَهُ (ﷺ) مِـنْ مُرَاعَـاةِ الْأَغْنِيَـاءِ فِي الْوَلَائِمِ وَنَحْوِهَـا ، وَتَـخْصِيصهمْ بِالـدَّعْوَةِ ، وَإِيثَارهمْ بِطَيِّبِ الطَّعَامِ ، وَرَفْعِ مَجَالِسهمْ وَتَقْدِيمهمْ وَغَيْر ذَلِكَ مِمَّا هُوَ الْغَالِبُ فِي الْوَلَائِمِ ، وَاَللَّهُ الْمُسْتَعَان !)[٢٨].

واتە : لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی داوە بەوەی ڕوودەدات لە دوای خۆی لـە گرنگـی دان بـە دەوڵەمەنـدەکان لـە دەعوەتـەکان و هاوشـێوەی دەعوەتەکان و تایبەتمەند کردنیـان بـە دەعـوەت و جیاکردنـەوەیان بـە خـواردنی نەخت و چـاك و بـەرز ڕاگـرتنی دانیشـتگە و مەجلیسـەکانیان و پـێش خسـتنیان و جگـە لەمانـەش لەوانـەی کـە لـە زۆربـەی دەعوەتەکانـدا ڕەچـاو دەکرێـت ، خـواش یارمەتی دەرە !

*** نابێـت وەڵامـی دەعوەتێـك بدەیتـەوە کـەوا کـاری حـەرامی تێـدا ئـەنجام دەدرێت :**

ئیمامی (البخاري) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

---

[٢٨] شرح صحيح مسلم : (٩ / ٢٣٧) .

(باب : هَلْ يَرْجِعُ إِذَا رَأَى مُنْكَراً فِي الدَّعْوَةِ ؟ وَرَأَى أَبِي مَسْعُودٍ صُورَةً فِي الْبَيْتِ فَرَجَعَ ، وَدَعَا ابْنُ عُمَرَ أَبَا أَيُّوبَ فَرَأَى فِي الْبَيْتِ سِتْرَاً عَلَى الْجِدَارِ ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ : غَلَبَنَا عَلَيْهِ النِّسَاءُ ، فَقَالَ : مَنْ كُنْتُ أَخْشَى عَلَيْهِ فَلَمْ أَكُنْ أَخْشَى عَلَيْكَ ، وَاللَّهِ لاَ أَطْعَمُ لَكُمْ طَعَامَاً ، فَرَجَعَ)[٢٩].

**واته : ئایا ئەگەر لە دەعوەتەكەدا خراپەیەكی بینی دەگەڕێتەوە ؟**

**(أبي مسعود) وێنەیەكی بینی لەماڵەكەدا و گەڕایەوە .**

**وە (ابن عمر)یش (أبو أيوب)ی دەعـوەت كـرد و (أبو أيوب) پۆشـاكێكی بـینی هەڵواسراوبوو بە دیواری خانووەكەیانـەوە ، (ابن عمر)یـش ووتـی : ئافرەتـان زاڵ بوون بە سەرماندا ، ئەویش ووتی : لە هەر كەسێك ترسم هەبوایە ئـەوا ترسـم لـە سەر تۆ نەبوو ! سوێند بە خوا خواردنتان ناخۆم ، و گەڕایەوە .**

عَنْ أَبِي مَسْعُود (رضي الله عنه) : ((أَنَّ رَجُلًا صَنَعَ طَعَامَاً فَدَعَاهُ فَقَالَ : أَفِي الْبَيْتِ صُورَةٌ ؟ قَالَ : نَعَمْ ، فَأَبَى أَنْ يَدْخُلَ حَتَّى تُكْسَرَ الصُّورَةُ))[٣٠].

**واته : پیاوێك خواردنێكی دروست كرد و (أبي مسعود)ی دەعـوەت كـرد ، (أبي مسعود) فـەرمووی : ئایـا ماڵتـان وێنـەی تێدایـە ؟ ئـەویش ووتـی : بەڵـێ ، (أبي**

[٢٩] قالهُ الإمام البخاري في "صحيحهِ " فتح الباري : (٩ / ٣٠٩) .

[٣٠] قال الحافظ ابن حجر : (أَخْرَجَهُ الْبَيْهَقِيُّ وَسَنَدُهُ صَحِيحٌ) فتح الباري : (٩ / ٣١٠) .

مسعود) خۆی گرتەوە و نەڕۆیشتە ژوورەوە تاوەکو وێنەکە بشکێنێت و لە ناوی بەرێت .

**ئەمەش لە بەر ئەو فەموودەیەی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) کە فەرموویەتی :** ((لَا تَدْخُلُ الْمَلاَئِكَةُ بَيْتَاً فِيهِ كَلْبٌ وَلاَ صُورَةٌ))[٣١].

**واتە : فریشتەکان ناچنە نێو ماڵێکەوە سەگ یان وێنەی تێدا هەبێت .**

وقال الحافظ أيضاً : (قَالَ اِبْنُ بَطَّال : فِيهِ أَنَّهُ لَا يَجُوزُ الدُّخُولُ فِي الدَّعْوَةِ يَكُونُ فِيهَا مُنْكَرٌ مِمَّا نَهَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ عَنْهُ لِمَا فِي ذَلِكَ مِنْ إِظْهَار الرِّضَا بِهَا ، وَنَقَلَ مَذَاهِبَ الْقُدَمَاءِ فِي ذَلِكَ وَحَاصِلُهُ إِنْ كَانَ هُنَاكَ مُحَرَّمٌ وَقَدَرَ عَلَى إِزَالَتِهِ فَأَزَالَهُ فَلَا بَأْسَ ، وَإِنْ لَمْ يَقْدِرْ فَلْيَرْجِعْ ...)[٣٢].

**واتە : ئەم فەموودەیە ئەوەی تێدایە : کە دروست نییە و حەرامە بڕۆیت بۆ دەعوەتێك کەوا خراپەکاری تێدا ببێت لەوانەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قەدەغەیان کردووە چونکە ڕۆیشتن و وەڵامدانەوەی ئەو دەعوەتە دەرخستنی ڕەزامەندی تێدایە بەو خراپەکاری و حەرامانە .**

---

[٣١] صحيح البخاري رقم : (٣٢٢٦) و (٣٢٢٥) و (٣٣٢٢) و (٤٠٠٢) و (٥٩٤٩) و (٥٩٥٨) وصحيح مسلم رقم : (٢١٠٦) و (٢١٠٧) و (٢١١٢) .

[٣٢] فتح الباري : (٩ / ٣١٠) .

**ئەنجا بۆچوونی زانایانی باس کردووە کە پوختەکەی ئەوەیە : ئەگەر ئەو دەعوەتە حەرامکاری تێدا هەبوو و ئەویش توانای گۆڕین و لابردنی ئەو حەرامانەی هەبوو ئەوا دروستە بڕوات و ئامادە ببێت ، وە ئەگەر توانای گۆڕین و لابردنی ئەو حەرامانەی نەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە و ئامادە نابێت ...**

وسُئِلَت اللجنة الدائمة للبحوث والإفتاء : (يموت الميت من أقاربي فيُولِمونَ عليهِ بعد (٧) أيام و (٤٠) يوماً وهِي بدعة كما أفتيتمونا من قبل ، ولكن أذهب قصد عدم التقاطع ، **فما الحكم في الأكل من طعام هذه البدعة ؟**

**واتە : مردوویەك لە خزم و كەسوكارم دەمرێت و خواردنێكی بۆ دروست دەكەن لە (٧) ڕۆژە و (٤٠) ڕۆژەی مردنیدا [واتە : خواردنی سەر حەفتانە و سەر چلە] ئەمەش بیدعەیە وەكو پێشتر فەتواتان بۆمان داوە ، بەلام من دەڕۆم بە مەبەستی نەپچڕاندنی خزمایەتی ، ئایا حوكمی خواردنی ئەو خواردنە دروست كراوە بیدعە چییە ؟**

**زانایانیش لە وەڵامدا فەرموویان :** (لا يَجوزُ لكَ إجابةُ الدعوة ، لأنَّ هذا من البدع ، وقد ثبت عن رسول الله (ﷺ) أنَّهُ قال : " مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ " ، وإذا تركتَ الحضور فهو من طاعة الله وليس ذلك من القطيعة ، لأنَّ القطيعة هي أنْ تترك فعل ما يُشرع لك فعلهُ من البِرِّ والخَير ، لكن إذا كان حضورك لقصد تغير المنكر وأنتَ تقوى على ذلك فلا حرجَ في حضوركَ لإنكار المنكر ، **على أنْ لا تأكل الطعام المقدم لِهذا الغرض .**

وبالله التوفيق ، وصلَّى الله على نبينا محمد وآلهِ وصحبهِ وسلم)[٣٣].

**واتە : دروست نییە وەڵامی ئەو دەعوەتە بدیتەوە ، چونکە ئەمە بەشێکە لە بیدعەکان ، و پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرموویەتی : هەر کەسێك لەم دینەدا شتێك دابهێنێت و ئەو شتەش بەشێك نەبێت لەم دینە ئەوا ئەو داهێنراوە ڕەت کراوەیە و قەبوڵ ناکرێت ، وە ئەگەر تۆ وازبێنیت لە ئامادە بوونی ئەو دەعوەتە ئەوا ئەم ئامادە نەبوونەت بەشێکە لە گوێڕایەڵی خوا و بەشێك نییە لە پچڕاندنی خزمایەتی ، چونکە پچڕاندنی خزمایەتی بریتییە لە وازهێنان لە کارێك کە کردنی شەرعی بێت لە چاکە و خێر ، بەڵام ئەگەر ئامادەبوونت بە مەبەستی گۆڕین و قەدەغە کردنی ئەو خراپە و بیدعەیە بێت و تۆش توانای ئەمەت هەبێت ئەوا هیچی تێدا نییە ئامادە ببیت بە مەبەستی گۆڕین و قەدەغە کردنی ئەو خراپە و بیدعەیە ، بە مەرجێك لەو خواردنە نەخۆیت کە بەو مەبەستەوە بۆت دێنن و پێشکەشتی دەکەن ...**

---

[٣٣] السؤال الخامس من الفتوى رقم : (٨٨٦٨) ، اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء .

| عضو | عضو | نائب رئيس اللجنة | الرئيس |
|---|---|---|---|
| عبد الله بن قعود | عبد الله بن غديان | عبد الرزاق العفيفي | عبد العزيز بن عبد الله بن باز |

وقال الشيخ ابن العثيمين : (وإذا كان في الدعوة منكر ، فإن كان الإنسان قادراً على التغيير وجبت عليه الإجابة ، من وجهين : الوجه الأول : إزالةُ المنكر ، والوجه الثاني : إجابةُ دعوة أخيهِ ... **وأمَّا إذا كان في الدعوة منكر لا تستطيع تغييرهُ** كما لو كان في الدعوة شرب دخان أو شيشة أو **كان هناك أغاني محرمة** فإنه  يجوز لك أنْ تُجيب) شرح رياض الصالحين : (١ / ٦١٣) .

**چوارەم : دوعای خێر کردن بۆ ئەو کەسەی کە دەپژمێت** ((**وتشميت العاطس**)) :

قال المناوي : ("وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ" : أَيْ الدُّعَاءُ لَهُ بِالرَّحْمَةِ وَالْبَرَكَةِ إِذَا حَمِدَ اللَّهَ ..."وَإِذَا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ" بِأَنْ تَقُولَ لَهُ "يَرْحَمُكَ اللَّهُ")[٣٤].

**واتە : مەبەست بە "**تَشْمِيتُ الْعَاطِس**" ئەوەیە کە دوعای بۆ بکەیت بەوەی کە خوا ڕەحمی پێ بکات و بەرەکەتی خۆیی پێ ببەخشێت ئەگەر ئەو کەسە دوای پژمینەکەی سوپاسی خوای کرد و ووتی :** (الْحَمْدُ لله) ...

**وە ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد ئەوا تۆیش دوعای بۆ بکە بەوەی کە پێی بڵێیت :** (يَرْحَمُكَ اللَّه) ...

وقال الحافظ : (قَالَ اِبْنُ دَقِيق الْعِيد : ظَاهِرُ الْأَمْر الْوُجُوب ... وَقَالَ بِهِ جُمْهُورُ أَهْلِ الظَّاهِرِ ، وَقَالَ اِبْنُ أَبِي جَمْرَة : قَالَ جَمَاعَةٌ مِنْ عُلَمَائِنَا : إِنَّهُ فَرْضُ عَيْنٍ ، وَقَوَّاهُ اِبْن الْقَيِّم فِي "حَوَاشِي السُّنَن" فَقَالَ : جَاءَ بِلَفْظِ الْوُجُوبِ الصَّرِيحِ ، وَبِلَفْظِ " الْحَقّ " الدَّالِّ عَلَيْهِ ، وَبِلَفْظِ " عَلَى " الظَّاهِرَة فِيهِ ، وَبِصِيغَةِ الْأَمْرِ الَّتِي هِيَ حَقِيقَةٌ فِيهِ ، وَبِقَوْلِ الصَّحَابِيّ " أَمَرَنَا

---

[٣٤] فيض القدير : (٣ / ٣٩٠) .

رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)" قَالَ : وَلَا رَيْبَ أَنَّ الْفُقَهَاءَ أَثْبَتُوا وُجُوبَ أَشْيَاءٍ كَثِيرَةٍ بِدُونِ مَجْمُوعِ هَذِهِ الْأَشْيَاء ...)[٣٥].

**به كورتی واته : ڕەواڵەتی ئەو فەرمان پێ كردنە ئەوەیە كە دوعا كردن بۆی واجب و پێویستە ، وە كۆمەڵێك لە زانایانیش فەرموویانە فەرزە لە سەر هەموو ئەوانەی كە گوێیان لە پژمین و سوپاس كردنی دەبێت دوعای بۆ بكەن .**

## پێنجەم : شوێنكەوتنی جەنازە ((اتباع الجنائز)) :

*** حوكمی شوێنكەوتنی جەنازە :**

**ئەگەر موسڵمانێك مرد ئەوا واجب و پێویستە لە سەر هەندێك لە برا موسڵمانەكانی كەوا هەستن بە شۆردن و كفن كردن و نوێژی جەنازە لە سەر كردن و شوێن كەوتنی بۆ ناشتن و دەفن كردنی لە گۆڕستانی موسڵمانان .**

قال المناوي : ("وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ" فَإِنَّهُ فَرْضُ كِفَايَةٍ كَرَدِّ السَّلامِ ، قَالَ ابْنُ الكَمَالِ : وَقَدْ نَقَلَ أَهْلُ الْعِلْمِ الإِجْمَاعَ عَلَى أَنَّ إِيْجَابِ تَجْهِيزِهِ لِقَضَاءِ حَقِّهِ فَكَانَ عَلَى الْكِفَايَةِ لِصَيْرُورَةِ حَقِّهِ مَقْضِيَاً بِفِعْلِ الْبَعْضِ ...) .

---

[٣٥] فتح الباري : (١٠ / ٧٣٨ ـ ٧٣٩) ولخصهُ المناوي في "فيض القدير" : (٣ / ٣٩٠) ونقله المباركفوري في "تحفة الأحوذي" : (٨ / ٦ ـ ٧) بلفظه تماماً .

واتـە : شـوێنكەوتنی جـەنازە فـەرزە لـە سـەر هەنـدێك لـە موسـڵمانان وەكـو وەڵامدانەوەی سەلام ، وە زانایان كۆڕان لە سەر ئەوەی كە واجبێتی بەڕێخسـتنی لە بەر بەجێگەیاندنی مافـی ئەو موسڵمانەیە بە سەر براكانی‌یەوە ، بۆیە فەرزە لـە سـەر هەنـدێك لـە موسـڵمانان چـونكە مافەكـەی بـە جێدەهێنرێـت بـە كـردار و شوێنكەوتنی هەندێكیان ...

وَقَالَ أَيْضَاً : ("وَإِذَا مَاتَ فَاتَّبِعْهُ" أَيْ اتَّبِعْ جَنَازَتَهُ حَتَّى تُصَلِّي عَلَيْهِ ، فَإِنْ صَحِبْتَهُ إِلَى الدَّفْنِ كَانَ أَوْلَى)[٣٦].

واتە : مەبەست بە "ئەگەر مرد شوێنی كەوە" ئەوەیە كە شوێنی جەنازەكـەی كەویت بۆ ئەوەی نوێژی جەنازەی لە سەر بكەیت ، وە ئەگەر لە گەڵ جەنازەكـەدا بیت تاوەكو دەنێژرێت ئەوا چاكتر و لە پێشترە .

### * فەزڵی شوێنكەوتنی جەنازە :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((مَنْ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ وَلَمْ يَتْبَعْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ ، فَإِنْ تَبِعَهَا فَلَهُ قِيرَاطَانِ ، قِيلَ : وَمَا الْقِيرَاطَانِ ؟ قَالَ : أَصْغَرُهُمَا مِثْلُ أُحُدٍ))[٣٧].

---

[٣٦] فيض القدير : (٣ / ٣٩٠) .

[٣٧] صحيح البخاري رقم : (١٣٢٣) وصحيح مسلم رقم : (٩٤٥) واللفظُ له .

**واتە : هەرکەسێك نوێـژ لـە سـەر جەنازەیـەك بكـات و شـوێنی نەكـەوێت ئـەوا (قیراط)ێکـی دەسـت دەكـەوێت ، وە ئەگـەر شوێنیشـی کـەوێت ئـەوا دوو (قیراط)ی دەست دەکەوێت ، ووترا : دوو (قیراط) چیـیە ؟**

**فەرمووی : بچوکترینیان وەکو شاخی ئوحد وایە (واتـە : لە گەورەیی پاداشـت و قورسی خێرەکەیدا لە تەرازووی چاکەکاندا) .**

وفي رواية نـحوهُ : ((مَنْ خَرَجَ مَعَ جَنَازَةٍ مِنْ بَيْتِهَا وَصَلَّى عَلَيْهَا ثُمَّ تَبِعَهَا حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ مِنْ أَجْرٍ كُلُّ قِيرَاطٍ مِثْلُ أُحُدٍ ، وَمَنْ صَلَّى عَلَيْهَا ثُمَّ رَجَعَ كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ أُحُدٍ ...)) .

**واتە : هەرکەسێك لە گەڵ جەنازەیەکدا لە ماڵەوە دەرچێت و نوێژی لـە سـەر بكات و ئەنجا شوێنیشی کەوێت تاوەکو دەنێـژرێت ئـەوا دوو (قیراط) پاداشـتی بـۆ هەیە هەر یەك (قیراط)ی وەکو شاخی ئوحد وایە ، وە هەر کەسێك نوێـژی لـە سـەر بكات و ئەنجا بگەڕێتەوە ئەوا ئەوەندە پاداشتی بۆ هەیە وەکو شاخی ئوحد .**

وفي رواية أخرى نـحوهُ : (( ... قِيلَ : وَمَا الْقِيرَاطَانِ ؟ قَالَ : "مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ" ، قَالَ سَالِمُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ : وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يُصَلِّي عَلَيْهَا ثُمَّ يَنْصَرِفُ فَلَمَّا بَلَغَهُ حَدِيثُ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : لَقَدْ ضَيَّعْنَا قَرَارِيطَ كَثِيرَةً)) .

**واتە : ووترا : دوو (قیراط) چیـیە ؟ فەرمووی : وەکو دوو شاخی گـەورە وان لـە پاداشتدا ، (سالم)ی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی (عُمَر) فـەرمووی : (ابنُ عُمَر) نوێـژی**

له سـەر جـەنازە دەكـرد و دەگەڕایـەوە بـەڵام كاتێـك فەرموودەكـەی (أبو هريرة)ی پێگەیشت فەرمووی : بە ڕاستی چەندەها (قيراط)ی زۆرمان لە دەست داوە .

## شەشەم : ئامۆژگاری كردنی یەكتر ((وإذا استنصحك فانصح له)) :

قـال النـووي : (قَوْلـه (ﷺ) : "وَإِذَا اِسْتَنْصَـحَكَ" فَمَعْنَـاهُ طَلَـبَ مِنْـكَ النَّصِـيحَةَ ، فَعَلَيْـكَ أَنْ تَنْصَحَهُ ، وَلَا تُدَاهِنَهُ ، وَلَا تَغُشَّهُ ، وَلَا تُمْسِكَ عَنْ بَيَانِ النَّصِيحَة ، وَاللَّهُ أَعْلَم)[٣٨].

واتە : ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێت كرد ئەوا پێویستە لـە سـەرت ئامۆژگـاری بكەیت و چەورەی بۆ نەكەیت و فێڵ و غەشی لـێ نەكـەیت و خـۆت نەگریتـەوە لـە دەربڕینی ئامۆژگاری بۆی ، خواش زاناترە .

وَعَـنْ تَمِيمٍ الـدَّارِيِّ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَـالَ : ((الـدِّينُ النَّصِيحَةُ ، الـدِّينُ النَّصِيحَةُ ، الـدِّينُ النَّصِيحَةُ ، قُلْنَا لِمَنْ ؟ قَالَ : لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ))[٣٩].

واتــە : پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی : ئــایین ئامۆژگاری‌یــە ، ئــایین ئامۆژگاری‌یە ، ئایین ئامۆژگاری‌یە ، ووتمان بۆ كـێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ؟ فــەرمووی : بــۆ خــوا و كتێبەكـەی و پێغەمبەرەكـەی و پێشــەوای موســڵمانان و موسڵمانە سادەكانیش .

[٣٨] شرح صحيح مسلم : (٧ / ٢٦٤) .

[٣٩] صحيح مسلم رقم : (٥٥) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٢٦) .

قال الحافظ ابن رجب الحنبلي : (وأمَّا النصيحة للمسلمين : فبأن يُحِّبَ لهم ما يُحِّبَ لنفسهِ ، ويُشْفِقَ عليهم ، ويرحم صغيرهم ، ويُوَقِّرَ كبيرهم ، ويَحزَنَ لِحزنِهم ، ويفرح لِفرحهم ، وإنْ ضرَّهُ ذلك في دنياهُ كرخص أسعارهم ، وإنْ كان في ذلك فواتُ ما يبيعُ من تِجارتهِ ، وكذلك جميعُ ما يضرُّهم عامة ، ويُحِّبُ صلاحَهم وإلفتهم ودوام النِّعم عليهم ، ونصرهم على عدوهم ، ودفع كل أذى ومكروهٍ عنهم ...

وقال أبو عمرو ابن الصلاح : ... وَالنَّصِيحَةُ لِعَامَّةِ الْمُسْلِمِينَ : إِرْشَادهمْ إِلَى مَصَالِحِهمْ ، وتعليمهم أمور دينهم ودنياهم ، وَسِتْر عَوْرَاتهمْ ، وَسَدّ خَلَّاتهمْ ، ونصرتهم على أعدائهم ، والذَّب عنهم ، ومُجانبة الغَش والحسد لهم ، وَأَنْ يُحِبَّ لَهُمْ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ ، وَيَكْرَه لَهُمْ مَا يَكْرَه لِنَفْسِهِ ، وما شابه ذلك ...

ومن أنواع نُصحهم بدفع الأذى والمكروه عنهم : إثار فقيرهم وتعليم جاهلهم ، وردُّ من زاغَ منهم عن الحق في قولٍ أو عمل بالتلطف في ردِّهم إلى الحق ، والرِّفق بهم في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر محبةً لإزالة فسادهم ولو بحصول ضررٍ لهُ في دنياه ...)[٤٠].

**واتە : ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان بەوە دەبێت : کەوا هەرچی شتێکی پێ خۆش بوو بۆ خۆی ئەوا بۆ ئەوانیش پێی خۆش بێت ، وە ئەوەش کە بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ ئەوانیش پێی ناخۆش بێت ، وە سۆزی بۆیان هەبێت ، وە بەزەیی بێتەوە بە بچوکەکانیاندا ، وە ڕێزیش بگرێت لە گەورەکانیان ، وە غەمبار ببێت بە غەمبار بوونیان ، وە دڵ خۆش بێت بە دڵ خۆش بوونیان ، ئەگەر چی ئەمەش زیانی**

---

[٤٠] جامِعُ العُلوم والحِكَم : (١ / ٢٢٢ - ٢٢٣) .

هەبێت بۆی لە ڕووی دونیای‌یەوە وەکو دابەزین و کەم بوونەوەی نرخی شتومەکی بازاڕەکانیان ، وە ئەگەر چی ئەمەش لە دەست چوونی قازانجی شتە فرۆشراوەکانی تێدا ببێت ، وە هەروەها هەموو ئەوانەشی پێ‌ناخۆش بێت کە زیانیان پێ‌دەگەیەنێت بە شێوەیەکی گشتی ، وە دەبێت چاکێتی و خۆش حاڵی و بەردەوامی نیعمەتەکانی خوای بە سەر موسڵمانانەوە پێ‌خۆش بێت ، وە سەریان بخات بە سەر دوژمنەکانیانەوە ، وە هەموو ئازار و ناڕەحەتی‌یەکیان لێ‌دوور بخاتەوە .

وە هەروەها (ابن الصلاح الشهرزوري) فەرموویەتی : ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان بەگشتی بریتی‌یە لە : ڕێنمایی کردنیان بۆ بەرژەوەندی‌یەکانیان ، وە فێرکردنیان لە بوارەکانی ئایین و دین و دونیایاندا ، وە داپۆشینی عەورەت و عەیبە و کەم وکوڕی‌یەکانیان ، وە پڕکردنەوەی کەلێن و پێداویستی‌یەکانیان ، وە سەر خستنیان بە سەر دووژمنەکانیانەوە ، وە بەرگری لێ‌کردنیان ، وە خۆبەدوور گرتن لە فێڵ لێ‌کردن و حەسوودی پێ‌بردنیان ، وە هەرچی شتێکی پێ خۆش بوو بۆ خۆی ئەوا بۆ ئەوانیش پێی خۆش بێت ، وە ئەوەش کە بۆ خۆی پێی ناخۆشە بۆ ئەوانیش پێی ناخۆش بێت ، و هاوشێوەکانی ئەمانە ...

وە لە جۆرەکانی ئامۆژگاری بۆ موسڵمانان بە دوور خستنەوەی ئازار و ناڕەحەتی‌یەکان لێیان : پێش خستنی فەقیر و هەژارەکانیان ، وە فێرکردنی نەفام

و نەزانەکانیان ، وە گێڕانەوەی ئەوانەیان کە لـە گوفتـار و کـرداردا لایـان داوە لـە حەق و ڕاستی بە نەرم و نیانی لە کـاتی گێڕنەوەیانـدا بـۆ لای حـەق ، وە بـەزەیی پێهاتنەوە و نەرم و نیان بوون لە گەڵیاندا لە کاتی فەرمان پێکردنیان بە چاکە و قەدەغە کردنیان لە خراپە بە خۆشی نەهێشتن و لادانی گەندەڵی و خراپێتییـان ، ئەگەر چی ئەمەش زیانی هەبێت بۆی لە ڕووی دونیای‌یەوە ...

## حەوتەم : سەر خستنی ستەم لـێکراو ((نصر الـمظلوم)) :

قال الشيخ ابن العثيمين : (نَصْرُ الْمَظْلُومِ : يعنِي دفعُ الظلم عنه ، سواء كان ظلمه في المال أو في العِرض أو في النفس ، فيجب على المسلم أنْ ينصر أخاهُ المسلم ...)[٤١].

واتە : سەرخستنی ستەم لێکراو واتاکەی ئەوەیە بـەرگری لێبکـەیت و سـتەمی لـێ دوور بخەیتەوە ، جـا چ ئـەو سـتەمە لـە پـارە و ماڵـدا بێـت یـان لـە نـاموس و سومعەتدا بێت یـان لـە خـوود و خوێــندا بێـت ئـەوا واجـب و پێویســتە لـە سـەر موسڵمان کەوا برای موسڵمانی سەر بخات ...

وقال الحافظ : (قَوْلُهُ : "بَاب نَصْرِ الْمَظْلُومِ" : هُوَ فَرْضُ كِفَايَةٍ ، وَهُوَ عَامٌّ فِي الْمَظْلُومِينَ وَكَذَلِكَ فِي النَّاصِرِينَ ، بِنَاءً عَلَى أَنَّ فَرْضَ الْكِفَايَةِ مُخَاطَبٌ بِهِ الْجَمِيع وَهُوَ الرَّاجِحُ ، وَيَتَعَيَّنُ أَحْيَاناً

---

[٤١] شرح رياض الصالحين : (١ / ٦١٦) .

عَلَى مَنْ لَهُ الْقُدْرَة عَلَيْهِ وَحْدَهُ إِذَا لَمْ يَتَرَتَّبْ عَلَى إِنْكَارِهِ مَفْسَدَةٌ أَشَدُّ مِنْ مَفْسَدَةِ الْمُنْكَرِ ، فَلَوْ عَلِمَ أَوْ غَلَبَ عَلَى ظَنِّهِ أَنَّهُ لَا يُفِيدُ سَقَطَ الْوُجُوبُ وَبَقِيَ أَصْلُ الِاسْتِحْبَابِ بِالشَّرْطِ الْمَذْكُورِ ، فَلَوْ تَسَاوَتْ الْمَفْسَدَتَانِ تَخَيَّرَ ، وَشَرْطُ النَّاصِرِ أَنْ يَكُونَ عَالِمًا بِكَوْنِ الْفِعْلِ ظُلْمًا .

وَيَقَعُ النَّصْرُ مَعَ وُقُوعِ الظُّلْمِ وَهُوَ حِينَئِذٍ حَقِيقَة ، وَقَدْ يَقَعُ قَبْلَ وُقُوعِهِ كَمَنْ أَنْقَذَ إِنْسَانًا مِنْ يَدِ إِنْسَانٍ طَالَبَهُ بِمَالٍ ظُلْمًا وَهَدَّدَهُ إِنْ لَمْ يَبْذُلْهُ وَقَدْ يَقَعُ بَعْدُ وَهُوَ كَثِيرٌ ...)[٤٢].

**واتە : سەرخستنی ستەم لێکراو : فەرزە لە سەر هەندێك لە موسڵمانان پێی هەستن و ئەوەش گشتییە بۆ هەموو ستەم لێکراوێك ، هەروەها بۆ سەرخەرەکانیش ، لە گەڵ ئەوەشدا فەرزی سەر هەندێك ڕووبەرووی هەمووان دەکرێتەوە ئەمەشە بۆچوونی ڕاست ، وە هەندێك جار دەبێت بە فەرز لە سەر ئەو کەسەی کە بە تەنها توانای هەیە سەری بخات بە مەرجێك ئەو قەدەغەکردنی ستەمە زیان و خراپەیەکی توند و گەورەتری بە دواوە نەیەت کە لە زیان و خراپەی خودی ئەو خراپە و ستەمە توند و زیاتر بێت ، جا ئەگەر زانی یان زۆربەی گومانی بۆ ئەوە دەچوو کە سەرخستنەکەی سوودی نییە ئەوا واجب و فەرزێتی لە سەر دەکەوێت و بنچینەی سوننەتێتی سەرخستنی هەر دەمێنێت بەو مەرجەی پێشوو ، وە ئەگەر خراپە و زیانی هەردووکیان یەکسان بوو ئەوا ئازادە لە هەڵبژاردنی هەرکامێکیان ، وە مەرجی سەرخەریش بریتییە لەوەی کە دەبێ زانا بێت بەوەی کە ئەو کردارە ستەمە .**

---

[٤٢] فتح الباري : (٥ / ١٢٣ ـ ١٢٤) .

وە سەرخستن لە گەڵ ڕوودانی ستەمدا ڕوودەدات ئەمەش خوود و ناوەڕۆکی سەرخستنە ، وە هەندێك جار پێش ڕوودانی ستەمەکە ڕوودەدات وەکو ئەوەی کەسێك مرۆڤێك ڕزگار بکات لە دەستی مرۆڤێکی تر کە بە ستەم داوای پارە و ماڵێکی لێدەکات و هەڕەشەی لێدەکات ئەگەر پێینەدات ، وە هەندێك جاریش دوای ڕوودانی ستەمەکە سەرخستن ڕوودەدات کە ئەمەیان زۆرترینیانە ...

## هەشتەم : بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت ((إبرار القسم)) :

قال الحافظ : (قَوْله :"بِإِبْرَارِ الْمُقْسِمِ" أَيْ بِفِعْلِ مَا أَرَادَهُ الْحَالِفِ لِيَصِيرَ بِذَلِكَ بَارًّا)[43].

واتە : مەبەست بە "بەجێهێنانی سوێندی کەسێك سوێندی لێت خواردبێت" ئەوەیە : ئەو شتە ئەنجام بدەیت کەوا کەسی سوێند خۆر مەبەستێتی بۆ ئەوەی سوێندەکەی بە جێبێت و نەیشکێنێت و لە سەری نەکەوێت .

عَنْ أُسَامَةَ (رضي الله عنه) : أَنَّ ابْنَةً لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرْسَلَتْ إِلَيْهِ .. أَنَّ ابْنِي قَدِ احْتُضِرَ فَاشْهَدْنَا ، فَأَرْسَلَ يَقْرَأُ السَّلاَمَ وَيَقُولُ : إِنَّ لِلَّهِ مَا أَخَذَ وَمَا أَعْطَى ، وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِأَجَلٍ مُسَمًّى ، فَلْتَصْبِرْ وَتَحْتَسِبْ ، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ **تُقْسِمُ عَلَيْهِ** ، فَقَامَ وَقُمْنَا مَعَهُ ...))[44].

---

[43] فتح الباري : (١١ / ٦٦١) .

واتە : کچێکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بە دوای پێغەمبەردا (ﷺ) ... کەوا کوڕێکی لە سەرەمەرگدایە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادەی بێت ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئەو کەسەی ناردەوە و فەرمووی پێی بڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێدەکات و فەرموویەتی : (ئەوەی کە خوا بردوویەتی‌یەوە و ئەوەشی کە بەخشیویەتی هەمووی هەر هی خوایە ، و هەموو شتێکیش لای خوا کاتی دیاری کراوی خۆی هەیە ، لە بەر ئەمە با ئارام بگرێت و چاوەڕوانی پاداشت بێت لای خوا) ، ئەویش ناردی کەوا سوێندی خواردووە لە سەر پێغەمبەر (ﷺ) کەوا ئامادە ببێت ، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا و ئێمەیش لە گەڵیدا هەستاین و ڕۆیشتین ...

لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندی کچەکەیی بەجێ‌هێنا و ڕۆیشت بە دەم داواکەیەوە .

بەڵام ئەگەر بەجێهێنانی سوێندەکە زیان و ناڕەحەتی تێدا بوو ئەوا لەم حاڵەتەدا بەجێی ناهێنێت ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە تێیدا هاتووە (أبو بكر رضي الله عنه) خەوی پیاوێکی پەرژین و تەفسیر کرد و ئەنجا (أبو بكر رضي الله عنه) فەرمووی : (( ... فَأَخْبِرْنِي يَا رَسُولَ اللَّهِ ـ بِأَبِي أَنْتَ ـ أَصَبْتُ أَمْ أَخْطَأْتُ ؟ قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : أَصَبْتَ

---

(٤٤) صحيح البخاري رقم : (٦٦٥٥) وصحيح مسلم رقم : (٩٢٣) ، ولفظ مسلم : (( ... إِنَّهَا قَدْ أَقْسَمَتْ لَتَأْتِيَنَّهَا ...)) .

بَعْضَاً وَأَخْطَأْتَ بَعْضَاً ، قَالَ : فَوَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَتُحَدِّثَنِّي بِالَّذِي أَخْطَأْتُ ، قَالَ : لَا تُقْسِمْ))[٤٥].

**واته : هەواڵم بەرێ ئەی پێغەمبەری خوا ـ باوك و دایكم بە قوربانت بێت ـ ئایا پێكام یان هەڵەم كرد ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : هەندێكیت پێكا و هەندێكیشت هەڵەت كرد ، (أبو بكر رضي الله عنه) فەرمووی : سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبێت پێم بڵێیت ئەوەی كە هەڵە بوو كامەیە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : سوێند مەخۆ .**

قال النووي : (فِيهِ : دَلِيلٌ عَنْ أَنَّ إِبْرَارِ الْقَسَمِ إِنَّمَا يُؤْمَرُ بِهِ الْإِنْسَانُ إِذَا أَمْكَنَ اِحْتِمَالُهُ بِلَا مَشَقَّةٍ ، وَلَا تَكُونُ فِيهِ مَفْسَدَةٌ ، وَعَلَى هَذَا يُحْمَلُ الْحَدِيثُ بِإِبْرَارِ الْقَسَمِ)[٤٦].

**واته : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كە بەجێهێنانی سوێند كاتێك فەرمان دەكرێت بە مرۆڤ بە جێیبێنێت ئەگەر لە توانایدا بوو بە بێ ناڕەحەتی و بە بێ زیان و زەرەر ...**

وقال الحافظ : (قَالَ النَّوَوِيُّ : قِيلَ إِنَّمَا لَمْ يَبَرَّ النَّبِيُّ (ﷺ) قَسَمَ أَبِي بَكْرٍ لِأَنَّ إِبْرَارَ الْقَسَمِ مَخْصُوصٌ بِمَا إِذَا لَمْ يَكُنْ هُنَاكَ مَفْسَدَة وَلَا مَشَقَّة ظَاهِرَة ، فَإِنْ وُجِدَ ذَلِكَ فَلَا إِبْرَارَ .. وَفِي الْحَدِيثِ : .. وَأَنَّهُ لَا يُسْتَحَبُّ إِبْرَارُ الْقَسَمِ إِذَا كَانَ فِيهِ مَفْسَدَة)[٤٧].

---

[٤٥] صحيح البخاري رقم : (٧٠٤٤) وصحيح مسلم رقم : (٢٢٦٩) .

[٤٦] شرح صحيح مسلم : (١٢ / ٧٨) .

**واتــە : ووتــراوە پێغەمبــەر (ﷺ) ســوێندەکەی (أبو بکر ﷺ)ی بـە جێنـەهێنا چونکە بەجێهێنانی سوێند تايبەتە بەو حاڵەتەوە کە ناڕەحەتی و زيانی ئاشـکرای تێـدا نـەبێت ، جـا ئەگـەر ناڕەحـەتی و زيـانی ئاشـکرای تێـدا هـەبوو ئـەوا بـە جێناهێنرێت ...**

**وە ئەم فەرموودەيە بەڵگەيە لە سەر ئەوەی کە : سوننەت نـیيە سـوێند بـە جێبهێنرێت ئەگەر زەرەر و زيانی تێدا هەبوو .**

وقال الشيخ ابن العثيمين : (**إبــرار القســم** : يعني إذا أقسمَ عليكَ أخوك بشيءٍ فبِرَّهُ ووافِقْهُ على ما قسم عليه ، فإذا حلف قال : واللهِ لتفعلنَّ كذا وكذا ، فإنَّ من حقهِ عليك أنْ تبرَّ يمينه وأنْ تُوافقَهُ ، إلاَّ إذا كان في ذلك ضررٌ عليك ...لكن إذا لم يكن عدوان وحلفَ عليك فإنَّ من حقهِ أنْ تبرَّ بيمينه وتُعطيه ما حلف عليه ، إلاَّ إذا كان معصيةً ، فإذا كان معصيةً فلا تُجبهُ ، مثل لو أقسم عليك أنْ تعطيه دراهم يشتري بها دخان ، فهذا لا يجوز لك أنْ تُوافقه لأنَّك تُعينهُ على الإثم والعدوان ... ومن ذلك أيضاً إذا حلف ألاَّ تزور أحداً من إخوانك أو أعمامك أو أقاربك فلا تُطعهُ ، ولا تبرَّ يمينهُ ولو كان أباك ، لأنَّ [illegible]لةَ الرحم واجبة ، ولا يحلُّ له أنْ يحلفَ مثل هذا الحلف ...

وها هنا مسألة : وهي أنه رُبما يحلفُ هو وتحلف أنتَ ، وهذا يقع كثيراً في الضيف إذا نزل عليك ، قال : واللهِ ما تذبح لي ، فتحلفُ أنتَ وتقول : واللهِ لأذبح لكَ ، فهنا من الذي يُبرّ ؟ الأول أم الثاني ؟

---

(٤٧) فتح الباري : (١٢ / ٥٤٦) .

يُبرُّ الأول لأنَّ حقهُ ثابت ، ونقول للثاني صاحب البيت الذي حلف أنْ يذبح نقول : لا تذبح وَكَفِرْ عن يمينك ، لأنَّ الأولَ أحق بالبرِّ وأسبق ...)[٤٨].

واتە : بەجێهێنانی سوێند واتای ئەوەیە ئەگەر برایەکت سوێندی لە سەرت خوارد بە کردنی شتێك ئەوا بۆی بەجێبێنە و ڕێك بکەوە لە گەڵیدا لە سەر ئەوەی کە سوێندی لە سەر خواردووە ، جا ئەگەر سوێندی خوارد و ووتی : سوێند بە خوا دەبێت ئەوە و ئەوە بکەیت ، ئەوا مافی هەیە بە سەرتەوە کەوا سوێندەکەی بۆ بە جێبێنیت و ڕێك بکەویت لە گەڵیدا ، ئیللا مەگەر بەجێهێنانی ئەو سوێندە زیانی تێدا هەبێت بۆت ...

بەڵام ئەگەر دەست درێژی و ستەمی تێدا نەبوو و سوێندی لە سەرت خوارد ئەوا مافی هەیە بە سەرتەوە کەوا سوێندەکەی بۆ بەجێبێنیت و ئەوەی پێببەخشیت کە سوێندی بۆ خواردووە ئیللا مەگەر تاوان بێت ، جا ئەگەر تاوان بوو ئەوا وەڵامی مەدەرەوە و بۆی بە جێمەهێنە .

بۆ نموونە ئەگەر سوێندی لە سەرت خوارد کەوا چەند دیرهەمێکی بدەیتێ بۆ ئەوەی جگەرەی (دوکەڵی) پێ بکڕێت ، ئەوا ئەمە پێویست نییە لە سەرت ، بەڵکو دروست نییە بۆت وەڵامی بدەیتەوە و ڕێك بکەویت لە گەڵیدا چونکە تۆ هاوکاری دەکەیت لە سەر تاوان و دەست درێژی و ستەم .

---

[٤٨] شرح رياض الصالحين : (١ / ٦١٦ - ٦١٧) .

هەروەها لە وێنەی ئەمە : ئەگەر سوێندی خوارد کەوا سەردانی کەس نەکەیت لە برا و مام و خزم و کەسانی دۆست و نزیك ئەوا گوێڕایەڵی نەکەیت و سوێندەکەی بۆ بەجێمەهێنە ئەگەر چی باوکیشت بوو ، چونکە بەجێهێنان و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی واجبە و فەرزە ، وە حەڵاڵ و دروست نییە بۆ ئەو کەوا وێنەی ئەم سوێندە بخوات ...

وە لێرەدا پرسیارێك هەیە کە بریتییە لەوەی : هەندێك جار ئەو سوێند دەخوات و تۆش سوێند دەخۆیت ، و ئەمەش زۆر جارێك لە کاتی میوانداریدا ڕوو دەدات کاتێك کەوا میوانت دێت ، میوانەکە دەڵێت : سوێند بە خوا نابێت هیچ سەرببڕیت بۆم ، تۆش سوێند دەخۆیت و دەڵێیت : سوێند بە خوا سەری دەبڕم بۆت ، لێرەدا ئایا کێ سوێندی ئەوی تر بەجێبێنێت ؟ یەکەم یان دووەم ؟

دەبێت سوێندی یەکەم کەس بەجێبهێنرێت ، چونکە مافی ئەو دامەزرا و جێگیر بووە ، وە بە کەسی دووەمیش ــ کە خاوەن ماڵەکەیە کەوا سوێندی خوارد شتێك سەر ببڕێت ــ دەڵێین : هیچ سەر مەبڕە و کەفارەت و قەرەبووی سوێندەکەت بدە ، چونکە کەسی یەکەم شایستە تر و لە پێش ترە بەوەی کە سوێندەکەی بەجێبهێنرێت ...

**سودێك** : کەفارەتی سوێند بەوە دەبێت کەوا (خواردن بدەیت بە دە (١٠) هەژار لەو خواردنە مامناوەندەی کە دەیدەیت بە کەسوکارت ، یان جلوبەرگی

(١٠) هەژار ، یان ئازاد کردنی کۆیلەیەك ، وە ئەگەر کەسێك ئەمانەی نەبوو ئەوا با سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت) وەك لەم ئایەتەدا ڕوون کراوەتەوە کە خوای گەورە تێیدا فەرموویەتی :

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ ۖ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ۚ ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ (٨٩)﴾ [سورة المائدة] .

## نۆیەم : خواردن دان بە کەسانی برسی ((أطعموا الجائع)) :

قال الحافظ : (قَالَ الْكَرْمَانِيُّ : الْأَمْرُ هُنَا لِلنَّدَبِ ، وَقَدْ يَكُونُ وَاجِبًا فِي بَعْضِ الْأَحْوَالِ)[٤٩].

**واتە : فەرمان کردن بە خواردن دان بە کەسانی برسی لێرەدا مەبەست پێی وایە سوننەتە ، وە هەندێك جاریش خواردن دان بە کەسانی برسی دەبێت بە واجب و فەرز لە هەندێك حاڵەتدا .**

وقال الحافظ ابن رجب بعد أنْ ذكر عدة أحاديث في هذا الباب : (وهذا يدل على وجوب مواساة الجائع من الجيران وغيرهم) ، ثُمَّ ذكر حديث أبي موسى الأشعري هذا : " أَطْعِمُوا الْجَائِعَ ..." [٥٠].

---

[٤٩] فتح الباري : (٩ / ٦٤٣) .

**واتـه : ئەمـه بەڵگەیـه لـه سـەر ئـەوەی کـەوا واجـب و پێویسـتە هاوکـاری و یارمەتی کەسانی برسی بدرێت لە دراوسێکان و جگە لەوانیش .**

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) أَنَّهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لَيْسَ الْمُؤْمِنُ الَّذِي يَشْبَعُ وَجَارُهُ جَائِعٌ إِلَى جَنْبِهِ وَهُوَ يَعْلَمُ بِهِ))[٥١].

**واتـه : ئـەو کەسـە ئیمانـدار نـیـە کـەوا خـۆی تێـرە و دراوسـێکەی بـە لا شانییەوە برسییە و ئەمیش پێی دەزانێت .**

قال المناوي : (المراد نفي الإيمان الكامل ، وذلك لأنه يدلُّ على قسوة قلبه ، وكثرة شحه ، وسقوط مُروءته ، وعظيم لؤمه ، وخُبث طويته)[٥٢].

---

[٥٠] جامع العلوم والحِكَم : (١ / ٣٥٢) .

[٥١] صحيح الجامع الصغير رقم : (٥٥٠٥) وصحيح الأدب المفرد رقم : (١١٢) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم (١٤٩) ، قال الشيخ الألباني : (وفي الحديث : دليلٌ واضح على أنهُ يَحْرُمُ على الجار الغني أنْ يدع جيرانه جائعين ، فيجبُ عليهِ أنْ يُقدِّم إليهم ما يدفعونَ بِهِ الجوعَ ، وكذلك ما يكتسون بهِ إنْ كانوا عُراة ، ونحو ذلك من الضروريات ...) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١/٢٨٠) .

**واتە : ئەم فەرموودەیە : بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە حرامە بـۆ دراوسـێی دەوڵەمەنـد وازبێنێـت لـە دروسـێکانی بـە برسـێتی ، بـەڵکو واجـب و پێویسـتە لـە سـەری ئەوەنـدە خواردنیان پێ ببەخشێت کەوا برسێتییەکانی پێ لابەرن ، هەروەها ئەوەش کـە خۆیـانی پـێ پۆشـتە بکەنەوە لە جل و بەرگ ئەگەر ڕووت بوون ، وە هەروەها وێنەی تری ئەمانە لە پێداویستییەکان .**

[٥٢] فيض القدير : (٥ / ٤٠٧) .

واتە : مەبەست ئەوەیە ئیمانی کامڵ و تەواو نی‌یە ، ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە ئەم سیفەتە بەڵگەیە لە سەر دڵ ڕەقی و زۆر ڕەزیلی و پیسکەیی و چروکی و نەبوونی پیاوەتی و زۆر بێمێشکی و پیسێتی ناخی ئەو کابرا دەوڵەمەندە .

*** فەزڵ و گەورەیی پاداشتی خواردن دان بە موسڵمانان بە گشتی و فەقیر و هەژارەکان بە تایبەتی :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنهما) : ((أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ (ﷺ) أَيُّ الإِسْلَامِ خَيْرٌ ؟ قَالَ : **تُطْعِمُ الطَّعَامَ** ، وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ))(٥٣).

واتە : پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) کام سیفەت و کردەوە لە ئیسلامدا چاکترە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : خواردن بدەی بە دەرخواردی موسڵمانان ، وە سەلامیش بکەیت لە هەموو ئەو موسڵمانانەی کە دەیانناسێت و ئەوانەش کە نایان ناسیت .

وَعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَامٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَفْشُوا السَّلَامَ ، **وَأَطْعِمُوا الطَّعَامَ** ، وَصِلُوا الأَرْحَامَ ، وَصَلُّوا بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ ، تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ بِسَلَامٍ))(٥٤).

---

(٥٣) صحيح البخاري رقم : (١٢) و (٢٨) و (٦٢٣٦) وصحيح مسلم رقم : (٣٩) .

(٥٤) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٢٥١) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم (٥٦٩) .

واته : ئەی خەڵکینه : سەلام کردن له نێوانتانا بڵاوبکەنەوه و خواردن بدەن به موسڵمانان و پەیوەندی خزمایەتی به جێبێنن و شەونوێژ بکەن له کاتێکدا که خەڵك خەوتووه بۆ ئەوەی بچنه بەهەشتەوه به سەلامەتی .

## دەیەم : ئازاد کردنی دیل و دەست بەسەردا گیراو ((**فكوا العاني**)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَفُكُّوا الْعَانِيَ" أَيْ خَلِّصُوا الْأَسِيرَ ، مِنْ فَكَكْتُ الشَّيْءَ فَانْفَكَّ) .. (قَالَ اِبْنُ بَطَّال : فِكَاكُ الْأَسِيرِ وَاجِبٌ عَلَى الْكِفَايَةِ ، وَبِهِ قَالَ الْجُمْهُورُ ...)[٥٥].

واته : مەبەست به "وَفُكُّوا الْعَانِيَ" ئەوەیه که : دیل و بەندکراوەکان ئازاد بکەن ... وه (ابن بطال) فەرموویەتی : ئازاد کردنی دیل و بەند کراو واجب و پێویسته له سەر هەندێك له موسڵمانان که بتوانن بەو کاره هەستن ئەمەش ووتەی زۆرینەی زانایانه ...

## یازدەیەم : هاوکاری کردن و بەدەم یەکترەوه هاتن ((**التعاون والتكاتف**)) :

یەکێکی تر له مافەکانی موسڵمان به سەر برای موسڵمانی‌یەوه بریتی‌یه له : **هاوکاری کردنی یەکتر** له سەر چاکەکاری و خۆپارێزی کردن له تاوان و

[٥٥] فتح الباري : (٩ / ٦٤٣) شرح الحديث رقم : (٥٣٧٣) و (٧ / ٢٠١) شرح الحديث رقم : (٣٠٤٦) .

**بەدەم یەکترەوە هاتن** لە کاتی تەنگانە و ناهەمواری و ناڕەحەتیدا ، قال الله تعالى : ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ﴾ [سورة المائدة] .

**واتە : هاوکاری یەکتر بکەن لە سەر چاکەکاری و خۆپاریزی کردن لە تاوان .**

قال ابن العثيمين : (**التعاون** : معناهُ التساعد ، وأنْ يُعين الناس بعضهم بعضا على البِرِّ والتقوى ، فالبِرُّ : فعلُ الخير ، و**التقوى** : اتقاء الشر ...

فأمَّا ما فيه الخير فالتعاون عليه أنْ تُساعدَ صاحبك على هذا الفعل وتيسر له الأمر ... ، وأمَّا الشر فالتعاون فيه بأنْ تُحَذِّرَ منه ، وأن تمنعَ منه ما استطعت ، وأنْ تُشير على من أراد أنْ يفعله بتركِهِ وهكذا .

فالبِرُّ : فعلُ الخير ، والتعاون عليه : التساعد عليه وتيسيرهُ للناس ، والتقوى : اتقاء الشر ، والتعاون عليه : بأنْ تَحول بين الناس وبين فعل الشر ، وأنْ تُحَذِّرَهم منه ...)[٥٦].

**واتە : (التعاون) هاوکاری کردن : یارمەتی دانی یەکتر دەگەیەنێت ، بەوەی کە خەڵك هەندێکیان یارمەتی هەندێکی تریان بدەن لە سەر چاکەکاری و خۆپارێزی کردن لە تاوان ، (البِرُّ) : بریتییە لە چاکە کردن ، وە (التقوى) بریتییە لە خۆپارێزی کردن لە خراپە و تاوان .**

---

[٥٦] شرح رياض الصالحين : (١ / ٤٩٥) .

جا ئەوەی چاکەی تێدایە هاوکاری کردن تێیدا بریتیە لەوەی کە یارمەتی برادەر و هاوەڵەکەت بدەیت لە سەر کردنی ئەو چاکەیە و کار ئاسانی کردن بۆ ئەنجام دانی ...

وە ئەوەی کە خراپەی تێدایە هاوکاری کردن تێیدا بریتیە لەوەی برادەر و هاوەڵەکەت ووریا و ئاگادار بکەیتەوە لەو خراپەیە و تا لە تواناتیشدا هەیە ڕێگری لێبکەیت بۆ ئەنجام نەدانی و ئامۆژگاری ئەو کەسەیش بکەیت کە دەیەوێت ئەنجامی بدات بە نەکردنی ئەو خراپەیە بەم شێوەیە .

(**البِرُّ**) : بریتی‌یە لە کردنی چاکە ، وە هاوکاری کردن تێیدا بریتی‌یە لەوەی کە یارمەتی بدەیەت و کارئاسانی بکەیت بۆ خەڵك لە سەر ئەنجام دانی ، وە (**التقوى**) بریتی‌یە لە خۆپارێزی کردن لە خراپە و تاوان ، وە هاوکاری کردن تێیدا بریتی‌یە لەوەی کە ببیتە ڕێگر و بەربەست لە نێوان خەڵك و ئەنجامدانی ئەو خراپەیەدا ، وە ووریا و ئاگاداریان بکەیتەوە لەو خراپەیە ...

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : (( ... [مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ...] ...))[٥٧].

---

[٥٧] جزء من حديث مطول ستأتي تخريجهُ في التعليقة رقم : (٦١) ص : (٧٣) .

**واتــه : هــەر كەســێك لــه پێویســتی بــرای موســڵمانیدا بێــت ئــەوا خــوا لــه پێویستیدا دەبێت ، وه هەر كەسێك ناڕەحەتــیــەك لــه ســەر موســڵمانێك لابــەرێت ئەوا خوا ناڕەحەتییەك له ناڕەحەتییەكانی قیامەتی له سەر لادەبات ...**

قال الشيخ ابن العثيمين : (يعني أنَّك إذا كنت في حاجة أخيك تقضيها وتُساعدهُ عليها ، فإنَّ اللهَ تعالى يُساعدك في حاجتك ويُعينك عليها جزاءً وِفاقاً)[٥٨].

**واتــه : ئەگــەر تــۆ لــه هاوكــاری كردنــی براكەتــدا بیــت بــه جێبــەجێ كردنــی پێداویستییەكانی و یارمەتی دانی بۆ دابین كردنی ئەوا خــوای پایەبــەرز یارمــەتیت دەدات له پێداویستییەكاندا و هاوكاریت دەكات بۆ دابین كردنــی وەك پاداشــتێكی بەرامبەر بە یەكتر .**

وقال الحافظ ابن حجر : (قَوْلُهُ : "وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ" فِي حَدِيث أَبِي هُرَيْرَةَ عِنْد مُسْلِم : "وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْد فِي عَوْنِ أَخِيهِ" ...

فِي الْحَدِيثِ حَضٌّ عَلَى التَّعَاوُنِ وَحُسْنِ التَّعَاشُرِ وَالْأُلْفَةِ ، وَفِيهِ أَنَّ الْمُجَازَاةَ تَقَعُ مِنْ جِنْس الطَّاعَات)[٥٩].

**واتــه : لــه ڕیوایــەتێكی تــردا هــاتووه : خــوای پــەروەردگار لــه هاوكــاری بەندەكەیدایه چەندێك بەنده له هاوكاری برای موسڵمانیدا بێت ...**

---

[٥٨] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٣) .

[٥٩] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٥ / ١٢١ ـ ١٢٢) ، والحديث أخرجهُ مسلم في صحيحه رقم : (٢٦٩٩) .

**وە ئەم فەرموودەیە هاندانی تێدایە بۆ هاوکاری کردنی یەکتر و بە چاکە هەڵسوکەوت کردن و کراوەیەتی لە ڕووی یەکتردا ، وە ئەوەشی تێدایە کە پاداشت لە جۆری کردارەکان دەبێت .**

وقال الشيخ ابن العثيمين : (قوله : " وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ " : الكربُ ما يضيق على الإنسان ويُشق عليه ، ويجد في نفسهِ هَمَّاً وغَماً ، فإذا فَرَّجتَ عن أخيك هذه الكُربة فرَّج اللهُ عنك كربةً من كُرَب يوم القيامة .

وتفريج الكُربات في أمور متعددة :

إنْ كانت كُرْبةً ماليةً فبإعطائهِ المال الذي تزول بهِ الكربة ، وإنْ كانت معنوية فبالحرص على رَدِّ معنوياتهِ ورَدِّ اعتبارهِ حتى تزول عنهُ الكُربة ، وإذا كانت كُربة همٍّ وغَم فبأنْ تُوسِّعَ عليه وتُنَفِّسَ لهُ ، وتُبين لهُ أنَّ الأمور لا تدوم ، وأنَّ دَوام الحال من المَحال ، وتُبين لهُ ما في هذا من الأجر والثواب العظيم ، حتى تُهَوِّنَ عليهِ الكُربة)[٦٠].

**واتە : ناڕەحەتی ئەو تەنگانەیەیە کە دێت بە سەر مرۆڤدا و ناهەمواری دەکات و هەست بە غەم و پەژارە دەکات ، جا ئەگەر ئەم تەنگی و ناڕەحەتیە لە سەر براکەت لابەریت ئەوا خوا ناڕەحەتیەك لە ناڕەحەتیەکانی قیامەت لە سەرت لادەبات .**

**وە لابردنی ناڕەحەتیەکان بە چەند شێوازێك دەبێت :**

---

[٦٠] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٣) .

ئەگەر ناڕەحەتی‌یەکە ماڵی و مادی بوو ئەوا لابردنی بەوە دەبێت کە ئەوەندە ماڵ و مادەی بدەیتێ کە ناڕەحەتی‌یەکەی پێ‌لادەبرێت ، وە ئەگەر مەعنەوی بوو ئەوا بە سوور بوون لە سەر گێڕانەوەی (مەعنەویاتی) و گێڕانەوەی باوەڕبەخۆ بوونی تاوەکو ناڕەحەتی‌یەکەی لە سەر لادەچێت ، وە ئەگەر ناڕەحەتی‌یەکە غەم و پەژارە بوو ئەوا لابردنی بەوە دەبێت کە دڵی بدەیتەوە و باری سەر دڵی کەم کەیتەوە و بۆی ڕوون بکەیتەوە کەوا تەنگانەکان بەردەوام نابن ، و بەردەوامی حاڵەتێك مەحاڵە ، و بۆشی ڕوون بکەیتەوە کە ئەو تەنگی و ناڕەحەتی‌یە چەند پاداشتی گەورەی تێدایە ، تاوەکو ناڕەحەتی‌یەکەی لە سەر کەم بێتەوە .

## دوانزەیەم : خۆپاراستن و خۆدوور ڕاگرتن لە سیفەتە خراپەکان لە ئاستی یەکتردا ((التحرز والابتعاد عن الصفات السيئة تجاه بعضهم البعض)) :

بنەما و بنچینە (الأصل) لەم خاڵەدا بریتی‌یە لە ئایەتی (١٢)ی سورەتی (الحجرات) و فەرموودەکەی (أبو هريرة رضي الله عنه) :

قال الله تعالى : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ وَلَا تَجَسَّسُواْ وَلَا يَغۡتَب بَّعۡضُكُم بَعۡضًاۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٞ رَّحِيمٞ ١٢﴾ [سورة الحجرات] .

**واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتـان بـە دوور بگـرن لـە زۆربـەی گومانەکان چونکە هەنـدێك لـە گومانـەکان تاوانـە ، و چـاودێری یـەکتر مەکـەن ، و غەیبەت و زەمی یەکتر مەکەن .. ئایا یـەکێك لـە ئێـوە پێ‌ی‌خۆشـە گۆشـتی بـرای خۆی بخوات بە مردوویی کـە پێتـان ناخۆشـە ، و خۆپـارێزی بکـەن لـە پێچـەوانە کردنـی فەرمانـەکانی خـوا و تاوانکـاری .. خـوای پـەروەردگار لـێ‌بووردە و بـە بەزەیی‌یە .**

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : (([إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ ، وَلَا تَحَسَّسُوا ، وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا تَنَافَسُوا] ، وَلَا تَحَاسَدُوا ، وَلَا تَنَاجَشُوا ، وَلَا تَبَاغَضُوا ، وَلَا تَدَابَرُوا ، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ ، [وَلَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَتْرُكَ] ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَاناً .

الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لَا يَظْلِمُهُ ، [وَلَا يُسْلِمُهُ] ، [وَلَا يَخُونُهُ ، وَلَا يَكْذِبُهُ] ، وَلَا يَخْذُلُهُ ، وَلَا يَحْقِرُهُ ، [وَمَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ كَانَ اللَّهُ فِي حَاجَتِهِ ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ] ، التَّقْوَى هَا هُنَا وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ .

[إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى أَجْسَادِكُمْ وَلَا إِلَى صُوَرِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ [وَأَعْمَالِكُمْ] وَأَشَارَ بِأَصَابِعِهِ إِلَى صَدْرِهِ] ، [وَيَقُولُ : وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ ، مَا تَوَادَّ اثْنَانِ فَيُفَرِّقَ بَيْنَهُمَا إِلَّا بِذَنْبٍ يُحْدِثُهُ أَحَدُهُمَا .

وَكَانَ يَقُولُ : لِلْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ : يُشَمِّتُهُ إِذَا عَطَسَ ، وَيَعُودُهُ إِذَا مَرِضَ ، وَيَنْصَحُهُ إِذَا غَابَ أَوْ شَهِدَ ، وَيُسَلِّمُ عَلَيْهِ إِذَا لَقِيَهُ ، وَيُجِيبُهُ إِذَا دَعَاهُ ، وَيَتْبَعُهُ إِذَا مَاتَ ، وَنَهَى عَنْ هِجْرَةِ الْمُسْلِمِ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ]))[٦١].

**واته : ئامان ووریای گومان بن چونكه گومان درۆترین ووتەی دەروونە ، و چاوە چاوە مەكەن بۆ موسڵمانان ، و جاسوسی مەكەن ، و پێشبڕكێ مەكەن بۆ دونیا ، و حەسودی بە یەكتر مەبەن ، و نرخی شتومەك لەسەر یەكتر گران مەكەن ، و ڕقتان لە یەكتر نەبێت ، و پشت لە یەكتر هەڵمەكەن ، و مامەڵە و كڕین و فرۆشتن مەكەن بە سەر مامەڵەی یەكتر ، و خوازبێنی ژن مەكەن بە سەر خوازبێنی براتان تاوەكو ئەو مارەی دەكات یان وازدێنێت ، وە ببن بە بەندەی خوا و برای یەكتر .**

[٦١] صحيح البخاري رقم : (٦٠٦٤) و (٦٠٦٥) و (٦٠٦٦) ، وصحيح مسلم رقم : (٢٥٦٣) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٩٢٧) ، وصحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٩٣) ، ومسند الإمام أحمد رقم : (٥٣٥٧) ، وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٧٠٦) ، وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٨٨٥) و (٣٤٩٥) ، وانظر : "جامعُ العلوم والحِكم" : (٢ / ٢٥٧ ـ ٢٥٩) .

**تنبيهٌ لطلبة العلم :**

أصل الحديث أخرجهُ الإمام مسلم رقم : (٢٥٦٣) والرواية التي جعلتُها أصلاً للحديث هي أهم الروايات وأجمعها ، قال المنذري في "الترغيب والترهيب" : (رواهُ مالك والبخاري ومسلم واللفظ له ، **وهو أهم الروايات**) ، وقال الحافظ ابن حجر في [فتح الباري : (١٠ / ٤٩٤)] بعد أنْ ذكر بعض زوائد هذا الحديث : (وَهَذِهِ الطَّرِيق .. **أَجْمَعُ مَا وَقَفْتُ عَلَيْهِ مِنْ طُرُقِ هَذَا الْحَدِيث** عَنْ أَبِي هُرَيْرَة ... وَهُوَ حَدِيثٌ عَظِيمٌ اِشْتَمَلَ عَلَى جُمَلٍ مِنْ الْفَوَائِدِ وَالْآدَابِ الْمُحْتَاج إِلَيْهَا) ، لكنني ضممتُ إليها زوائدها ووضعتها في أماكنها المناسبة لها ـ وذلك حسب علمي القاصر ـ اتباعاً لطريقة إمام أهل الحديث في زمانه المُحدِّث العلامة الشيخ الألباني رحمه الله .

موسڵمان برای موسڵمانە ستەم و زوڵمی لێناکات ، و خیانەتی لێناکات ، و درۆی لە گەڵدا ناکات و بە درۆشی ناخاتەوە ، و دەست بە سەری ناکات ، و سەرشۆڕی ناکات ، و بە چاوی سووك و کەم ڕێزەوە سەیری ناکات ، وە هەر کەسێك لە پێویستی برای موسڵمانیدا بێت ئەوا خوا لە پێویستیدا دەبێت ، و هەر کەسێك ناڕەحەتی‌یەك لە سەر موسڵمانێك لابەرێت ئەوا خوا ناڕەحەتی‌یەك لە ناڕەحەتی‌یەکانی قیامەتی لە سەر لادەبات ، و هەر کەسێك عەیبە و کەم وکوڕی موسڵمانێك دابپۆشێت ئەوا خوا عەیبە و کەم وکوڕی دادەپۆشێت لە قیامەتدا ، لە خوا ترسان ئا لێرەدایە ـ سێ جار ئاماژەی کرد بۆ سنگی ـ ، بەسە بۆ خراپێتی موسڵمان کە بە چاوی سووك و کەم ڕێزەی‌یەوە سەیری برای موسڵمانی بکات ، هەموو موسڵمانێك خوێن و

ماڵ و ناموسی حەرامە لە سەر موسڵمان .

خوا سەیری لاشە و وێنەتان ناکات بەڵکو سەیری دڵ و کردەوەکانتان دەکات ـ وە بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد بۆ سنگی ـ ، وە فەرمووی : سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بە دەستە دوو کەس نی‌یە خۆشەویستی یەکتربن و جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە ئیللا بە هۆی تاوانێکەوە نەبێت کە یەکێکیان ئەنجامیداوە .

هەروەها فەرمووی : موسڵمان شەش مافی هەیە بە سەر موسڵمانەوە : دوعای بۆ دەکات ئەگەر پژمی ، و سەردانی دەکات ئەگەر نەخۆش کەوت ، و

ئامۆژگاری دەکات ئەگەر دیار نەبوو یان ئامادەش بوو ، و سەلامی لێدەکات ئەگەر پێی گەیشت ، و وەڵامی دەداتەوە ئەگەر دەعوەتی کرد ، و شوێنیشی دەکەوێت ئەگەر مرد ، وە قەدەغەی کردووە موسڵمان قسە لە گەڵ موسڵماندا نەکات و پشتی لێ‌هەڵبکات زیاتر لە سێ ڕۆژ .

قال الحافظ : (وَهُوَ حَدِيثٌ عَظِيمٌ اِشْتَمَلَ عَلَى جُمَلٍ مِنْ الْفَوَائِدِ وَالْآدَابِ الْمُحْتَاجِ إِلَيْهَا)[٦٢].

واتە : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی زۆر گەورەیە و چەندین سوود و ئاکار و ئادابی لە خۆ گرتووە کە موسڵمانان پێویستیان پێیان هەیە .

وقال أيضاً : (قَوْلُهُ : "الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ" هَذِهِ أُخُوَّةُ الْإِسْلَامِ ...)[٦٣].

واتە : مەبەست بە "موسڵمان برای موسڵمانە" بریتی‌یە لە : برایەتی ئیسلام .

لەم ئایەت و فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت چەندین **سیفەت و ڕەوشت و ئاکاری خراپ** هەیە کەوا پێویستە **خۆپارێزی لێبکرێت و خۆی لێ‌بەدوور ڕابگرێت لە ئاستی یەکتردا** کە بریتین لە :

---

[٦٢] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١٠ / ٥٩٤) .

[٦٣] الفتح : (٥ / ١٢١) .

١ ـ **گومـانی خـراپ بـردن بـە یـەکتر** ﴿ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ﴾ .. **((إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ))** :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ" : قَالَ الْخَطَّابِيُّ وَغَيْره : لَيْسَ الْمُرَاد تَرْك الْعَمَل بِالظَّنِّ الَّذِي تُنَاط بِهِ الْأَحْكَام غَالِبًا ، بَلْ الْمُرَادُ تَرْك تَحْقِيقُ الظَّنِّ الَّذِي يَضُرُّ بِالْمَظْنُونِ بِهِ ، وَكَذَا مَا يَقَع فِي الْقَلْبِ بِغَيْرِ دَلِيلٍ ، وَذَلِكَ أَنَّ أَوَائِلَ الظُّنُونِ إِنَّمَا هِيَ خَوَاطِرُ لَا يُمْكِن دَفْعهَا ، وَمَا لَا يَقْدِرُ عَلَيْهِ لَا يُكَلَّف بِهِ ، وَيُؤَيِّدهُ حَدِيث " تَجَاوَزَ اللَّهُ لِلْأُمَّةِ عَمَّا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسهَا " ...

**واتە : فەرموودەی "ئامان ووریا بن لە گومان بردن بە یەکتر" مەبەست پـێی ئـەوە نـیـیە کـە وازبهێنرێت لـە کـارکردن بـەو گومانـەی کـەوا زۆرجارێك حوکمە شـەرعـیـیەکانی پێوە بەنـدە ، بـەڵکو مەبەسـت ئەوەیـە وازبهێنرێـت لـە گـەڕان و بەجێهێنانی ئەو گومانەی کە زەرەر و زیانی هەیە بە گومان پێبراو ، هـەروەها لـەو گومانەی کە دەکەوێتە نا دڵەوە بە بێ بەڵگە ، چونکە سەرەتای گومـان بـریتـییە لە خوتورە و ووتەی دەروون کە ناتوانرێت ڕەت بکرێتەوە ، وە ئەوەش کـە مرۆڤـ توانای بە سەردا نەبێت ئەرك و تەکلیفی پێ ناکەوێتە سـەر و ئـەم فەرموودەیـەش پاڵپشـتی ئەمـە دەکـات : کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : "خـوا چاوپۆشـی ئەوەی کردووە بۆ ئوممەتەکەم کە دەروونی پێیڕادەگەیەنێت" ..**

وَقَالَ الْقُرْطُبِيُّ : الْمُرَادُ بِالظَّنِّ هُنَا التُّهْمَةُ الَّتِي لَا سَبَبَ لَهَا كَمَنْ يَتَّهِم رَجُلًا بِالْفَاحِشَةِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَظْهَر عَلَيْهِ مَا يَقْتَضِيهَا ، وَلِذَلِكَ عَطَفَ عَلَيْهِ قَوْله : " وَلَا تَجَسَّسُوا " وَذَلِكَ أَنَّ الشَّخْصَ يَقَع لَهُ خَاطِرُ التُّهْمَةِ فَيُرِيدُ أَنْ يَتَحَقَّقَ فَيَتَجَسَّسَ وَيَبْحَث وَيَسْتَمِع ، فَنُهِيَ عَنْ ذَلِكَ .

واتە : مەبەست بە گومان لێرەدا بریتی‌یە لە تۆمەتبار کردنێك کە هۆکاری نی‌یە وەکو ئەوەی کەسێك پیاوێك تۆمەتبار بکات بە خراپەکاری بە بێ ئەوەی شتێکی پێوە دیار بێت کە داخوازی ئەوە بکات ، بۆیە لە بەر ئەمە بەدوایدا فەرموویەتی : "چاودێری یەکتر مەکەن" چونکە مرۆڤ خوتورەی تاوانبارکردن کەوتە دەروونیوە دەیەوێت بە دوایدا بگەڕێت بۆ جێ‌بەجێکردن و بە دیهێنانی بۆیە چاودێری دەکات و لێدەکۆڵێتەوە و دەگەڕێت و دەبیسێت لە بەر ئەمە ئەوەی لێ‌قەدەغە کراوە .

وَهَذَا الْحَدِيث يُوَافِق قَوْله تَعَالَى : ﴿ٱجْتَنِبُوا۟ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا۟ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا ﴿١٢﴾﴾ [الحجرات] ، فَدَلَّ سِيَاق الْآيَة عَلَى الْأَمْر بِصَوْنِ عِرْضِ الْمُسْلِمِ غَايَةَ الصِّيَانَةِ لِتَقَدُّمِ النَّهْي عَنْ الْخَوْضِ فِيهِ بِالظَّنِّ ، فَإِنْ قَالَ الظَّانُّ أَبْحَثُ لِأَتَحَقَّقَ ، قِيلَ لَهُ : ﴿**وَلَا تَجَسَّسُوا**﴾ ، فَإِنْ قَالَ : تَحَقَّقْتُ مِنْ غَيْرِ تَجَسُّسٍ قِيلَ لَهُ : ﴿**وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا**﴾ ...

وە ئەم فەرموودەیە گونجاوە لە گەڵ ئەم ئایەتەدا کە خوای گەورە تێیدا فەرموویەتی : ﴿خۆتان بە دوور بگرن لە زۆربەی گومانەکان چونکە هەندێك لە گومانەکان تاوانە ، و چاودێری یەکتر مەکەن ، و غەیبەت و زەمی یەکتر مەکەن﴾ جا دێربەندی ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر فەرمان کردن بە پاراستنی سومعەتی موسڵمان بەو پەڕی پارێزگاری لەبەر پێشکەوتنی ڕێگرتن و قەدەغەکردنی ڕۆچوون لە شکاندنی سومعەتی موسڵمان بە گومانی خراپ بردن ، جا ئەگەر گومانبەر بڵێت : من دەگەڕێم بۆ ئەوەی دڵنیا بم ، ئەوا پێی دەوترێت : ﴿چاودێری یەکتر

**مەکەن﴾ ، جا ئەگەر ووتی : من دڵنیا بووم بە بێ چاودێری کردن ، ئەوا پێی دەوترێت : ﴿غەیبەت و زەمی یەکتر مەکەن﴾ ...**

وَأَمَّا وَصْفُ الظَّنِّ بِكَوْنِهِ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ مَعَ أَنَّ تَعَمُّدَ الْكَذِبِ الَّذِي لَا يَسْتَنِدُ إِلَى ظَنٍّ أَصْلًا أَشَدُّ مِنْ الْأَمْرِ الَّذِي يَسْتَنِدُ إِلَى الظَّنِّ ، فَلِلْإِشَارَةِ إِلَى أَنَّ الظَّنَّ الْمَنْهِيّ عَنْهُ هُوَ الَّذِي لَا يَسْتَنِد إِلَى شَيْءٍ يَجُوزُ الِاعْتِمَادُ عَلَيْهِ فَيُعْتَمَدُ عَلَيْهِ وَيُجْعَلُ أَصْلًا وَيُجْزَمُ بِهِ ، فَيَكُونُ الْجَازِمُ بِهِ كَاذِباً ؛ وَإِنَّمَا صَارَ أَشَدَّ مِنْ الْكَاذِبِ ؛ لِأَنَّ الْكَذِبَ فِي أَصْلِهِ مُسْتَقْبَحٌ مُسْتَغْنًى عَنْ ذَمِّهِ ، بِخِلَافِ هَذَا فَإِنَّ صَاحِبَهُ بِزَعْمِهِ مُسْتَنِدٌ إِلَى شَيْءٍ فَوُصِفَ بِكَوْنِهِ أَشَدَّ الْكَذِب مُبَالَغَةً فِي ذَمِّهِ وَالتَّنْفِيرِ مِنْهُ ، وَإِشَارَةٌ إِلَى أَنَّ الِاغْتِرَارَ بِهِ أَكْثَرُ مِنْ الْكَذِبِ الْمَحْضِ لِخَفَائِهِ غَالِباً وَوُضُوحُ الْكَذِبِ الْمَحْضِ ...)[٦٤].

**واتە : وەسف کردنی گومان بەوەی کە توندترین شێوازی درۆیە لە گەڵ ئەوەشدا درۆیەکی بە ئەنقەست کە بە هیچ شێوازێك لە سەر گومان بنیات نەنراوە توندترە لەوەی کە بنیات نراوە لە سەر گومان : بۆ ئاماژە کردنە بۆ ئەوەی کەوا ئەو گومانەی کە قەدەغە کراوە بریتییە لەوەی کە لە سەر هیچ شێك بنیات نەنراوە دروست بێت پشتی پێببەسرێت و بکرێت بە بنەمایەك و باوەڕی پێبکرێت ، جا ئەو کەسەی باوەڕ بەوە بکات دەبێت بە درۆزن ، وە گومان لە بەر ئەوە توندترە لە درۆ چونکە درۆ خۆی لە بنەڕەتدا ناشیرین و نابەجێیە و پێویستی بە زەم کردن نییە بە پێچەوانەی گومانەوە کەوا خاوەنەکەی بەو بۆچوونەی**

---

[٦٤] الفتح : (١٠ / ٥٩١) .

گەندەڵەی خۆی وادەردەبڕێت کە پشتی بە شتێك بەستووە بۆیە وەسف کراوە بەوەی کەوا توندترین شێوازی درۆیە بە مەبەست ڕۆچوون لە زەم کردن و دوور خستنەوە لێی ، وە ئاماژەشە بۆ ئەوەی کەوا هەڵخەڵەتاندن بە گومان زیاترە لە درۆی ڕووت چونکە گومان

زۆر جارێك شاراوەیە و درۆی ڕووتیش ئاشکرایە . . .

٢ ـ چاودێری کردنی یەکتر ﴿**وَلَا تَجَسَّسُوا**﴾ و گەڕان بە دوای کەم و کوڕی یەکتردا ((**وَلَا تَحَسَّسُوا**)) :

### أ / چاودێری کردنی یەکتر ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا﴾ :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَجَسَّسُوا" وَذَلِكَ أَنَّ الشَّخْصَ يَقَعُ لَهُ خَاطِرُ التُّهْمَةِ فَيُرِيدُ أَنْ يَتَحَقَّقَ فَيَتَجَسَّس وَيَبْحَث وَيَسْتَمِع ، فَنَهِيَ عَنْ ذَلِكَ) .

واتە : لە بەر ئەوە فەرموویەتی : "چاودێری یەکتر مەکەن" چونکە مرۆڤ خوتورەی تۆمەتبارکردن کەوتە دەروونیەوە دەیەوێت بە دوایدا بگەڕێت بۆ جێبەجێکردن و بە دیهێنانی بۆیە چاودێری دەکات و لێدەکۆڵێتەوە و دەگەڕێت و دەبیسێت لە بەر ئەمە ئەوەی لێقەدەغە کراوە .

### ب / گەڕان بە دوای کەم و کوڕی یەکتردا ((وَلَا تَحَسَّسُوا)) :

وقال الحافظ أيضاً : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَحَسَّسُوا وَلَا تَجَسَّسُوا" إِحْدَى الْكَلِمَتَيْنِ بِالْجِيمِ وَالْأُخْرَى بِالْحَاءِ الْمُهْمَلَة ، وَفِي كُلٍّ مِنْهُمَا حَذْفُ إِحْدَى التَّاءَيْنِ تَخْفِيفاً ... قَالَ الْخَطَّابِيُّ : مَعْنَاهُ لَا تَبْحَثُوا عَنْ عُيُوبِ النَّاسِ وَلَا تَتَّبِعُوهَا ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى حَاكِيَاً عَنْ يَعْقُوبَ عَلَيْهِ السَّلَام : ﴿ٱذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ ﴿٨٧﴾﴾ [يوسف] .

**واتە : مەگەڕێن بە دوای کەم و کوڕی خەڵکدا و شوێنی مەکەون ،** (يعقوب عليه السلام) **وتی : بڕۆن بگەڕێن بە دوای (یُوسُف) و (براکەی)دا .**

وقال الحافظ أيضاً : (أَصْلُ هَذِهِ الْكَلِمَة الَّتِي بِالْمُهْمَلَةِ مِنْ الْحَاسَّة إِحْدَى الْحَوَاسِّ الْخَمْسِ ، وَبِالْجِيمِ مِنْ الْجَسّ بِمَعْنَى اِخْتِبَار الشَّيْء بِالْيَدِ وَهِيَ إِحْدَى الْحَوَاسّ ، فَتَكُون الَّتِي بِالْحَاءِ أَعَمَّ ، وَقَالَ إِبْرَاهِيم الْحَرْبِيّ : هُمَا بِمَعْنًى وَاحِد ، وَقَالَ اِبْن الْأَنْبَارِيّ : ذَكَرَ الثَّانِي لِلتَّأْكِيدِ كَقَوْلِهِمْ بُعْدَاً وَسُحْقَاً ، وَقِيلَ بِالْجِيمِ الْبَحْثُ عَنْ عَوْرَاتِهِمْ وَبِالْحَاءِ اِسْتِمَاعُ حَدِيثِ الْقَوْم ، وَهَذَا رَوَاهُ الْأَوْزَاعِيُّ عَنْ يَحْيَى بْن أَبِي كَثِير أَحَد صِغَار التَّابِعِينَ ، وَقِيلَ : بِالْجِيمِ الْبَحْث عَنْ بَوَاطِن الْأُمُور وَأَكْثَر مَا يُقَالُ فِي الشَّرِّ ، وَبِالْحَاءِ الْبَحْث عَمَّا يُدْرَك بِحَاسَّةِ الْعَيْن وَالْأُذُن وَرَجَّحَ هَذَا الْقُرْطُبِيُّ ، وَقِيلَ : بِالْجِيمِ تَتَبُّعُ الشَّخْصِ لِأَجْلِ غَيْره وَبِالْحَاءِ تَتَبُّعه لِنَفْسِهِ وَهَذَا اِخْتِيَار ثَعْلَب .

**واتە : بنەوای ئەم ووشەیە (تـحسسـوا) بە بێ خاڵ لـە** (الحاسة)**وە وەرگـیراوە کـە یەکێکـە لـە پێـنج ئەندامـە هەسـتیارەکە ، وە (تَجَسَّسُوا) بـە خاڵـەوە لـە** (الجس)**ەوە وەرگیراوە بە واتای تاقیکردنەوەی شت بە دەست کە ئەویش یەکێکـە لە ئەندامە هەستیارەکان ، کەواتە ئەوەی کە بە بێ خاڵە (تـحسسـوا) گشت گیرتر و بەرفراوان ترە ، وە** (إبراهيم الحربي) **فەرموویەتی : هەردووکیان یەك واتایان هەیە**

، وه (ابن الأنباري) فەرموویەتی : بە خاڵەوە (**تَجَسَّسُوا**) بریتی‌یە لە گەڕان بە دوای کەم و کوڕی یەکتردا و بە بێ خاڵ (**تحسسوا**) بریتی‌یە لە گوێگرتن بۆ قسە و باسی نێوان خەڵك ، و ئەمەش (الأوزاعي) گێڕاویەتەوە لە (يحيى بن أبي كثير)ەوە کە یەکێکە لە شوێنکەوتە بچوکەکانی صەحابە (صغار التابعين) ، وە ووتراوە : بە خاڵەوە (**تَجَسَّسُوا**) بریتی‌یە لە گەڕان بە دوای ناوەڕۆکی شتەکاندا و زیاتریش بۆ خراپە دەووترێت ، وە بە بێ خاڵ (**تحسسوا**) بریتی‌یە لە گەڕان بە دوای ئەو شتانەدا کە بە چاو و گوێ هەستیان پێدەکرێت و دەدۆزرێنەوە و (القرطبي) ئەم ووتەیەی هەڵبژاردووە و بە ڕەوای زانیوە ، وە ووتراوە : بە خاڵەوە (**تَجَسَّسُوا**) بریتی‌یە لە گەڕان و ووردبوونەوەی کەسێك بە دوای شتێکدا لە پێناو کەسێکی تردا ، وە بە بێ خاڵ (**تحسسوا**) بریتی‌یە لە گەڕان و ووردبوونەوەی کەسێك بە دوای شتێکدا بۆ خۆی و ئەم ووتەیەش هەڵبژێردراوی (ثعلب)ـە .

وَيُسْتَثْنَى مِنْ النَّهْي عَنْ التَّجَسُّسِ مَا لَوْ تَعَيَّنَ طَرِيقًا إِلَى إِنْقَاذِ نَفْسٍ مِنْ الْهَلَاكِ مَثَلًا كَأَنْ يُخْبِرَ ثِقَةٌ بِأَنَّ فُلَانَاً خَلَا بِشَخْصٍ لِيَقْتُلهُ ظُلْمَاً ، أَوْ بِامْرَأَةٍ لِيَزْنِيَ بِهَا ، فَيُشْرَعُ فِي هَذِهِ الصُّورَة التَّجَسُّسُ وَالْبَحْثُ عَنْ ذَلِكَ حَذَرَاً مِنْ فَوَات اِسْتِدْرَاكه ، نَقَلَهُ النَّوَوِيُّ عَنْ " الْأَحْكَام السُّلْطَانِيَّة " لِلْمَاوَرْدِيّ وَاسْتَجَادَهُ ، وَأَنَّ كَلَامَهُ : لَيْسَ لِلْمُحْتَسِبِ أَنْ يَبْحَث عَمَّا لَمْ يَظْهَر مِنْ الْمُحَرَّمَات وَلَوْ غَلَبَ عَلَى الظَّنِّ اِسْتِسْرَار أَهْلها بِهَا إِلَّا هَذِهِ الصُّورَة)[٦٥].

---

[٦٥] الفتح : (١٠ / ٥٩٢) .

واتــە : حاڵـەتێك هەیـە دەردەهێنرێـت و جیـا دەكرێتـەوە لـە قەدەغـەكراوێتی چاودێری كردنی یەكتر ئەویش بریتی‌یە لـەو حاڵەتـەی كـە ئەگـەر چـاودێری كـردن تەنها ڕێگایەك بوو بۆ ڕزگار كردنی كەسێك لە تیاچـوون بـۆ نموونـە ، وەك ئـەوەی كەسێكی باوەڕپێكراو هـەواڵ بـدات كـەوا فلانـە كـەس كەسـێكی تـری بـردووە بـۆ چۆڵەوانی‌یەك بۆ ئەوەی بیكوژێت بە زوڵم و ستەمكاری یان ئافرەتێكی بـردووە بـۆ ئەوەی زینا و داوێن پیسی لە گەڵدا ئەنجام بـدات ، ئـا لـەم حاڵــەت و شێــوازەدا دروســتە چاودێــری بكرێـت و بگــەڕێیت بــە دوای ئــەوەدا لــە ترســی لــە دەســت دەرچوونی كاتی فریاكەوتـنی ...

### ٣ . غەیبەت و زەم كردنی یەكتر ﴿ وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا﴾ :

قال الحافظ : (وَقَدْ اُخْتُلِفَ فِي حَدِّ الْغِيبَةِ وَفِي حُكْمِهَا ، فَأَمَّا حَدُّهَا :

فَقَالَ الرَّاغِبُ : هِيَ أَنْ يَذْكُرَ الْإِنْسَانُ عَيْبَ غَيْرِهِ مِنْ غَيْرِ مُحْوِج إِلَى ذِكْرِ ذَلِكَ .

وَقَالَ الْغَزَالِيُّ : حَدُّ الْغِيبَة أَنْ تَذْكُرَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَههُ لَوْ بَلَغَهُ .

وَقَالَ اِبْنُ الْأَثِير فِي "النِّهَـايَة" : الْغِيبَةُ أَنْ تَذْكُرَ الْإِنْسَانَ فِي غِيبَـتِهِ بِسُوءٍ وَإِنْ كَانَ فِيهِ .

وَقَالَ النَّوَوِيُّ فِي "الْأَذْكَار" تَبَعَاً لِلْغَزَالِيّ : ذِكْرُ الْمَرْءِ بِمَا يَكْرَههُ ، سَوَاء كَانَ ذَلِكَ فِي بَدَنِ الشَّـخْصِ أَوْ دِينـهِ أَوْ دُنْيَـاهُ أَوْ نَفْسـهِ أَوْ خَلْقـهِ أَوْ خُلُقـهِ أَوْ مَالـهِ أَوْ وَالِـدهِ أَوْ وَلَـدهِ أَوْ زَوْجـهِ أَوْ

خَادِمِهِ أَوْ ثَوْبِهِ أَوْ حَرَكَتِهِ أَوْ طَلَاقَتِهِ أَوْ عُبُوسَتِهِ أَوْ غَيْر ذَلِكَ مِمَّا يَتَعَلَّق بِهِ ، سَوَاء ذَكَرْتَهُ بِاللَّفْظِ أَوْ بِالْإِشَارَةِ وَالرَّمْز ...

**واتە : جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا سەبارەت بە پێناسەی (غەیبەت) و حوکمەکەی ، جا سەبارەت بە پێناسەی (غەیبەت) :**

(الراغب الأصفهاني) **فەرموویەتی : غەیبەت بریتیی‌یە لەوەی کە مرۆڤ باسی کەم و کوڕی کەسێکی تر جگە لە خۆی بکات بە بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات ئەو باسە بکرێت ، وە** (الغزالي) **فەرموویەتی : پێناسەی (غەیبەت) ئەوەیە کە باسی براکەت بکەیت بەوەی کە پێی ناخۆش بێت ئەگەر پێیبگات ، وە** (ابن الأثير) **فەرموویەتی : (غەیبەت) ئەوەیە کە باسی مرۆڤ بکەیت بە خراپە ئەگەر چی ئەوەشی تێدا بێت لە کاتێکدا کە نا دیارە و ئامادە نی‌یە ، وە** (النووي) **فەرموویەتی : غەیبەت بریتیی‌یە لە باس کردنی کەسێك بەوەی کە پێی‌ناخۆشە جا ئەو باس کردنە پەیوەندی بە لاشەی کەسەکەوە بێت یان ئایین و دینی یان دونیای یان دەروونی یان رووخسار و دیمەنی یان ڕەوشت و ئاکاری یان ماڵ و سامانی یان باوکی یان منداڵی یان خێزانی یان خزمەت کارەکەی یان جل و بەرگ و پۆشاکەکەی یان جموجوڵ و هاتووچۆکردنی یان ڕووخۆشی و کراوەیەتی ڕوومەتی یان ڕوو درژی کەسەکە یان جگە لەمانە لەوەی کە پەیوەندی بەو کەسەکەوە هەیە هەموو ئەمانە یەکسانن و بە غەیبەت دەژمێردرێن ، وە ئەو باس**

کردنە بە ووتە بێت یان بە ئاماژە بێت یان بە نیشانە بێت یەکسانە و هەر بە غەیبەت دەژمێردرێت ...

وَتَمَسَّكَ مَنْ قَالَ : إِنَّهَا لَا يُشْتَرَطُ فِيهَا غِيبَة الشَّخْصِ بِالْحَدِيثِ الْمَشْهُورِ الَّذِي أَخْرَجَهُ مُسْلِم وَأَصْحَاب السُّنَن عَنْ أَبِي هُرَيْرَة رَفَعَهُ : ((أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَة ؟ قَالُوا : اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم ، قَالَ : ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَههُ ، قَالَ : أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُول ؟ قَالَ : إِنْ كَانَ فِي أَخِيكَ مَا تَقُولُ فَقَدْ اِغْتَبْتَهُ ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ مَا تَقُولُ فَقَدْ بَهَتَّهُ)) ... فَلَمْ يُقَيِّدْ ذَلِكَ بِغِيبَةِ الشَّخْصِ فَدَلَّ عَلَى أَنْ لَا فَرْقَ بَيْنَ أَنْ يَقُولَ ذَلِكَ فِي غِيبَتِهِ أَوْ فِي حُضُورِهِ .

وَالْأَرْجَحُ اِخْتِصَاصهَا بِالْغِيبَةِ مُرَاعَاةً لِاشْتِقَاقِهَا ، وَبِذَلِكَ جَزَمَ أَهْلُ اللُّغَةِ :

قَالَ اِبْنُ التِّين : الْغِيبَةُ ذِكْرُ الْمَرْءِ بِمَا يَكْرَهُهُ بِظَهْرِ الْغَيْب ، وَكَذَا قَيَّدَهُ الزَّمَخْشَرِيُّ وَأَبُو نَصْر الْقُشَيْرِيُّ فِي "التَّفْسِير" وَابْنُ خَمِيس فِي جُزْء لَهُ مُفْرَد فِي الْغِيبَة وَالْمُنْذِرِيُّ وَغَيْر وَاحِد مِنْ الْعُلَمَاء مِنْ آخِرهمْ الْكَرْمَانِيُّ قَالَ : الْغِيبَةُ أَنْ تَتَكَلَّمَ خَلْفَ الْإِنْسَانِ بِمَا يَكْرَههُ لَوْ سَمِعَهُ وَكَانَ صِدْقاً ، قَالَ : وَحُكْمُ الْكِنَايَةِ وَالْإِشَارَةِ مَعَ النِّيَّة كَذَلِكَ ... نَعَمْ الْمُوَاجَهَةُ بِمَا ذُكِرَ حَرَامٌ لِأَنَّهُ دَاخِلٌ فِي السَّبِّ وَالشَّتْمِ .

واتە : وە ئەوانەی کە دەڵێن مەرج نییە کەسەکە خۆی نادیار بێت ئەم فەرموودە بەناوبانگە دەکەنە بەڵگە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا بە هاوەڵانی فەرموو: **"ئایا دەزانن غەیبەت چىيە؟ ووتیان : خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن ، فەرمووی : ( غەیبەت ) ئەوەیە کە باسی براکەت بکەیت بەوەی کە پێی ناخۆش بێت ، ووتی : ئەی ئەگەر ئەوەی کە دەیڵێم لە براکەمدا هەبێت ؟ فەرمووی : ئەگەر ئەوەی کە**

**دەیڵێیت لە براکەتدا هەبێت ئەوا غەیبەتیت کردووە ، وە ئەگەر تێیدا نەبوو ئەوا بوختیانت بۆ کردووە"** ... چونکە لەم فەرموودەیەدا باس کردنەکەی بەند نەکردووە بە نادیاری کەسەکەوە بۆیە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەدا کە ئەو باس کردنە بە نادیاری کەسەکەوە بێت یان بە ئامادەبوونی .

بەڵام ووتەی ڕاست ئەوەیە کە غەیبەت تایبەتە بە حاڵەتی نادیاری و ئامادەنەبوونی کەسەکەوە لەبەر ڕەچاوکردنی دارشتنی بنەوای ووشەی (الغيبة)وە ، وە زانایانی زمانەوانیش ئەم بۆچوونەیان یەکلاکردووەتەوە و هەڵیانبژاردووە ، (ابن التين) فەرموویەتی : غەیبەت بریتییە لە باس کردنی کەسێك بەوەی کە پێی ناخۆشە لە کاتێکدا کە نادیارە و ئامادە نییە ، هەروەها (الزمخشري وأبو نصر القشيري وابن خميس والمنذري) و جگە لەمانیش لە زانایان بەندیان کردووە بە حاڵەتی نادیاری کەسەکەوە و دواترینیان (الكرماني)یە کە فەرموویەتی : غەیبەت بریتییە لەوەی کە لە پشتەملەوە قسە دەربارەی مرۆڤێك بکەیت بەوەی کە پێی ناخۆشە ئەگەر بیبیسێت ئەگەر چی ڕاستیش بێت ، هەروەها فەرموویەتی : وە حوکمی درکە و ئاماژەش بە مەبەستەوە بە هەمان شێوەیە ، وە ووتەی ئەو زانایانەی کە بە شێوازێکی ڕەها و بێ بەند فەرموویانە : درکە و ئاماژەش هەر بە غەیبەت دەژمێردرێت بەوە لێکدەدرێتەوە و بەند دەکرێت کە بە مەبەستەوە بێت ... بەڵێ

باس کردنی کەسێك ڕووبەڕوو بەوەی کە پێیناخۆشە حەرامە چونکە دەچێتە ژێر بابەتی جوێن و قسە پێووتنەوە .

**وَأَمَّا حُكْمهَا** : فَقَالَ النَّوَوِيُّ فِي "الْأَذْكَار" : **الْغِيبَةُ وَالنَّمِيمَةُ مُحَرَّمَتَانِ بِإِجْمَاعِ الْمُسْلِمِينَ ، وَقَدْ تَظَاهَرَتْ الْأَدِلَّةُ عَلَى ذَلِكَ** ، وَذَكَرَ فِي "الرَّوْضَة" تَبَعاً لِلرَّافِعِيّ أَنَّهَا مِنْ الصَّغَائِر ، وَتَعَقَّبَهُ جَمَاعَة ، وَنَقَلَ أَبُو عَبْد اللَّه الْقُرْطُبِيّ فِي "تَفْسِيره" الْإِجْمَاعَ عَلَى أَنَّهَا مِنْ الْكَبَائِر لِأَنَّ حَدَّ الْكَبِيرَةِ صَادِقٌ عَلَيْهَا لِأَنَّهَا مِمَّا ثَبَتَ الْوَعِيدُ الشَّدِيدُ فِيهِ .

وَقَالَ الْأَذْرَعِيُّ : لَمْ أَرَ مَنْ صَرَّحَ بِأَنَّهَا مِنْ الصَّغَائِرِ إِلَّا صَاحِب الْعُدَّةِ وَالْغَزَالِيّ .

وَصَرَّحَ بَعْضهمْ بِأَنَّهَا مِنْ الْكَبَائِر ، وَإِذَا لَمْ يَثْبُت الْإِجْمَاع فَلَا أَقَلَّ مِنْ التَّفْصِيل ، فَمَنْ اِغْتَابَ وَلِيّاً لِلَّهِ أَوْ عَالِماً لَيْسَ كَمَنْ اِغْتَابَ مَجْهُولَ الْحَالَة مَثَلًا .

وَقَدْ قَالُوا : ضَابِطُهَا ذِكْرِ الشَّخْصِ بِمَا يَكْرَهُ ، وَهَذَا يَخْتَلِفُ بِاخْتِلَافِ مَا يُقَالُ فِيهِ ، وَقَدْ يَشْتَدُّ تَأَذِّيه بِذَلِكَ وَأَذَى الْمُسْلِمِ مُحَرَّمٌ .

وَذَكَرَ النَّوَوِيُّ مِنْ الْأَحَادِيث الدَّالَّةِ عَلَى تَحْرِيمِ الْغِيبَةِ حَدِيثَ أَنَس رَفَعَهُ : ((**لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمُشُونَ بِهَا وُجُوههمْ وَصُدُورهمْ ، قُلْتُ : مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ ؟ قَالَ : هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضهمْ**)) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَلَهُ شَاهِدٌ عَنْ اِبْن عَبَّاسٍ عِنْدَ أَحْمَد ، وَحَدِيثَ سَعِيد بْن زَيْد رَفَعَهُ : ((**إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الِاسْتِطَالَةُ فِي عِرْضِ الْمُسْلِم بِغَيْرِ حَقٍّ**)) أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ ، وَلَهُ شَاهِد عِنْدَ الْبَزَّار وَابْن أَبِي الدُّنْيَا مِنْ حَدِيث أَبِي هُرَيْرَة ، وَعِنْدَ أَبِي

يَعْلَى مِنْ حَدِيث عَائِشَة ، ... وَهَذَا الْوَعِيد فِي هَذِهِ الْأَحَادِيث يَدُلُّ عَلَى أَنَّ الْغِيبَةَ مِنْ الْكَبَائِرِ ، لَكِنَّ تَقْيِيده فِي بَعْضهَا بِغَيْرِ حَقٍّ قَدْ يُخْرِجُ الْغِيبَة بِحَقٍّ لِمَا تَقَرَّرَ أَنَّهَا ذِكْرُ الْمَرْء بِمَا فِيهِ)[٦٦].

**واتە : سەبارەت بە حوکمەکەی** (النووي) **لە کتێبی** (الأذكار)**دا فەرموویەتی : غەیبەت و دووزوبانی هەردووکیان حەرامن بە یەکدەنگی و کۆڕای زانایان لە کاتێکدا کە بەڵگەیەکی زۆر لەم بارەیەوە هاتووە ، وە لە کتێبی** (الروضة)**شدا بە دوای** (الرافعي)**ەوە فەرموویەتی : غەیبەت لە تاوانە بچووکەکانە** (الصغائر) **، بەڵام کۆمەڵێك لە زانایان لەمەدا ڕەخنەیان لێگرتووە ، وە** (القرطبي) **لە (تەفسیر)ەکەیدا یەکدەنگی و کۆڕای زانایانی** (الإجماع) **باس کردووە سەبارەت بەوەی کە غەیبەت لە تاوانە گەورەکانە** (الكبائر) **چونکە بەڕاستی پێناسەی تاوانی گەورەی بەسەردا دەسەپێت چونکە غەیبەت کردن هەڕەشەی توندی لە سەر هاتووە ، وە** (الأذرعي) **فەرموویەتی : نەم بینیووە کەس لە زانایان بە ڕاشکاوی بڵێت غەیبەت لە تاوانە بچووکەکانە** (الصغائر) **جگە لە خاوەنی کتێبی** (العدة) **و** (الغزالي) **نەبێت ، وە هەندێك لە زانایان بە ڕاشکاوی فەرموویانە : غەیبەت لە تاوانە گەورەکانە** (الكبائر) **، جا ئەگەر یەکدەنگی و کۆڕای زانایان** (الإجماع) **سەلمێنراو نەبێت ئەوا لە ڕوون کردنەوە و شیکردنەوە کەمترمان لە دەست نایەت : جا هەر کەسێك غەیبەتی دۆستێك لە**

---

(٦٦) الفتح : (١٠ / ٥٧٦ ـ ٥٧٧) ، وحديث : ((مَرَرْتُ بِقَوْمٍ ...)) في صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٧٨) ، وأما حديث : ((إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا ...)) ففي صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٧٦) .

دۆستەکانی خوا یان غەیبەتی زانایەك بکات ئەوە وەکو غەیبەت کردنی کەسێکی نەناسراو نی‌یە بۆ نموونە .

وە زانایان فەرموویانە : ڕێکخەری غەیبەت بریتی‌یە لەوەی کە باسی کەسێك بکرێت بەوەی کە پێ‌ی‌ناخۆشە ، وە ئەمەش دەگۆڕێت بە پێ‌ی گۆڕینی ئەوەی کە دەووترێت سەبارەت بەو کەسە ، وە هەندێك جار بە توندی ئاڵۆزی دەکات و ئاڵۆز کردن و ئازار دانی موسڵمانیش حەرامە .

وە لەو فەرموودانەی کە (النووي) باسی کردووە سەبارەت بە حەرامێتی غەیبەت کردن بریتی‌یە لە فەرموودەکەی (أنس) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا فەرموویەتی : "کاتێك بەرز کرامەوە بۆ ئاسمان دام بە لای کەسانێکدا نینۆکیان هەبوو لە مس و ڕوومەت و سنگی خۆیانیان پێ دادەڕنی ، ووتم : ئەی جبریل ئەوانە کێن ؟ فەرمووی : ئەوانە ئەو کەسانەن کەوا گۆشتی خەڵك دەخۆن و دەکەونە ناو باسی شکاندنی سومعەت و ناوبانگیانەوە" ، هەروەها فەرموودەکەی (سعيد بن زيد) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا فەرموویەتی : **"بە ڕاستی لە گەورەترین بەشەکانی ریبا بریتی‌یە لە زوبان درێژی کردن بۆ شکاندنی سومعەت و ناوبانگی موسڵمان بە بێ حەق"** ... جا ئەم هەڕەشەیە لەم فەرموودانەدا بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا غەیبەت لە تاوانە گەورەکانە (الكبائر) ، بەڵام بەند کردنی غەیبەت کردن لە هەندێك لە فەرموودەکاندا بەوەی کەوا ئەگەر بە ناحەق بێت ئەو غەیبەتانە دەردەکاتە دەرەوە کەوا بە حەق دەکرێن چونکە

**ئەوە یەکلاکرایەوە کەوا غەیبەت بریتی‌یە لە باس کردنی کەسێك بەوەی کە تێیدا هەیە .**

## ٤ - خۆویستی و بەرهەڵستکاری کردنی یەکتر ((ولا تنافسوا)) :

قال النووي : (وَأَمَّا الْمُنَافَسَةُ وَالتَّنَافُسُ : فَمَعْنَاهُمَا الرَّغْبَةُ فِي الشَّيْءِ وَفِي الِانْفِرَادِ بِهِ ، وَنَافَسْتُهُ مُنَافَسَةً إِذَا رَغِبْتُ فِيمَا رَغِب ، وَقِيلَ : مَعْنَى الْحَدِيث التَّبَارِي فِي الرَّغْبَةِ فِي الدُّنْيَا وَأَسْبَابِهَا وَحُظُوظهَا)(٦٧).

**واتە : خۆویستی بریتی‌یە لە ئارەزووکردنی شتێك و تاك خوازی تێیدا ، ووتراوە : واتای فەرموودەکە بریتی‌یە لە بەرهەڵستکاری یەکتر لە ئارەزووکردنی دونیا و هۆکار و ڕێگا و بەشەکانی .**

وقال ابن عبد البر : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَنَافَسُوا" فالـمُرَادَ بِهِ التَّنَافُسُ فِي الدُّنْيا ، وَمَعْنَاهُ طَلَبُ الظُّهُورِ فِيها عَلَى أَصْحَابِهَا وَالتَّكَبُّرِ عَلَيهِمْ وَمُنَافَسَتِهِمْ فِي رِيَاسَتِهِمْ وَالبَغِيّ عَلَيهِمْ وَحَسَدِهِمْ عَلَى مَا آتَاهُمْ اللهُ مِنْهَا ، وَأَمَّا التَّنَافُسُ وَالْحَسَدُ عَلَى الْخَيْرِ وَطُرُقِ البِرّ فَلَيْسَ مِنْ هَذَا فِي شَيْءٍ ، وَكَذَلِكَ مَنْ سَأَلَ عَمَّا غَابَ عَنْهُ مِن عِلْمٍ وَخَيْرٍ فَلَيْس بِمُتَجَسِّسٍ)(٦٨).

**واتە : مەبەست بە "بەرهەڵستکاری یەکتر مەکەن" ئەوەیە : پێش برکێی یەکتر مەکەن لە شتە دونیایی‌یەکاندا ، وە مەبەستش ئەوەیە داخوازی کردنی**

---

(٦٧) شرح صحيح مسلم : (١٦ / ١١٩) .

(٦٨) التمهيد : (١٨ / ٢٢) .

خۆدەرخستن لەوەی کە لە لای هاوەڵەکانیدایە و خۆبەزل زانین و فیزکردن بە سەریاندا و بەرهەڵستکاری کردنیان لە پلەوپایەیاندا و دەست درێژی کردنە سەریان و حەسودی پێبردنیان لەوەی کە خوا پێی بەخشیون ، بەڵام پێش برکێ و ئاواتەخوازبوون و حەسودی بردن لە سەر خێر و ڕێگاکانی چاکە ئەوا ئەمە لەم بابەتە نییە بە هیچ شێوەیەك ، هەروەها ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات سەبارەت بەوەی کە نایزانێت لە زانست و چاکە ئەوا ئەمەش بە چاودێری کردنی یەکتر ناژمێردرێت .

**٥ . حەسودی بردن بە یەکتر** ((**ولا تحاسدوا**)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَحَاسَدُوا" : الْحَسَدُ تَمَنِّي الشَّخْصِ زَوَالَ النِّعْمَةِ عَنْ مُسْتَحِقٍّ لَهَا أَعَمُّ مِنْ أَنْ يَسْعَى فِي ذَلِكَ أَوْ لَا ، فَإِنْ سَعَى كَانَ بَاغِيًا ، وَإِنْ لَمْ يَسْعَ فِي ذَلِكَ وَلَا أَظْهَرَهُ وَلَا تَسَبَّبَ فِي تَأْكِيدِ أَسْبَابِ الْكَرَاهَةِ الَّتِي نُهِيَ الْمُسْلِمُ عَنْهَا فِي حَقِّ الْمُسْلِمِ نُظِرَ : فَإِنْ كَانَ الْمَانِعُ لَهُ مِنْ ذَلِكَ الْعَجْزُ بِحَيْثُ لَوْ تَمَكَّنَ لَفَعَلَ فَهَذَا مَأْزُورٌ ، وَإِنْ كَانَ الْمَانِعُ لَهُ مِنْ ذَلِكَ التَّقْوَى فَقَدْ يُعْذَرُ لِأَنَّهُ لَا يَسْتَطِيعُ دَفْعَ الْخَوَاطِرِ النَّفْسَانِيَّةِ فَيَكْفِيهِ فِي مُجَاهَدَتِهَا أَنْ لَا يَعْمَلَ بِهَا وَلَا يَعْزِمَ عَلَى الْعَمَلِ بِهَا ...)[٦٩].

واتە : **حەسودی** : بریتییە لە خۆزگە خواستنی کەسێك بە نەمانی ناز و نیعمەتی خوا بە سەر کەسێکەوە کە شایستەیەتی بە شێوەیەك کەوا گشتگیر تر

[٦٩] الفتح : (١٠ / ٥٩٢) .

بێت لەوەی کە هەوڵ بدات بۆ ئەوە یان هـەوڵ نـەدات ، جـا ئەگـەر هـەوڵی دا ئـەوا دەبێت بە ستەمکار و دەست درێژیکار ، وە ئەگەر هەوڵی بۆ نەدا و دەری نەخست و نەشـبووە هۆکارێـك بـۆ جـەخت کردنـەوە لـە هۆکارەکـانی نـاخۆش حـاڵی کـەوا موسڵمانی لـێقەدەغە کراوە لە ئاستی موسڵماندا ئەوا سەیر دەکرێـت : جـا ئەگـەر ڕێگر لە دەرنەخستن و نەبوونە هۆکار بۆ لە ناودانی بێدەسەڵاتی و بێتوانایی بـوو بە شێوازێك کەوا ئەگەر توانای ببێت ئەوە دەکات ئا ئـەوە تاوانبـارە .. وە ئەگـەر ڕێگر لەوە خۆپـارێزی کردنـی بـوو لـە سـزای خـوای گـەورە ئـا ئـەوە بیـانووی بـۆ دەهێنرێتەوە و تاوانبـار ناکرێـت چـونکە ناتوانێـت ئـەو خوتـورە دەروونیـانـە لـە خۆی دوور خاتەوە ، بۆیە ئەوەنـدەی بەسـە کـە هـەوڵ بـدات بـۆ ڕەت کردنـەوە و دوور خستنەوەی ئەو ختوورانە و کار پێنەکردنیان و بڕیاریش نەدات کەوا کاریـان پێبکات و بڕیاریان لە سەر بدات ...

وقال الشيخ ابن العثيمين : ("وَلَا تَحَاسَدُوا" أي لا يحسد بعضكم بعضاً ، **والحسد أنْ يكرهَ الإنسان ما أنعم الله به على غيرِهِ** ، هذا هو الحسد ، ومثالهُ : أنْ تكره أنَّ الله أنعم على هذا الرجل بالمال أو بالبنين أو بالزوجة أو بالعلم أو بالعبادة أو بغير ذلك من النعم ، سواء تمنيت أنْ تزول أو لم تتمن ، وإنْ كان بعض العلماء يقول : إنَّ الحسد أنْ يتمنَّى زوال نعمة الله على غيره ، لكن هذا أخبثه وأشدهُ ، وإلاَّ فمجرد كراهة الإنسان أنْ ينعم الله على شخص فهو حسد)[٧٠].

---

(٧٠) شرح رياض ال□الحين : (١ / ٥٩٨) .

واتە : **حەسودی** : بریتی‌یە لەوەی کەوا مرۆڤ پێی ناخۆش بێت خوا ناز و نیعمەتی داوە بە کەسێکی تر جگە لە خۆی ، بۆ نموونە : پێت ناخۆش بێت کەوا خوا نیعمەتی خۆیی داوە بە سەر ئەو پیاوەدا بە ماڵ و پارە یان بە کوڕ و منداڵ یان بە ژن و خێزان یان بە زانست یان بە خواپەرستی یان بە جگە لەمانە لە نیعمەتەکانی تر ، جا خۆزگەی نەمان و لە ناوچوونی بخوازێت یان نەیخوازیت یەکسانە و هەر بە حەسودی دەژمێردرێت .

هەرچەندە هەندێك لە زانایانیش دەفەرموون : **حەسودی** : بریتی‌یە لە خۆزگە خواستنی کەسێك بە نەمانی ناز و نیعمەتی خوا بە سەر کەسێکی ترەوە ، بەلاّم ئەمە پیس ترە و توند و خەس ترە ، ئەگینا تەنها پێ‌ناخۆش بوونی مرۆڤ بەوەی کە خوا نیعمەتی خۆی بدات بە سەر کەسێکی تردا ئەوە بریتی‌یە لە حەسودی .

## ٦ - زیاد کردنی نرخی شت و مەك لە سەر یەکتر بە بێ مەبەستی کڕینی ((**ولا تناجشوا**)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَنَاجَشُوا" مِنْ النَّجْشِ وَهُوَ أَنْ يَزِيدَ فِي السِّلْعَةِ وَهُوَ لَا يُرِيدُ شِرَاءَهَا لِيَقَع غَيْره فِيهَا)(٧١).

---

(٧١) الفتح : (١٠ / ٥٩٥) .

**واتە : (النجش) بریتیـیە لە زیاد کردنی نرخی شت و مەك لـە سـەر یـەکتر بـە بێ مەبەستی کڕینی بۆ ئەوەی کەسێکی تر جگە لە خۆی بکەوێتـە نـاو ئـەو زیـادە دانەیەوە .**

وقال الحافظ ابن رجب الحنبلي : (قوله (ﷺ) : " وَلَا تَنَاجَشُوا" فسَّرهُ كثير من العلماء بالنجش في البيع ، وهو : أنْ يزيد في السلعة من لا يريد شراءها ، إمَّا لنفع البائع بزيادة الثَّمن له ، أو بإضرار المشتري بتكثير الثَّمن عليهِ ...

ويَحتمل أنْ يُفسَّرَ التناجش المنهي عنه في هذا الحديث بما هو أعم من ذلك ، فإنَّ أصل النَّجش في اللغة : إثارةُ الشيء بالمكر والحيلة والمُخادعة ... فيكون المعنى لا تتخادعوا ، ولا يُعامل بعضكم بعضاً بالمكر والاحتيال ...

فيدخل على هذا التقدير في التناجش المنهي عنه : جَميع المعاملات بالغشِّ ونحوهِ ، كتدليس العيوب وكتمانِها ، وغَشِّ المبيع الجيد بالرديء ، وغَبْن المسترسل الذي لا يعرفُ المُماكسة ...)[٧٢].

**واتە : فەرموودەی " وَلَا تَنَاجَشُوا " : زۆرینەی زانایان بەوە لێکیانداوەتەوە کـە مەبەست پـێی زیاد کردنی نرخی شت و مەکە لە سەر یەکتر لە کڕین و فرۆشتنندا ، کە بریتـیـە لە : زیاد کردنی نرخی شت و مەك لە سەر یەکتر لە لایـەن کەسـێکەوە کە نایەوێت بیکڕێت ، یان بە مەبەستی سوود گەیاندن بە فرۆشیار بە زیـاد کردنـی**

---

[٧٢] جامِعُ العُلوم والحِكم : (٢ / ٢٦٣ ـ ٢٦٤) .

نرخی شتەکە بۆی ، وە یان بە مەبەستی زەرەر گەیاندن بـە کڕیـار بـە زۆر کردنـی نرخەکە لە سەری ...

وە لەوانەشە ئەم ووروژاندنە کە قەدەغـە کـراوە لـەم فەرموودەیـەدا بـە لـەو واتایە گشتگیر تر لێکبدرێتەوە ، چونکە بنەوای (النَّجش) لە زمانەوانیدا بریتی‌یە لە ووروژاندنی شتێك بە فێڵ و خەڵەتاندن ... کەواتە ماناکەی بریتـی‌یـە لـەوەی کـە : یەکتر مەخەڵەتێنن و با هەندێکتان هەڵسوکەوت نەکات لە گەڵ هەندێکی ترتاندا بە فێڵ و تەڵەکەبازی ...

کەواتـە بـەم پێـوەرە ئـەم ووروژاندنـە قەدەغـە کـراوە هـەموو ئـەو جـۆرە مامەڵانــە دەگرێتــەوە کــە بــە غــەش و فــێڵ و هاوشــێوەکانی دەکــرێن ، وەك شاردنەوەی عەیب و کەم و کوڕی شتومەك و داپۆشینی ، هەروەها غەش کردن لـە تێکەڵ کردنی فرۆشراوی چاك لە گەڵ فرۆشراوی خراپدا ، وە هەروەها خەڵەتاندنی کڕیارێك یان فرۆشیارێك کە مامەڵە نازانێت و ئاگای لە نرخی بازاڕ نی‌یە ...

٧ - **ڕق و قین لە یەکتر بوون** : ((**ولا تباغضوا**)) :

قال ابن عبد البر : (وَفِي هَذَا الْحَدِيث مِنْ الْفِقْهِ : أَنَّهُ لَا يَحِلُّ التَّبَاغُض لِأَنَّ التَّبَاغُضَ مُفْسِدَةٌ للدِّينِ حَالِقَةٌ لَهُ ، ولهذا أَمَرَ (ﷺ) بِالتَّوَادِّ وَالتَّحَابِّ حَتَّى قَالَ (ﷺ) : " تَهَادُوا تَحَابُّوا"[٧٣])[٧٤].

**واتە : لەم فەرموودەیەدا ئەوە تێدەگەین کەوا ڕقەبەرایەتی حەڵاڵ نییە بەرامبەر بە یەکتر چونکە ڕق و قین لە یەکتر بوون تێکدەری دینە و ئایین دادەتاشێت ، لەبەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە بە دۆستایەتی و خۆشەویستی یەکتر تا ئەو ڕادەیەی کە فەرموویەتی : دیاری بدەن بە یەکتر بۆ ئەوەی ببن بە خۆشەویستی یەکتر .**

وقال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَبَاغَضُوا" أَيْ لَا تَتَعَاطَوْا أَسْبَابَ الْبُغْضِ ، لِأَنَّ الْبُغْضَ لَا يُكْتَسَبُ اِبْتِدَاءً ، وَقِيلَ : الْمُرَادُ النَّهْيُ عَنْ الْأَهْوَاءِ الْمُضِلَّةِ الْمُقْتَضِيَةِ لِلتَّبَاغُضِ ، قُلْتُ : بَلْ هُوَ أَعَمُّ مِنْ الْأَهْوَاءِ ، لِأَنَّ تَعَاطِيَ الْأَهْوَاءِ ضَرْبٌ مِنْ ذَلِكَ .

وَحَقِيقَةُ التَّبَاغُضِ أَنْ يَقَعَ بَيْنَ اِثْنَيْنِ وَقَدْ يُطْلَقُ إِذَا كَانَ مِنْ أَحَدهمَا ، وَالْمَذْمُومُ مِنْهُ مَا كَانَ فِي غَيْرِ اللَّه تَعَالَى ، فَإِنَّهُ وَاجِبٌ فِيهِ وَيُثَابُ فَاعِلُهُ لِتَعْظِيمِ حَقِّ اللَّهِ وَلَوْ كَانَا أَوْ أَحَدهمَا عِنْدَ اللَّه مِنْ

[٧٣] صحيح الجامع الصغير رقم : (٣٠٠٤) .

[٧٤] التمهيد : (٦ / ١١٦) .

أَهْلِ السَّلَامَة ، كَمَنْ يُؤَدِّيه اِجْتِهَادُهُ إِلَى اِعْتِقَادٍ يُنَافِي الْآخَر فَيَبْغُضُهُ عَلَى ذَلِكَ وَهُوَ مَعْذُورٌ عِنْدَ اللَّه)[٧٥].

واتــە : "ڕق و قینتــان لــە یــەکتر نــەبێت" ، مەبەســت ئەوەیــە ڕێگــا و هۆکارەکانی ڕق لێبوون مەگرنەبەر چونکە ڕق و قین خۆی لە سەرەتاوە بە دەست نایەت ، وە ووتراوە : مەبەست قەدەغە کردنی هەوا و ئارەزووە گومڕاکارەکانە کە دەبێتە هـۆی پەیدابوونی ڕق و قـین ، منـیش دەڵـێم (الحافظ ابن حجر) : بـەڵکو گشتگیر ترە لەوەی کە مەبەست قەدەغە کردنـی هـەوا و ئـارەزووە گومڕاکارەکـان بێت چونکە گرتنە بەری هەوا و ئارەزووەکان جۆرێکە لە ڕق و قین .

وە لە ڕاستیدا ڕق و قین لە نێوان دوو کەسدا دەبێت ، بەڵام هەندێك جار بـۆ ئەوەش بە کار دێت ئەگەر لە یەکێکیش لەو دووانەوە بێت ، وە ئـەو ڕق و قینـەش زەم کراوە کە لە پێناو جگە لە خوای گەورەدا بێت ، چونکە ڕق و قین لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا واجـب و پێویسـتە و خاوەنەکەشـی پاداشـت دەدرێتـەوە لـە بـەر ئـەوەی حـەق و مافــی خـوای بـە گـەورە ڕاگرتـووە ئەگـەر چـی هـەردووکیان یـان یەکێکیانیش لە لای خـوا لـە کەسـانی سـەلامەت و بـیّ خـەوش بـن ، وەك ئـەوەی تێکۆشـان و هەوڵـدانی ڕێیپیّدەباتـە بـەر بـاوەڕ بـوون بـە شـتێك بـە پێچـەوانەی

---

[٧٥] الفتح : (١٠ / ٥٩٣) .

ئەوەکەی تر ، ئەویش ڕق و قینی لێدەبێت لە سەر ئەوە ، ئا ئەو کەسە چاولێپۆشاو کراو دەبێت لە لای خوا .

### ٨ - **پشت لە یەکتر کردن** ((**ولا تدابروا**)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَلَا تَدَابَرُوا" قَالَ الْخَطَّابِيُّ : لَا تَتَهَاجَرُوا فَيَهْجُرَ أَحَدكُمْ أَخَاهُ ، مَأْخُوذٌ مِنْ تَوْلِيَةِ الرَّجُلِ الْآخَر دُبُره إِذَا أَعْرَضَ عَنْهُ حِين يَرَاهُ .

وَقَالَ اِبْنُ عَبْد الْبَرّ : قِيلَ لِلْإِعْرَاضِ مُدَابَرَة لِأَنَّ مَنْ أَبْغَضَ أَعْرَضَ وَمَنْ أَعْرَضَ وَلَّى دُبُرَهُ ، وَالْمُحِبُّ بِالْعَكْسِ .

وَقِيلَ : مَعْنَاهُ لَا يَسْتَأْثِرُ أَحَدكُمْ عَلَى الْآخَر ، وَقِيلَ لِلْمُسْتَأْثِرِ مُسْتَدْبِرٌ لِأَنَّهُ يُوَلِّي دُبُره حِين يَسْتَأْثِر بِشَيْءٍ دُون الْآخَر ...

وَقَدْ فَسَّرَهُ مَالِك فِي "الْمُوَطَّأ" بِأَخَ ... مِنْهُ فَقَالَ . إِذْ سَاقَ حَدِيث الْبَاب عَنْ الزُّهْرِيّ بِهَذَا السَّنَد . : وَلَا أَحْسِبُ التَّدَابُرَ إِلَّا الْإِعْرَاض عَنْ السَّلَامِ ، يُدْبِرُ عَنْهُ بِوَجْهِهِ .

وَكَأَنَّهُ أَخَذَهُ مِنْ بَقِيَّة الْحَدِيث : "**يَلْتَقِيَانِ فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْرِضُ هَذَا** ، **وَخَيْرهمَا الَّذِي يَبْدَأُ بِالسَّلَامِ**" فَإِنَّهُ يُفْهِمُ أَنَّ صُدُورَ السَّلَامِ مِنْهُمَا أَوْ مِنْ أَحَدهمَا يَرْفَعُ ذَلِكَ الْإِعْرَاضَ ...

وَيُؤَيِّدُهُ مَا أَخْرَجَهُ الْحُسَيْن بْن الْحَسَن الْمَرْوَزِيُّ فِي "زِيَادَات كِتَاب الْبِرّ وَالصِّلَة" لِابْنِ الْمُبَارَك بِسَنَدٍ صَحِيح عَنْ أَنَس قَالَ : "التَّدَابُرُ التَّصَارُم" )[٧٦].

واته : **"پشت له یەکتر مەکەن"** ، (الخطابِي) فەرموویەتی : مەبەست ئەوەیە پشت له یەکتر مەکەن بەوەی یەکێکتان پشت لە براکەی بکات ، لە ڕووکردنی پشتی کەسێك له کەسێکی ترەوە وەرگیراوە ئەگەر ڕووی تێنەکات و ڕوو له لا بێت له کاتێکدا کە دەیبینێت .

وە (ابن عبد البر) فەرموویەتی : بە ڕوو لێنەکردن ووتراوە پشت لێکردن چونکە ئەو کەسەی رق و قینی له دڵدایە ڕوو لە لا دەبێت ، وە هەر کەسێك ڕوو لە لا بوو پشتی لێدەکات ، وە خۆشەویستیش بە پێچەوانەوە ڕووی لێدەکات .

وە ووتراوە : مەبەست ئەوەیە با یەکێکتان خۆ پێش خەر نەبێت بە سەر کەسێکی ترەوە ، وە بە خۆ پێش خەر ووتراوە پشت لێکار لە بەر ئەوەی پشتی لێدەکات کاتێك خۆی پێش دەخات لە شتێکدا بەرامبەر بە ئەوی تر .

وە ئیمامی (مالك) له کتێبی (الموطأ)دا بە لەمە تایبەت تر لێکیداوەتەوە و فەرموویەتی : من پشت لێکردن تەنها بەوە دەژمێرم کە ڕوو لە لا بکات لە کاتی سەلام کردندا ، بەوەی کە ڕووی تێنەکات و پشتی ڕوومەتی لێبکات ، وەکو بڵێی ئەم لێکدانەوەی لە کۆتایی فەرموودەکەوە وەرگرتووە کە پێغەمبەر (ﷺ)

---

[٧٦] الفتح : (١٠ / ٥٩٢ - ٥٩٣) .

**فەرموویەتی : "بە یەك دەگەن ، بەڵام ئەم ڕوو ناكاتە ئەو ، وە ئەویش ڕوو لە ئەم ناكات ، وە چاكترینیان ئەوەیانە كە دەست بە سەلام كردن دەكات" ،** چونكە لەمە وا تێدەگەیت كە دەربڕینی سەلام كردن لە هەردووكیانەوە یان لە یەكێكیانەوە ئەو ڕوو لە لا كردنە هەڵدەگرێت و نایهێڵێت ... وە ئەوەش پشتگیری ئەم لێكدانەوەیە بكات ووتەكەی (أنس)ـە كە فەرموویەتی : پشت لێكردن بریتیـیە لە ناكۆكی و عاجز بوون .

## ٩ ـ **مامەڵە كردن لە سەر مامەڵەی یەكتر** : ((**ولا يبع بعضكم على بيع بعض**)) :

قال ابن عبد البر : ("ولا يبع بعضكم على بيع بعض" : وهو أن يستحسن المشتري السلعة ويهواها ويركن إلى البائع ويميل إليه ويتذاكران الثمن ولم يبقَ إلاَّ العقد والرضى الذي يتم به البيع .. فإذا كان البائع والمشتري على مثل هذه الحال لم يجز لأحدٍ أنْ يعترضه فيعرض على أحدهما ما يفسد به ما هما عليه من التبايع ، فإنْ فعل أحدٌ ذلك فقد أساءَ وبئسما فعل ، فإنْ كان عالماً بالنهي عن ذلك فهو عاص لله . . . وقال الثوري في قول رسول الله (ﷺ) "لا يبع بعضكم على بيع بعض" : أن يقول عندي ما هو خير منه ...)[٧٧].

**واتە : مەبەست بە فەرموودەی "مامەڵە لە سەر مامەڵەی یەكتر مەكەن" ئەوەیە كەوا كڕیار شتومەكێك پەسەند بكات و بە باشی بزانێت و ئارەزووی بكات و بە شێوازێكی گەرمەوە بچێتە دەم فرۆشیارەوە و لای بۆ بكاتەوە و هەردووكیان**

---

[٧٧] التمهيد : (١٣ / ٣١٧) .

بکەونە ناو باسی نرخەکەیەوە و تەنها ئەوە مابێت کە مامەڵەکە دابمەزرێت و ڕازی ببن پێی .. جا ئەگەر فرۆشیار و کڕیار گەیشتنە ئەم حاڵەتە ئەوا دروست نی‌یە بۆ هیچ کەسێك بێتە بەینیانەوە و داخوازی بکات لە یەکێکیان کەوا مامەڵەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە ، وە ئەگەر هەر کەسێك ئەمەی کرد ئەوا کارێکی خراپی کردووە ، وە ئەگەر زانا بێت بە قەدەغەکراوێتی ئەمە ئەوا سەرپێچی خوای کردووە و تاوانبارە ، وە ئیمامی (الثوري) فەرموویەتی: مەبەست ئەوەیە بڵێت : لای من لەمە باشتر هەیە ...

وقال الحافظ : (قَالَ الْعُلَمَاءُ : الْبَيْعُ عَلَى الْبَيْعِ حَرَامٌ ، وَكَذَلِكَ الشِّرَاءُ عَلَى الشِّرَاءِ ، وَهُوَ أَنْ يَقُولَ لِمَنْ اِشْتَرَى سِلْعَةً فِي زَمَنِ الْخِيَارِ : اِفْسَخْ لِأَبِيعَكَ بِأَنْقَصَ ، أَوْ يَقُولَ لِلْبَائِعِ : اِفْسَخْ لِأَشْتَرِيَ مِنْك بِأَزْيَدَ ، وَهُوَ مُجْمَعٌ عَلَيْهِ)[٧٨].

واتە : زانایان فەرموویانە : فرۆشتن لە سەر فرۆشتنی یەکتر حەرامە ، هەروەها کڕینیش لە سەر کڕینی یەکتر ، ئەمەش بریتی‌یە لەوەی کەوا لە کاتی پەشیمانیدا بڵێت بەو کەسەی کە شتێکی کڕیوە ئەم مامەڵەیە هەڵوەشێنەوە بۆ ئەوەی من بە نرخێکی کەم تر و هەرزان تر پێت بفرۆشم ، یان دەڵێت بە کابرای فرۆشیار ئەم مامەڵەیە هەڵوەشێنەوە بۆ ئەوەی من بە نرخێکی زیاتر لێتی بکڕم ، ئەمەش حەرامە بە کۆڕای زانایان .

---

[٧٨] الفتح : (٤ / ٤٤٧) .

**هەروەها ناشبێت موسڵمان شتی عەیب دار بفرۆشێت بە برای موسڵمانی مەگەر بۆی ڕوون بکاتەوە :**

وقال الحافظ : (وقال عقبة بن عامر : "لا يَحِلُّ لامرئٍ أنْ يبيعَ سلعة يعلمُ أنَّ بها داء إلاَّ أخبره" في رواية الكشميهني "أخبر به" ، وهذا الحديث وصله أحمد وابن ماجه والحاكم من طريق عبد الرحمن بن شِمَاسة ـ بكسر المعجمة وتخفيف الميم وبعد الألف مهملة ـ عن عقبة مرفوعاً بلفظ : "**المسلم أخو المسلم ، ولا يحل لمسلم باع من أخيه بيعاً فيه غش إلاَّ بيَّنَهُ له**" ، وفي رواية أحمد : "يعلم فيه عيباً " وإسناده حسن)[٧٩].

**واتە : حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك شتومەکێك بفرۆشێت بە کەسێکی تر لە کاتێکدا کە دەزانێت ئەو شتومەکە عەیب دارە ئیللا مەگەر هەواڵی بداتێ ، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "موسڵمان برای موسڵمانە ، وە حەڵاڵ نییە بۆ هیچ موسڵمانێك شتێك کەوا غەش و خیانەت و کەم و کوڕی تێدا بێت بفرۆشێت بە براکەی ئیللا مەگەر بۆی ڕوون بکاتەوە" .**

## ١٠ ـ داخوازی کردنی ژن لە سەر داخوازی یەکتر ((ولا يخطب الرجل على خطبة أخيه)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "بَاب لَا يَخْطُبُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَدَعَ" كَذَا أَوْرَدَهُ بِلَفْظِ : "**أَوْ يَدَعَ**" وَذَكَرَهُ فِي الْبَاب عَنْ أَبِي هُرَيْرَة بِلَفْظِ : "**أَوْ يَتْرُكَ**" وَأَخْرَجَهُ مُسْلِم مِنْ حَدِيث

---

[٧٩] الفتح : (٤ / ٣٩٣) .

عُقْبَةَ بْن عَامِر بِلَفْظِ : "**حَتَّى يَذَرَ**" وَقَدْ أَخْرَجَهُ أَبُو الشَّيْخ فِي كِتَاب النِّكَاح مِنْ طَرِيق عَبْد الْوَارِث عَنْ هِشَام بْن حَسَّان عَنْ مُحَمَّد بْن سِيرِينَ عَنْ أَبِي هُرَيْرَة بِلَفْظِ : "**حَتَّى يَنْكِحَ أَوْ يَدَعَ**" وَإِسْنَادُهُ صَحِيحٌ ...

**واته : نابێت موسڵمان بچێته خوازبێنی ئافرەت لە سەر خوازبێنی برای موسڵمانی تاوەکو ئەو دەیخوازێت یان وازی لێدێنێت .**

قَوْلُهُ : "**أَوْ يَأْذَنَ لَهُ الْخَاطِبُ**" أَيْ حَتَّى يَأْذَنَ الْأَوَّلُ لِلثَّانِي ...

**واته : یان تاوەکو خوازبێنی کاری یەکەم ڕێی پێبدات واته بەوەی دووەم ...**

قَالَ الْجُمْهُورُ : هَذَا النَّهْيُ لِلتَّحْرِيمِ ، وَقَالَ الْخَطَّابِيُّ : هَذَا النَّهْيُ لِلتَّأْدِيبِ وَلَيْسَ بِنَهْيِ تَحْرِيم يُبْطِلُ الْعَقْدَ عِنْدَ الْفُقَهَاءِ ، كَذَا قَالَ ، وَلَا مُلَازَمَةَ بَيْنَ كَوْنِهِ لِلتَّحْرِيمِ وَبَيْنَ الْبُطْلَانِ عِنْد الْجُمْهُورِ بَلْ هُوَ عِنْدهمْ لِلتَّحْرِيمِ وَلَا يُبْطِلُ الْعَقْدَ ، بَلْ حَكَى النَّوَوِيُّ أَنَّ النَّهْيَ فِيهِ لِلتَّحْرِيمِ بِالْإِجْمَاعِ ...

**واته : زۆرینەی زانایان فەرموویانە : ئەم قەغەکردنەی خوازبێنی لە سەر خوازبێنی بۆ حەرامێتییە ، وە (الخطابِي) فەرموویەتی : ئەم قەغەکردنەی خوازبێنی لە سەر خوازبێنی لە ڕەوشت و ئاکار بەرزییە و بۆ قەغەکردنێکی حەرامێتی نییە کەوا گرێبەند و عەقدی یەك خستنی ژن و مێرد هەڵوەشێنێتەوە لای زۆرینەی زانایان ، (الخطابِي) ئاوای فەرمووە بەڵام هیچ پەیوەست بوونێك نییە لە نێوان ئەوەی کە بۆ حەرامێتی و هەڵوەشاندنەوە بێت لای زۆرینەی زانایان**

بەڵکو ئەمە لای زۆرینەی زانایان بۆ حەرام بوونە و گرێبەند و عەقدەکەش هەڵناوەشێنێتەوە ، بەڵکو (النووي) کۆڕای زانایانی گێڕاوەتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەم قەغەکردنە بۆ حەرامێتییە ...

قَوْلُهُ : "**حَتَّى يَنْكِحَ**" أَيْ حَتَّى يَتَزَوَّجَ الْخَاطِبُ الْأَوَّلُ فَيَحْصُلُ الْيَأْسُ الْمَحْضُ .

واتە : تاوەکو خوازبێنی کاری یەکەم مارەی دەکات و ئەو کاتە تەنها بێئومێدی دێتە دی بۆ خوازبێنی کاری دووەم .

وَقَوْلُهُ : "**أَوْ يَتْرُكَ**" أَيْ الْخَاطِبُ الْأَوَّلُ التَّزْوِيجَ فَيَجُوزُ حِينَئِذٍ لِلثَّانِي الْخِطْبَةُ ، فَالْغَايَتَانِ مُخْتَلِفَتَانِ : الْأُولَى تَرْجِعُ إِلَى الْيَأْسِ ، وَالثَّانِيَةُ تَرْجِعُ إِلَى الرَّجَاءِ ...)[٨٠].

واتە : یان تاوەکو خوازبێنی کاری یەکەم واز دێنێت لە خواستنی ، ئەو کاتە دروستە بۆ ئەوەی دووەم بچێتە خوابێنی ئەو ئافرەتە داواکراوە ، لێرەدا هەردوو دەرئەنجامەکە جیاوازن : یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ بێئومێدی ، وە دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئومێد و هیوا بوون ...

---

(٨٠) الفتح : (٩ / ٢٤٩ - ٢٥٢) .

**١١ - هەڵساندنی کەسێك لە جێگاکەی خۆی ((ولا يقم أحدكم أخاه من مجلسه)) :**

عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((لاَ يُقِمْ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ مِنْ مَجْلِسِهِ ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ))[٨١].

**واتە : با یەکێك لە ئێوە براکەی لە جێگای دانیشتنی هەڵنەسێنێت و ئەنجا خۆی تێیدا دانیشێت .**

ولفظ البخاري : ((لاَ يُقِيمُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَجْلِسِهِ ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ))[٨٢].

**واتە : با پیاوێك پیاوێکی تر لە جێگای دانیشتنی هەڵنەسێنێت و ئەنجا خۆی تێیدا دانیشێت .**

قال الحافظ : (قَالَ اِبْنُ أَبِي جَمْرَة : هَذَا اللَّفْظُ عَامٌّ فِي الْمَجَالِس وَلَكِنَّهُ مَخْصُوصٌ بِالْمَجَالِسِ الْمُبَاحَة إِمَّا عَلَى الْعُمُومِ كَالْمَسَاجِدِ وَمَجَالِسِ الْحُكَّامِ وَالْعِلْمِ ، وَإِمَّا عَلَى الْخُصُوصِ كَمَنْ يَدْعُو قَوْمَاً بِأَعْيَانِهِمْ إِلَى مَنْزِلِهِ لِوَلِيمَةٍ وَنَحْوِهَا ، وَأَمَّا الْمَجَالِسُ الَّتِي لَيْسَ لِلشَّخْصِ فِيهَا مِلْكٌ وَلَا إِذْنَ لَهُ فِيهَا فَإِنَّهُ يُقَامُ وَيُخْرَجُ مِنْهَا ، ثُمَّ هُوَ فِي الْمَجَالِسِ الْعَامَّة ، وَلَيْسَ عَامَّاً فِي النَّاسِ بَلْ هُوَ خَاصٌّ بِغَيْرِ الْمَجَانِينِ وَمَنْ يَحْصُلُ مِنْهُ الْأَذَى كَآكِلِ الثُّومِ النِّيِّءِ إِذَا دَخَلَ الْمَسْجِدَ وَالسَّفِيهُ إِذَا دَخَلَ مَجْلِسَ الْعِلْمِ أَوْ الْحُكْمِ ، قَالَ : وَالْحِكْمَةُ فِي هَذَا النَّهْي مَنْعُ اِسْتِنْقَاصِ حَقّ الْمُسْلِمِ الْمُقْتَضِي لِلضَّغَائِنِ ،

---

[٨١] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٧٤٩) و (٢٧٥٠) .

[٨٢] صحيح البخاري رقم : (٦٢٦٩) .

وَالْحَثِّ عَلَى التَّوَاضُعِ الْمُقْتَضِي لِلْمُوَادَدَةِ ، وَأَيْضَاً فَالنَّاسُ فِي الْمُبَاحِ كُلُّهمْ سَوَاء ، فَمَنْ سَبَقَ إِلَى شَيْءٍ اِسْتَحَقَّهُ ، وَمَنْ اِسْتَحَقَّ شَيْئَاً فَأُخِذَ مِنْهُ بِغَيْرِ حَقٍّ فَهُوَ غَصْبٌ وَالْغَصْبُ حَرَامٌ ، فَعَلَى هَذَا قَدْ يَكُونُ بَعْض ذَلِكَ عَلَى سَبِيلِ الْكَرَاهَةِ وَبَعْضه عَلَى سَبِيل التَّحْرِيم)[٨٣].

واتـە : (ابن أبي جمرة) فەرموویـەتی : ئەمـە گشـتی‌یە بـۆ هـەموو دانیشـتگە و مەجلیسەکان بەڵام تایبەت کراوە بە دانیشتگە و مەجلیسە سنوور بۆ دانەنراوەکان یان بە شێوازێکی گشتی وەکو مزگەوتەکان و دانیشـتگەی دادوەری و زانسـت ، وە یان بە شێوازێکی تایبەت وەکو ئەوەی کەسێك خەڵکانێکی تایبەت دەعوەت بکـات بۆ ماڵی خۆی بۆ ئامادە بوونی خواردنێکی دروست کراو و هاوشێوازەکانی ، بـەڵام ئەو دانیشتگانەی کە موڵکی تایبەتی کەسێك نین و بەندیش نین بە ڕێپێـدانـی‌یـەوە ئـەوا دروسـتە هەڵبسـێنرێت و دەربکرێـت تێیـدا ، ئـەنجا ئەمـەش بـۆ دانیشـتگە و مەجلیسە گشتی‌یەکانە ، وە گشتگیریش نی‌یە بۆ هەموو خەڵکێك بەڵکو تایبەتە بە جگە لە شێت و ئەوانەی کە ئازاریان لـێ‌دەکەوێتەوە وەکو کەسـێك کـە سـیری بـە کاڵی خواردبێت ئەگەر ڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە ، وە یان ئەگـەر کەسـێکی گەمـژە و بێ‌عەقڵ ڕۆیشتە ناو دانیشتگە و مەجلیسی زانست و دادوەری‌یەوە ، وە حیکمـەت لەم ڕێ‌گرتن و قەدەغەکاری‌یـەدا ئەوەیـە کـە ڕێ‌بگیرێـت لـە سوکایەتی کـردن بـە مافــی موسـڵمان کـە دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی ڕق و کینـە لـە دڵەکانـدا ، وە هاندانی تێدایە بۆ خۆ بە زل نەزانین کە دەبێتە هۆی دروست بـوونی دۆسـتایەتی و

---

[٨٣] الفتح : (١١ / ٧٥ ـ ٧٦) .

خۆشەویستی ، وە هەروەها خەڵك لە شتە گشتی و حەڵاڵەکاندا هەموویان یەکسانن ، کەواتە هەر کەسێك شایستەی شتێك بوو بەڵام لێی سەنرا بە بێحەق ئەوا دەبێتە دەست بەسەرا گیراو و دەست بە سەراگیراویش حەرامە ، کەواتە هەندێك لەو هەڵساندنانە لە سەر شێوازی کەراهەت و بێزێنراوییە و هەندێکیشیان لە سەر شێوازی حەرامێتییە .

١٢ - **ستەم لێکردن** ((**لا يظلمهُ**)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "**لَا يَظْلِمُهُ**" هُوَ خَبَرٌ بِمَعْنَى الْأَمْرِ فَإِنَّ ظُلْمَ الْمُسْلِمِ لِلْمُسْلِمِ حَرَامٌ)[٨٤].

واتە : "ستەم و زوڵمی لێناکات" ئەمە هەواڵە بە واتای فەرمان پێکردن بەوەی کە ستەم و زوڵم لە یەکتر نەکەن ، چونکە ستەم و زوڵمی موسڵمان لە موسڵمان حەرامە .

وقال الشيخ ابن العثيمين : (**لا يَظْلِمُهُ** لا في مالهِ ، ولا في بدنهِ ، ولا في عِرضهِ ، ولا في أهلهِ ، يعني لا يظلمهُ بأي نوعٍ من الظلم ...)[٨٥].

---

[٨٤] الفتح : (٥ / ١٢١) .

[٨٥] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٢) .

واتە : ستەم و زوڵمی لێناکات نە لە ماڵ و سامانیدا ، وە نە لە لاشەیدا ، وە نە لە سومعەت و ناموسیدا ، وە نە لە خێزان و کەس و کاریدا ، واتە ستەم و زوڵمی لێناکات بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی ستەم و زوڵم ...

١٣ ـ **یەکتر بە دەستەوە دان** ((**وَلَا يُسْلِمُهُ**)) :

قال الحافظ : (وَقَوْلُهُ : "وَلَا يُسْلِمُهُ" أَيْ لَا يَتْرُكُهُ مَعَ مَنْ يُؤْذِيهِ وَلَا فِيمَا يُؤْذِيهِ ، بَلْ يَنْصُرُهُ وَيَدْفَعُ عَنْهُ ، وَهَذَا أَخَصُّ مِنْ تَرْكِ الظُّلْمِ ، وَقَدْ يَكُونُ ذَلِكَ وَاجِباً وَقَدْ يَكُونُ مَنْدُوباً بِحَسَبِ اِخْتِلَافِ الْأَحْوَالِ ، وَزَادَ الطَّبَرَانِيُّ مِنْ طَرِيق أُخْرَى عَنْ سَالِم : "**وَلَا يُسْلِمُهُ فِي مُصِيبَةٍ نَزَلَتْ بِهِ** " ... )[٨٦].

واتە : مەبەست بە "نایدات بە دەستەوە" ئەوەیە کەوا وازیلێناهێنێت بۆ کەسێك یان بۆ شتێك کە زیانی پێبگەیەنێت بەڵکو سەری دەخات و بەرگیری لێدەکات ، وە ئەمەش تایبەت ترە لە ستەم لێنەکردن ، وە ئەمەش هەندێك جار واجبە و هەندێك جاریش سوننەتە بە پێی جیاوازی حاڵەتەکان ، وە لە ڕێگایەکی تری فەرموودەکەدا هاتووە : " نایدات بە دەستەوە لە کاتێکدا کە بەڵایەك ڕووی تێدەکات "...

وقال الشيخ ابن العثيمين : (... "**ولا يسلمه**" يعني لا يسلمهُ لمن ظلمهُ ، فهو يُدافعُ عنه ، ويحميهِ من شَرّهِ ، فهو جامعٌ بين أمرين :

---

[٨٦] الفتح : (٥ / ١٢١) .

الأمر الأول : أنَّهُ لا يظلمهُ .

والأمر الثاني : أنَّهُ لا يُسلمه لمن يظلمهُ ، بل يُدافع عنه .

ولهذا قال العلماء رحمهم الله : يَجبُ على الإنسان أنْ يُدافِعَ عن أخيه في عِرضِهِ وبدنهِ ومالهِ ، في عِرضِهِ : يعني إذا سَمِعَ أحداً يسبهُ ويغتابهُ يجب أنْ يُدافع عنه ، وكذلك أيضاً في بدنهِ : إذا أراد أحدٌ أنْ يعتدي على أخيك المسلم وأنت قادرٌ على دفعهِ وجبَ عليك أنْ تُدافعَ عنه ، وكذلك في مالهِ : لو أراد أحدٌ أنْ يأخذَ ماله ، فإنَّهُ يجب عليك أنْ تُدافعَ عنه)[٨٧].

واتە : "وە نایدات بە دەستەوە"مەبەست ئەوەیە نایدات بە دەست کەسێکەوە کە ستەم و زوڵمی لێبکات ، بەڵکو بەرگری لێدەکات ، و دەیپارێزێت لە خراپە و زیان و زەرەر ، کەواتە ئەمە دوو شتی کۆکردووەتەوە :

**یەکەم** : کەوا خۆی ستەم و زوڵمی لێناکات .

**وە دووەم** : کەوا نایدات بە دەست کەسێکی ترەوە کە ستەم و زوڵمی لێبکات ، بەڵکو بەرگری لێدەکات .

لە بەر ئەمە زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە : واجب و پێویستە لە سەر مرۆڤی موسڵمان بەرگری بکات لە برای موسڵمانی لە سومعەت و ناموس و لاشە و ماڵ و سامانیدا ، واتای بەرگری کردن لە سومعەت و ناموسی ئەوەیە : کە ئەگەر بیستی یەکێك جوێنی پێدەدات و غەیبەت و زەمی دەکات ئەوا پێویستە

---

[٨٧] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٢) .

**بەرگری لێبکات ، هەروەها واتای بەرگری کردن لە لاشەی ئەوەیە : کە ئەگەر یەکێك ویستی دەست درێژی بکاتە سەر برایەکی موسڵمانت و تۆش لە تواناتدا هەیە ئەو دەست درێژی کردنە ڕەت کەیتەوە ئەوا پێویستە لە سەرت کەوا بەرگری لێبکەیت ، هەروەها واتای بەرگری کردن لە ماڵ و سامانی ئەوەیە : کە ئەگەر یەکێك ویستی ماڵەکەی ببات ، ئەوا پێویستە لە سەرت کەوا بەرگری لێبکەیت .**

## ١٤ - خیانەت کردن لە یەکتر ((ولا یخونه)) :

قال الشيخ ابن العثيمين : (**"لاَ يَخُونُهُ"** : يعني لا يغدر بهِ في مَحل الائتمان إذا ائتمنه على شيء أو على مالٍ أو على سِرٍّ أو على غير ذلك فإنَّهُ لا يخونه .

**والخيانة** : هي الغدر بالشخص في موضع الائتمان ، ولا يَجوز لأحدٍ أنْ يَخون أخاهُ المسلم حتَّى وإنْ خانَهُ ، يعني وإنْ خانكَ أخوكَ المسلم فلا تَخُنْهُ لقول النبي (ﷺ) : **"أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ وَلاَ تَخُنْ مَنْ خَانَكَ"**[٨٨] ، فلو فرضنا أنَّ شخصاً خانك في مالٍ ، بأنْ أقرضتَهُ مالاً أي سلفتهُ ، ثُم أنكر بعد ذلك ، وقال : لَمْ تقرضني شيئاً ، فإنهُ لا يَحل لك أنْ تخونهُ فتقترض منه ثُم تنكره ، بل أدِّ إليهِ أمانته , واسأل الله الحق الذي لك ، لقوله عليه الصلاة والسلام : **"لاَ تَخُنْ مَنْ خَانَكَ"**)[٨٩] .

---

[٨٨] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٥٣٥) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٢٦٤) .

[٨٩] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٥) .

واتە : مەبەست بە "خیانـەتی لێناکـات" ئەوەیـە : کـە غـەدری لێناکـات لـە جێگای متمانـێ پێکردنـدا ئەگـەر ئەمانـەتی پێدا بـە سـەر شـتێکدا یـان بـە سـەر ماڵێکدا یان بە سەر نهێنی‌یەکدا یان بە سەر جگە لەمانەدا ئەوا خیانەتی لێناکات .

وە خیانەت : بریتی‌یە لە غەدر کردن لە کەسێك لە جێگای متمانێ پێکردندا ، وە دروست نی‌یە بۆ هیچ کەسێك کەوا خیانەت بکات لە برای موسڵمانی ئەگەر چـی ئەویش خیانەتی لەم کردبێ ، واتە ئەگەر برایـەکی موسـڵمانت خیانـەتی لێـت کـرد ئەوا تۆ خیانەتی لـێ مەکە لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی : "ئەمانەتەکە بدەرەوە بە دەست ئەو کەسەی کە داوێتی بە دەستت ، وە خیانـەت مەکە لەو کەسەی کە خیانەتی لێت کردووە" ...

### ١٥ - درۆ کردن لە گەڵ یەکـتردا ((وَلاَ يَكْذِبُهُ)) :

قال الشيخ ابن العثيمين: ("لاَ يَكْذِبُهُ" أي لا يُحدِّثهُ بكذب ، والكذب حرام)[٩٠].

واتە : مەبەست ئەوەیە درۆی لەگەڵدا ناکات ، چونکە درۆ حەرامە .

### ١٦ - پشت بەردانی یەکـتر ((وَلَا يَخْذُلُهُ)) :

قال الصنعانِي : ("وَلَا يَخْذُلُهُ" : وَالْخِذْلَانُ تَرْكُ الْإِعَانَةِ وَالنَّصْرِ ، وَمَعْنَاهُ : إِذَا اسْتَعَانَ بِهِ فِي دَفْعِ أَيِّ ضَرَرٍ أَوْ جَلْبِ أَيِّ نَفْعٍ أَعَانَهُ)[٩١].

---

[٩٠] المصدر السابق .

**واتــە : پشــتیبەرنادات ، وە پشــت بــەردان بریتیـیــە لــە یارمەتیـنــەدان و سەرنەخستن ، وە مەبەستیش ئەوەیە : ئەگەر داوای پشـت گـیری لێکـرد بـۆ دوور خستنەوەی هەر زیانێك یان بـۆ دەسـت کـەوتنی هـەر سـوودێك ئـەوا پشـت گـیری دەکات .**

وقال الحافظ : (قَوْلُهُ : "**مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ**"[92] وَفِي حَدِيث سَلَمَة بْن الْأَكْوَع عِنْدَ مُسْلِم : "**مَنْ سَلَّ عَلَيْنَا السَّيْفَ**"[93] ، وَمَعْنَى الْحَدِيث : حَمَلَ السِّلَاحَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ لِقِتَالِهِمْ بِهِ بِغَيْرِ حَقٍّ لِمَا فِي ذَلِكَ مِنْ تَخْوِيفهمْ وَإِدْخَالِ الرُّعْبِ عَلَيْهِمْ ...

وَعِنْدَ أَحْمَد مِنْ حَدِيث أَبِي هُرَيْرَة بِلَفْظِ : "**مَنْ رَمَانَا بِالنَّبْلِ فَلَيْسَ مِنَّا**" وَهُوَ عِنْدَ الطَّبَرَانِيّ فِي "الْأَوْسَط" بِلَفْظِ : "**اللَّيْل**" بَدَلَ النَّبْل ، وَعِنْدَ الْبَزَّار مِنْ حَدِيث بُرَيْدَةَ مِثْله .

قَوْلُهُ : "فَلَيْسَ مِنَّا" : أَيْ لَيْسَ عَلَى طَرِيقَتنَا ، أَوْ لَيْسَ مُتَّبِعاً لِطَرِيقَتِنَا ، **لِأَنَّ مِنْ حَقِّ الْمُسْلِم عَلَى الْمُسْلِم** أَنْ يَنْصُرَهُ وَيُقَاتِلَ دُونَهُ لَا أَنْ يُرْعِبَهُ بِحَمْلِ السِّلَاحِ عَلَيْهِ لِإِرَادَةِ قِتَالِهِ أَوْ قَتْلِهِ ، وَنَظِيرُهُ : "**مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا**"[94] ، "**وَلَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ وَشَقَّ الْجُيُوبَ**"[95] )[96].

---

[91] سبل السلام شرح بلوغ المرام : (٤ / ١٩٥) .

[92] صحيح البخاري رقم : (٦٨٧٤) و (٧٠٧٠) وصحيح مسلم رقم : (٩٨) .

[93] صحيح مسلم رقم : (٩٩) .

[94] صحيح مسلم رقم : (١٠١) .

[95] صحيح مسلم رقم : (١٠٣) .

واتـە : فـەرموودەی : **"هەرکەسـێك ڕووبـەڕوومان چـەك هـەڵگرێت"** ، وە لـە فەرموودەکـــەی (سلمة بن الأكوع عند مسلم) : **" هەرکەســـێك شمشـــێرمان لـێهەڵکێشێت"** ، وە واتـای ئـەم فەرموودەیـەش بـریتـییـە لـە : **هـەڵگرتنی چـەك بەرامبەر بە موسڵمانان بۆ کوشتار کردنیان بە بێحەق ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی تۆقاندنیان و ترس خستنە ناو دڵیانەوە ...**

وە لە فەرموودەکەی (أبو هريرة)دا ووتراوە : **" هەرکەسێك تیرمان تێبگرێت ئەوا ئەو کەسە لە ئێمە نییە"** وە (عند الطبراني في الأوسط بلفظ) : **"هەرکەسێك بـە شەو شتێکمان تێبگرێت ئەوا ئەو کەسە لە ئێمە نـیـیـە "** ، وە **" لـە ئێمـە نـیـیـە"** واتە : لە سەر ڕێبازی ئێمە نییە یان شوێنکەوتەی ڕێبازی ئێمە نییە ، چـونکە **لە مافەکانی موسڵمان بە سـەر موسـڵمانەوە** : دەبێـت سـەری بخـات و کوشـتاری لـە پێناودا بکات نەك **بیتۆقێنێت و بیترسێنێت بە چەك هەڵگرتن لە بەرامبەریدا** بـە مەبەستی کوشتار کردن لە گەڵیدا یان بە مەبەستی کوشتنی ، وە لە **هاو وێنەکانی** ئەمە فەرموودەی : **"هەرکەسێك غەش و فێڵمان لـێبکات ئەوا ئەو کەسە لـە ئێمـە نییە"** ، وە **"لە ئێمە نییە ئەو کەسەی لە ڕوومەتی دەدات و یەخەی دادەدڕێت"**.

---

[٩٦] الفتح : (١٣ / ٣١) .

### ١٧ - سوکایەتی کردن بە یەکتر ((ولا يحقره)) :

قال الشيخ ابن العثيمين : ("**وَلَا يَحْتَقِرُهُ**" يعني لا يَحتقرهُ ولا يستصغرهُ ، حتى وإن كان أكبر منه سِناً ، وإنْ كان أكثر منهُ مالاً ، وإنْ كان أغزر منه علماً فلا يَحقرهُ .

واحتقار الناس من الكِبر والعياذ بالله ، قال النبي (ﷺ) : "**الكِبرُ بطر الحق وغمط الناس**"[٩٧] ، بطر الحق : يعني ردهُ ، وغمط الناس : يعني احتقارهم وازدراءهم)[٩٨].

**واتـە : "بـە چـاوی سـوکەوە سـەیری ناکـات" واتـە : بـە کـەمی نازانێـت و سوکایەتی پێناکات ، تەنانەت ئەگەر چی لەویش گـەورەتر بێـت لـە تەمەنـدا ، وە ئەگەر چی لەویش پارەی زۆر تر بێت ،وە ئەگەر چی لەویش زانیـاری زۆر تـر بێـت ئەوا هەر بە چاوی سوکەوە سەیری ناکات ، وە بە کەم زانـینی خـەڵك و بـە چـاوی سوکەوە سەیر کردنیان بەشێکە لە فیز زلی و خۆ بەگەورە زانین خوا پـەنا بـدات ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ" ، واتـە : "خـۆ بـە گـەورە زانین بریتی‌یە لە ڕەت کردنەوە و قەبوڵ نەکردنی حەق و بـە کـەم زانـینی خـەڵك و بە چاوی سوکەوە سەیر کردنیان" .**

وقال أيضاً : ( ثُمَّ قال (ﷺ) : "**بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ**" يعني لو لَمْ يكن من الشر للمسلم إلاَّ أنْ يَحقر أخاهُ ويستصغرهُ ويستذلهُ لكان كافياً في الإثم والعياذ بالله ،

---

[٩٧] صحيح مسلم رقم : (٩١) .

[٩٨] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٥ - ٥٩٦) .

وفي هذا التحريْمِ أعظم زاجر من احتقار أخيك الْمُسلم ، وأنَّ الواجب عليك أنْ تَحترِمَهُ وتُعظمهُ بِما فيهِ من الإسلام والإيمان)[٩٩].

**واته : وه فەرموودەی : "بەسە بۆ خراپێتی کەسێك کە بـە چـاوێکی سـوکەوە سـەیری بـرای موسـڵمانی بکـات" واتاکـەی ئەوەیـە : ئەگـەر خـراپێتی نەبوایـە بـۆ موسڵمان تەنها بە چاوی سوکەوە سەیر کردنی برای موسڵمان و بە کەم و بچـوك و زەلیل و داماو زانینی نەبێت ئەوا ئەمە بەس بوو بۆ تاوانبارێتی ئەو کەسە پـەنا بـە خوا ، وە ئەم حرام کردنە گەورەترین سەرزەنشتکاری تێدایە بۆ بە کەم و بچـوك و داماو زانینی موسڵمان ، وە پێویسە لە سەرت کەوا ڕێزی لـێبگریت و بـە گـەورەی بزانێت بەوەی کە تێیدا هەیە لە ئیسلام و ئیمان .**

## سیانزەیەم : داپۆشینی عەیبە و تـاوان و کەم و کوڕی یەکتر ((وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمَاً" أَيْ رَآهُ عَلَى قَبِيحٍ فَلَمْ يُظْهِرْهُ أَيْ لِلنَّاسِ ، وَلَيْسَ فِي هَذَا مَا يَقْتَضِي تَرْكُ الْإِنْكَارِ عَلَيْهِ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ ، وَيُحْمَلُ الْأَمْرُ فِي جَوَازِ الشَّهَادَةِ عَلَيْهِ بِذَلِكَ عَلَى مَا إِذَا أَنْكَرَ عَلَيْهِ وَنَصَحَهُ فَلَمْ يَنْتَهِ عَنْ قَبِيحِ فِعْلِهُ ثُمَّ جَاهَرَ بِهِ ، كَمَا أَنَّهُ مَأْمُورٌ بِأَنْ يَسْتَتِرَ إِذَا وَقَعَ مِنْهُ شَيْءٌ ، فَلَوْ تَوَجَّهَ إِلَى الْحَاكِمِ وَأَقَرَّ لَمْ يَمْتَنِعْ ذَلِكَ ، وَالَّذِي يَظْهَرُ أَنَّ السَّتْرَ مَحَلُّهُ فِي مَعْصِيَةٍ قَدْ اِنْقَضَتْ ، وَالْإِنْكَارَ فِي مَعْصِيَةٍ قَدْ حَصَلَ التَّلَبُّسُ بِهَا فَيَجِبُ الْإِنْكَارُ

[٩٩] شرح رياض الصالحين : (١ / ٥٩٧) ، وانظر سبل السلام : (٤ / ١٩٥) .

عَلَيْهِ وَإِلَّا رَفَعَهُ إِلَى الْحَاكِمِ ، وَلَيْسَ مِنْ الْغِيبَةِ الْمُحَرَّمَةِ بَلْ مِنْ النَّصِيحَةِ الْوَاجِبَةِ ، وَفِيهِ إِشَارَةٌ إِلَى تَرْكِ الْغِيبَةِ لِأَنَّ مَنْ أَظْهَرَ مَسَاوِئَ أَخِيهِ لَمْ يَسْتُرْهُ ...

قَوْلُهُ : "سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ" فِي حَدِيث أَبِي هُرَيْرَة عِنْدَ التِّرْمِذِيّ : "سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ" ...)[١٠٠].

واتە : **"هەر کەسێك موسڵمانێك داپۆشێت"** واتە : دەیبینێت بە سەر کارێکی نابەجێوە و ئاشکرای ناکات بۆ خەڵك و دایدەپۆشێت ، وە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا وازبێنێت لە ڕێلێگرتن و قەدەغە لێکردن و ئامۆژگاری کردنی لە نێوان هەردووکیاندا ، وە حاڵەتی دروستێتی شایەتی دان لە سەری بەوە لێکدەدرێتەوە کەوا ئەگەر ڕێی لێگرت و ئامۆژگاری کرد بەڵام ئەو هەر وازی نەهێنا لە کردەوە خراپ و نابەجێکەی و ئەنجا ئاشکراشی کات ، هەروەها موسڵمان فەرمانی پێکراوە بەوەی کە خۆی داپۆشێت و خراپەکانی ئاشکرا نەکات ئەگەر ئەنجامیدا ، وە ئەگەر ڕۆیشت بۆ لای کاربەدەستان و دانینا بە تاوان باری خۆی ئەوا ڕێگری ئەمەی لێناکرێت .

وە ئەوەی ڕوون بێت ئەم داپۆشینە لە کاتێکدا دەبێت ئەگەر تاوانەکە کۆتایی پێهاتبێت ، وە ڕێلێگرتن و قەدەغە لێکردن بۆ تاوانێکە کەوا کەوتبێتە ناویەوە و سەرقاڵی ئەنجام دانی بێت لەم حاڵەتەدا واجبە ڕێی

---

[١٠٠] الفتح : (٥ / ١٢١ ـ ١٢٢) .

لێبگرێت ئەگینا بەرزی دەکاتەوە بۆ لای دەسەڵاتداران ، وە ئەمەش بریتی نیيە لە غەیبەتی حەرام و قەدەغە کراو بەڵکو بەشێکە لە ئامۆژگاریيە واجبەکان ، وە ئاماژەشی تێدایە بۆ وازهێنان لە غەیبەت کردن چونکە هەر کەسێك خراپەکانی براکەی ئاشکرا بکات ئەوا دایئەپۆشیوە ...

## چواردەیەم : خۆ بەدوور ڕاگرتن لە خوێن و ماڵ و ناموسی یەکتر بە ناحەق ((كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ)) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێناسەی موسڵمانی ڕاست و ساغ و کامڵدا فەرموویەتی : ((الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ))[١٠١].

واتە : موسڵمان ئەو کەسەیە کەوا موسڵمانان پارێزراو و سەلامەت بن لە زمان و دەستی .

وە (المناوي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا :

((سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ))[١٠٢] واتە : "جوێن دان بە موسڵمان فاسقێتی و لە ڕێدەرچوونە ، وە کوشتار کردنیشی بەشێکە لە بێباوەڕی" فەرموویەتی :

---

[١٠١] صحيح البخاري رقم : (١٠) وصحيح مسلم رقم : (٤١).

[١٠٢] صحيح البخاري رقم : (٤٨) وصحيح مسلم رقم : (٦٤).

(ففي الحديث تعظيم حق المسلم ، والحكم على من سَبَّهُ بغير حق بالفُسق ، وقتاله كفر ... بِمعنَى كفران النعمة والإحسان في أخوة الاسلام)[١٠٣].

**واتە : ئەم فەرموودەیە گەورەیی مافی موسڵمانی تێدایە ، هەروەها حوکم و بڕیار دان بە سەر ئەو کەسەی کەوا جوێنی پێدەدات بە ناحەق بە فاسقێتی و لەڕێدەرچوون ، و کوشتار کردنیشی بە بەشێك لە بێباوەڕی ... بە واتای بێباوەڕی و داپۆشینی نیعمەت و چاکەکاری لە برایەتی موسڵمانانەدا .**

**هەروەها** (المناوي) **فەرموویەتی :** (وقتالُ المسلم أخاه في الدين وإنْ لم يكن من النسب كفرٌ أي يشبه الكفر من حيث إنه من شأن الكفار ، فأطلق عليه الكفر لشبهه به أو أراد الكفر اللغوي وهو التغطية لأنَّ حق المسلم على المسلم أنْ يُعينه وينصره ويكف عنه أذاه)[١٠٤].

**واتە : کوشتار کردنی موسڵمان لە گەڵ برای ئاینیدا ئەگەر چی لە بنەواشدا برای نەبێت کوفرە واتە لە کوفر دەچێت لەو ڕووەوە کەوا ئەمە لە ئاکاری کافر و بێباوەڕەکانە ... چونکە مافی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە ئەوەیە کەوا یارمەتی بدات و پشتیوانی بکات و زەرەر و زیانی لێبگرێتەوە .**

---

[١٠٣] فيض القدير : (٤ / ٨٤) وانظر الفتح : (١ / ١٥٠) .

[١٠٤] فيض القدير : (٤ / ٥٠٥) ، وانظر الفتح : (١ / ١٥٠).

### * واتای هەندێك لەو ووشانەی كە لە فەرموودە درێژەكەدا هاتووە :

قال الحافظ : (قَوْلُهُ : "وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا" ، زَادَ مُسْلِم فِي آخِرِهِ : "كَمَا أَمَرَكُمْ اللَّهُ" ... وَهَذِهِ الْجُمْلَة تُشْبِهُ التَّعْلِيلَ لِمَا تَقَدَّمَ ، كَأَنَّهُ قَالَ إِذَا تَرَكْتُمْ هَذِهِ الْمَنْهِيَّات كُنْتُمْ إِخْوَانًا وَمَفْهُومُهُ إِذَا لَمْ تَتْرُكُوهَا تَصِيرُوا أَعْدَاءً ، وَمَعْنَى كُونُوا إِخْوَانًا اِكْتَسِبُوا مَا تَصِيرُونَ بِهِ إِخْوَانًا مِمَّا سَبَقَ ذِكْرُهُ وَغَيْر ذَلِكَ مِنْ الْأُمُورِ الْمُقْتَضِيَةِ لِذَلِكَ إِثْبَاتًا ...

واتە : فەرموودەی "ببن بە بەندەی خوا و برای یەكتر" .. "وەكو چۆن خوا فەرمانی پێكردوون" ... ئەم دێڕە وەكو هۆكار باس كراوە بۆ ئەوانەی پێشوو ، وەكو بڵێی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ئەگەر ئێوە وازبێنن لەم ڕەفتارە قەدەغە كراوانە ئەوا دەبن بە برای یەكتر ، وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وازی لێنەهێنن ئەوا دەبن بە دوژمنی یەكتر .

وە واتای " ببن بە برای یەكتر " ئەوەیە كە : شتانێك وەربگرن و كرداری پێ بكەن لەوانەی كە دەتانكاتە برای یەكتر لەو ڕەوشت و ئاكارانەی پێشوو كە باس كران .. هەروەها جگە لەمانەش لەو ڕەفتار و ئاكارانەی كە داخوازیكراوە بۆ ئەم مەبەستە چ بە كردنی چاكەكارییەكان بێت یان بە نەكردنی خراپەكارییەكان بێت .

قَوْلُهُ : "**عِبَادَ اللَّهِ**" . أَيْ يَا عِبَادَ اللَّهِ . بِحَذْفِ حَرْفِ النِّدَاءِ ، وَفِيهِ إِشَارَةٌ إِلَى أَنَّكُمْ عَبِيدُ اللَّهِ فَحَقُّكُمْ أَنْ تَتَوَاخُوا بِذَلِكَ ، قَالَ الْقُرْطُبِيُّ : الْمَعْنَى كُونُوا كَإِخْوَانِ النَّسَبِ فِي الشَّفَقَةِ وَالرَّحْمَةِ وَالْمَحَبَّةِ وَالْمُوَاسَاةِ وَالْمُعَاوَنَةِ وَالنَّصِيحَةِ .

وَلَعَلَّ قَوْلُهُ فِي الرِّوَايَةِ الزَّائِدَة : "كَمَا أَمَرَكُمْ اللَّهُ" أَيْ بِهَذِهِ الْأَوَامِرِ الْمُقَدَّمِ ذِكْرُهَا فَإِنَّهَا جَامِعَةٌ لِمَعَانِي الْأُخُوَّة ...)[١٠٥].

**واتە : وە فەرموودەی : "ئەی بەندەکانی خوا" ئاماژەی تێدایە بۆ ئەوەی کە ئێوە بەندەی خوان کەواتە پێویستە بەمە ببن بە برای یەکتر ، (القرطبِي) فەرموویەتی : واتە با واتان لێبێت وەکو برای پشتی باوك لە ڕووی سۆز و بەزەی و خۆشەویستی و بەدەم یەکترەوە هاتن و هاوکاری و ئامۆژگاری برایانە ، وە لەوانەیە مەبەست بە "وەکو چۆن خوا فەرمانی پێکردوون" ئەم شتانە بێت کە لە پێشەوە باس کران ، چونکە بە ڕاستی ئەمانە کۆکەرەوەی ماناکانی برایەتین ...**

وقال ابن عبد البر : (تضمن الحديث تحريم بغض المسلم ، والإعراض عنه ، وقطيعته بعد صحبته بغير ذنب شرعي ، والحسد له على ما أنعم به عليه ، وأن يعامله معاملة الأخ

---

[١٠٥] الفتح : (١٠ / ٥٩٣) .

النسيب ، وأنْ لا ينقب عن معايبه ، ولا فرق في ذلك بين الحاضر والغائب ، وقد يشترك الميت مع الحي في كثير من ذلك)[١٠٦].

واته : ئەم فەرموودەیە چەند شتێکی گردووەتە خۆی لەوانە :

حەرامێتی ڕق و قین هەڵگرتن لە موسڵمان ، و پشت لـێکردنی ، و داپچڕانی پەیوەندی لـێی دوای هاوڕێیەتی کردنی بە بـێ تـاوانێکی شـەرعی ، وە حەسـودی پـێبردنی لـەو نیعمەتانـەی کـە خـوا پێـی بەخشـیوە ، وە دەبێـت هەڵسـوکەوت و مامەڵەی لە گەڵدا بکات وەکو هەڵسـوکەوت و مامەڵـە کـردن لـە گـەڵ بـرای پشـتی باوکدا ، وە نابێت بگەڕێت بە دوای کەموکوڕی و تاوانەکانیـدا و پـەردەی لـە سـەر هەڵماڵێت .

وە لەمەدا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان برایەکی ئامادە بوو و نادیـاردا ، وە مردوویش هاوبەشە لە گەڵ زیندوودا لە زۆرینەی ئەو شتانەدا .

---

[١٠٦] الفتح : (١٠ / ٥٩٣) .

*** ئایا ئەم مافانە لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ موسڵمانان بەجێدەهێنرێن ؟**

**بنچینە و بنەوا وایە کە بەجێگەیاندنی ئەم مافانە لە نێوان هەموو موسڵماناندا هاوبەشن و نابێت جیاوازی بکرێت لە نێوان موسڵمانێك و یەکێکی تردا ، بەڵام زانایان تەنها دوو حاڵەتیان جوودا کردووەتەوە لەم بنچینەیە لە بەر هەندێك بەڵگەی شەرعی کە باسیان دەکەین .**

قال المناوي في شرح حديث ((**حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ سِتٌّ**)) : (أي الحقوق المشتركة بين المؤمنين عند ملابسة بعضهم بعضا)(١٠٧).

**واتە : مافەکان هاوبەشن لە نێوان بڕواداراندا لە کاتی تێکەڵ بوونی هەندێکیان لە گەڵ هەندێکی تریاندا .**

وقال أيضاً : (تنبيه : قال ابن العربي : *عليك في رعاية هذه الحقوق وغيرها بالمساواة بين المسلمين كما ساوى الإسلام بينهم في أعيانهم ، ولا تقل هذا ذو سلطانٍ وجاهٍ ومالٍ وهذا حقيرٌ* ، والحاصل لا تُحقِّرْ صغيراً ، واجعل الإسلام كله كالشخص الواحد والمسلمين كالأعضاء لذلك الشخص ، فإنَّ الإسلام لا وجود له إلَّا بالْمسلمين كما أنَّ الإنسان لا وجود له إلَّا بأعظائهِ وجميع قواه الظاهرة والباطنة ...)(١٠٨).

---

(١٠٧) فيض القدير : (٣ / ٥١٧) .

(١٠٨) فيض القدير : (٣ / ٥١٦ ـ ٥١٧) .

واتە : بیرخستنەوەیەك : (ابن العربي المالكي) فەرموویەتی :

پێویستە لە سەرت چاودێری بکەیت لە بە جێهێنانی ئەم مافانە و جگە لەمانەشدا بە یەکسانی لە نێوان موسڵماناندا هەروەکو چۆن ئیسلام یەکسانی کردووە لە نێوان خودی موسڵماناندا ، وە نەڵێیت ئەمە دەسەلات دارە یان ناو دارە یان پارە دارە و ئەوەش سووك و بێ ڕێزە ، هەروەها بچووکیش بێ ڕێز مەکە بەڵکو هەموو ئیسلام بکە بە لاشەی یەك کەس و موسڵمانانیش بە ئەندامەکانی ئەو کەسە ، چونکە ئیسلام بوونی نییە ئیللا بە موسڵمانانەوە نەبێت هەوەکو چۆن مرۆڤ بوونی نییە ئیللا بە ئەندامەکانی لاشەوە و هەموو توانا دەرەکی و ناوەکییەکانیەوە نەبێت ...

بە کورتی : بنچینە و ئەصڵ وایە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك جیاوازی بکرێت لە نێوان موسڵماناندا لە بەجێگەیاندنی هەموو ئەم مافانەدا .

وە ناشبێت موسڵمان بە بێ هیچ هۆکارێکی شەرعی پشت لە برای موسڵمانی بکات ، بەڵام ئەگەر هۆکارێکی تایبەت بە نێوانی خۆیانەوە هەبوو ئەوا دروستە موسڵمان تاوەکو سێ ڕۆژ پشت لە برای موسڵمانی بکات بەڵام زیاتر لە سێ ڕۆژ حەرامە و دروست نییە چونکە لە فەرموودەکەی ڕابردوودا هاتووە : (( ... وَنَهَى عَنْ هِجْرَةِ الْمُسْلِمِ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ)) .

**واتـە : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) قەدەغـەی کـردووە موسـڵمان قسـە لـە گـەڵ موسڵماندا نەکات و پشتی لـێهەڵبکات زیاتر لە سێ ڕۆژ .**

قال الإمام البخاري : (باب الْهِجْرَةِ وَقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ : "**لاَ يَحِلُّ لِرَجُلٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلاَثٍ**")[١٠٩] و (باب مَا يَجُوزُ مِنَ الْهِجْرَانِ لِمَنْ عَصَى)[١١٠] و (باب مَنْ لَمْ يُسَلِّمْ عَلَى مَنِ اقْتَرَفَ ذَنْبَاً ، وَلَمْ يَرُدَّ سَلاَمَهُ حَتَّى تَتَبَيَّنَ تَوْبَتُهُ ، وَإِلَى مَتَى تَتَبَيَّنُ تَوْبَةُ الْعَاصِي ؟ وَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرٍو : "لاَ تُسَلِّمُوا عَلَى شَرَبَةِ الْخَمْرِ")[١١١].

**لەم سەر بابەت و ناونیشـانانەی ئیمـامی (البخاري)دا بـۆ فـەرموودەکانی ئـەو بابەتانە ئەوە تێدەگەین کە :**

**ـ لە بنەوادا پشت کردن و عاجز بوون لـە بـرای موسـڵمان زیـاتر لـە سـێ ڕۆژ حەڵاڵ نىیە و حەرامە .**

**ـ پشت کردن و عاجز بـوون لـە بـرای موسـڵمانی تاوانبـار زیـاتر لـە سـێ ڕۆژ حەڵاڵ و دروستە .**

**ـــ سـەلام ناکرێـت لـە موسـڵمانی تاوانبـار و وەڵامـی سەلامیشـی نادرێتـەوە تاوەکو تەوبەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەکات .**

---

[١٠٩] انظر الفتح : (١٠ / ٦٠٣) وما بعدهُ .

[١١٠] انظر الفتح : (١٠ / ٦١٠) وما بعدهُ .

[١١١] انظر الفتح : (١١ / ٤٩) وما بعدهُ .

وقال الحافظ : (وَقَدْ ذَهَبَ الْجُمْهُورُ إِلَى أَنَّهُ **لَا يُسَلَّمُ عَلَى الْفَاسِقِ وَلَا الْمُبْتَدِعِ** ... وَقَالَ الْمُهَلَّب : **تَرْكُ السَّلَامِ عَلَى أَهْلِ الْمَعَاصِي سُنَّةٌ مَاضِيَةٌ ، وَبِهِ قَالَ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْعِلْمِ فِي أَهْل الْبِدَعِ** ...

وَأَلْحَقَ بَعْضُ الْحَنَفِيَّةِ بِأَهْلِ الْمَعَاصِي مَنْ يَتَعَاطَى خَوَارِمَ الْمُرُوءَةِ ، كَكَثْرَةِ الْمِزَاحِ وَاللَّهْو وَفُحْشِ الْقَوْلِ ، وَالْجُلُوس فِي الْأَسْوَاقِ لِرُؤْيَةِ مَنْ يَمُرُّ مِنْ النِّسَاءِ وَنَحْو ذَلِكَ .

وَحَكَى اِبْنُ رُشْد قَالَ : قَالَ مَالِك : لَا يُسَلَّمُ عَلَى أَهْلِ الْأَهْوَاءِ ، قَالَ اِبْنُ دَقِيق الْعِيد : وَيَكُونُ ذَلِكَ عَلَى سَبِيلِ التَّأْدِيبِ لَهُمْ وَالتَّبَرِّي مِنْهُمْ ...

وَقَالَ النَّوَوِيّ : **وَأَمَّا الْمُبْتَدِعُ وَمَنْ اِقْتَرَفَ ذَنْبَاً عَظِيماً وَلَمْ يَتُبْ مِنْهُ فَلَا يُسَلَّمُ عَلَيْهِمْ وَلَا يُرَدُّ عَلَيْهِمْ السَّلَام** كَمَا قَالَ جَمَاعَةٌ مِنْ أَهْلِ الْعِلْم ، وَاحْتَجَّ الْبُخَارِيُّ لِذَلِكَ بِقِصَّةِ كَعْب بْن مَالِك اِنْتَهَى ...

وَاقْتَصَرَ الْبُخَارِيُّ عَلَى الْقَدْرِ الَّذِي ذَكَرَهُ لِحَاجَتِهِ إِلَيْهِ هُنَا ، وَفِيهِ مَا تَرْجَمَ بِهِ مِنْ تَرْكِ السَّلَامِ تَأْدِيبَاً وَتَرْك الرَّدِّ أَيْضَاً ، وَهُوَ مِمَّا يُخَصُّ بِهِ عُمُوم الْأَمْرِ بِإِفْشَاءِ السَّلَام عِنْد الْجُمْهُور ...)[١١٢].

**واته : زۆربەی زانایان بۆچوونیان وایە : کەوا نابێت سەلام بکرێت لە فاسق (ئەو کەسەیە کە بە ئاشکرا تاوان دەکات) و بیدعەچی ...**

---

[١١٢] الفتح : (١١ / ٤٩ ـ ٥٠) .

وە (المهلب) فەرموویەتی : سەلام نەکردن لە تاوانباران سوننەتێکی پێشنە و بەردەوامە ، وە زۆربەی زانایان فەرموویانە : سەلام نەکەن لە ئەهلی بیدەع ...

وە هەندێك لە (حەنەفی مەزهەبەکان) ئەوانەشیان داوەتەپاڵ تاوانباران کەوا شتانێك دەکەن پیاوەتی و کەسایەتی مرۆڤی پێ دەڕوشێت وەکو زۆر سوعبەت و گاڵتە کردن و ووتەی نابەجێ و قسەی خراپ ووتن و دانیشتن لە بازاڕدا بۆ سەیر کردنی ئەو ئافرەتانەی کە تێپەڕ دەبن و هاو شێوەکانی ئەمانە کە پیاوەتی لەکەدار دەکات و دەیڕوشێنێت .

وە (ابن رشد) دەگێڕێتەوە کەوا ئیمامی (مالك) فەرموویەتی : نابێت سەلام بکرێت لە ئەهلی هەواوئارەزوو و بیدعەچی‌یەکان ، (ابن دقیق العید)یش فەرموویەتی : ئەمەش بە مەبەستی ڕاهێنان و پەروەردە کردنە بۆیان و خۆ بێ بەری کردنە لە کردار و ڕەفتارە ناڕەواکانیان ...

وە (النووي) فەرموویەتی : بەڵام بیدعەچی و ئەوەی کە تاوانی گەورەی ئەنجامداوە و تەوبەی نەکردووە ئەوا ئەمانە سەلامیان لێناکرێت و وەڵامی سەلامیشیان نادرێتەوە وەکو چۆن کۆمەڵێك لە زانایان فەرموویانە ، وە ئیمامی (البخاري) بەسەرهاتەکەی (کعب بن مالك) کردووەتە بەڵگە بۆ ئەمە ...

وە ئیمامی (البخاري) لەم بابەتەدا ئەوەندەی لە فەرموودەکەی (کعب بن مالك) باس کردووە کە پێویستی پێبووە لێرەدا ، وە ئەوەندەی تێدایە کە

**کردوویەتی بە سەر باسی ئەم بابەتە لە نەکردن و وەڵام نەدانەوەی سەلام بە مەبەستی پەروەردەکردن ، وە ئەمەش دەکرێت بە تایبەت کاری گشتێتی فەرمان کردن بە بڵاوکردنەوەی سەلام لای زۆرینەی زانایان ...**

وقال النووي في "رياض الصالحين" : (بَابُ تَحْرِيمِ الـهِجْرَانِ بَيْنَ الْمُسْلِمِينَ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ **إِلَّا لِبِدْعَةٍ فِي الْمَهْجُورِ أَوْ تَظَاهُرٍ بِفِسْقٍ** ..)[١١٣].

**واتە : پشت هەڵکردن لە نێوان موسڵماناندا زیاتر لە سێ ڕۆژ حەرامە تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت : لە بیدعەیەکدا کە لە پشت لێهەڵکراوەکەدا هەبێت یان لە بەر ئاشکرا کردنی تاوان و یاخی بوون لە ئەرکە شەرعیەکان .**

وقال البغوي : (النهي عن الهجران فوق ثلاث فما يقع بين الرجلين من التقصير في حقوق الصحبة والعشرة دون ما كان كذلك في حق الدين ، **فإنَّ هجرة أهل الأهواء والبدع دائمة إلى أنْ يتوبوا**) [١١٤].

**واتە : قەدەغە کردنی پشت هەڵکردن لە نێوان موسڵماناندا زیاتر لە سێ ڕۆژ تایبەتە بەوەوە کە ڕوو دەدات لە نێوان دوو پیاودا کە کەم و کوڕیان هەبێت و کەمتەرخەم بن لە بە جێهێنانی مافەکانی هاوڕێیەتی و هەڵسوکەوت کردن لە ئاستی یەکتردا نەك ئەو پشت هەڵکردنە بێت کە لە بەر هۆکاری مافە ئایینیەکان ڕوو دەدات ،**

---

[١١٣] انظر : شرح رياض الصالحين : (٤ / ١٣٧ - ١٤٠) .

[١١٤] شرح السنة للبغوي : (١ / ٢٢٤) .

چونکە پشت هەڵکردن لە هەڵگرانی هەواوئارەزوو و بیدعەچی‌یەکان بەردەوامە تاوەکو تەوبە دەکەن و دەگەڕێنەوە لە بیدعە کردن و شوێنکەوتنی هەواوئارەزوو .

**لەمەوە بۆمان دەردەکەویت کەوا لە دوو حاڵەتدا ئەم مافانە بەجێناهێنرێن بۆ موسڵمان کە بریتین لە :**

## حاڵەتی یەکەم : ئەو موسڵمانەی کە پشتی لێهەڵکراوە بە هۆی (تاوانی گەورە و ئاشکرا)وە :

ئەگەر موسڵمانێك کەوتە ناو تاوانێکی گەورەوە و بە شێوەیەکی ئاشکراش ئەنجامی دەدا ئەوا پێویستە یەکەم جار ئامۆژگاری بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە ، بەڵام ئەگەر هەر بەردەوام بوو ئەوا دەبێت پشتی لێهەڵبکرێت لە لایەن ئەو موسڵمانانەوە کە پشت هەڵکردنیان گاریگەری و سەرزەنشتی و ڕاچەڵەکاندنی تێدا دەبێت بۆ سەر ئەو کەسە تاوانبارە و هاوشێوەکانی و دەشبێتە مایەی خۆ پارێزی کردن لە کەوتنە ناو ئەو تاوانە بۆ خۆیان و کەسانی دەوروبەریان .

بەڵگەش لە سەر ئەمە بریتی‌یە لە :

فەرموودەی ئەو سێ صەحابی‌یەی کە لە جەنگی (تەبوك)دا دواکەوتن ، وە بە هۆی ئەو دواکەوتنەیانەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باقی تری صەحابە بۆ ماوەی (٥٠) پەنجا ڕۆژ پشتیان هەڵکرد لەو سێ صەحابی‌یە و قسەیان لە

گەڵیاندا نەدەکرد و وەڵامی سەلامیشیان نەدەدایەوە و تەنانەت لە (١٠) دە ڕۆژی کۆتایدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە جیابوونەوەی خێزانەکانیان لێیان تاوەکو ئایەتی (١١٨)ی سورەتی (التوبة) دابەزی : ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١١٨﴾ .

ئیمامی (ابن حجر) لە شەرح و شیکردنەوەی ئەو فەرموودەیەی کە لە سەرەوە ئاماژی بۆ کرا فەرموویەتی : (قَالَ الطَّبَرِيُّ : قِصَّةُ كَعْب بْن مَالِك أَصْلٌ فِي هِجْرَانِ أَهْلِ الْمَعَاصِي)[١١٥].

واتە : بەسەرهاتی (كعبُ بن مالك) بنچینە و بنەوایەکە بۆ پشت هەڵکردن لە تاوانباران .

هەروەها فەرموودەی ئەو صەحابی‌یەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جەنازەی لە سەر نەکرد بە هۆی قەرزاری‌یەوە :

عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) لاَ يُصَلِّي عَلَى رَجُلٍ عَلَيْهِ دَيْنٌ ، فَأُتِيَ بِمَيِّتٍ ، فَسَأَلَ : أَعَلَيْهِ دَيْنٌ ؟ قَالُوا : نَعَمْ عَلَيْهِ دِينَارَانِ ، قَالَ : صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ ...))[١١٦].

---

[١١٥] الفتح : (١٠ / ٦١١) .

**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جەنازەی نەدەکرد لە سەر پیاوێك کە قەرزار ببوایەت ، جا مردوویەکیان بۆ هێنا ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئایا قەرزی بە سەرەوەیە ؟ ووتیان : بەڵێ دوو دیناری بە سەرەوەیە ، فەرمووی : ئێوە خۆتان نوێژ لە سەر هاوەڵەکەتان بکەن ...**

قال المباركفوري : (قَالَ الْقَاضِي وَغَيْرُهُ : اِمْتِنَاعُ النَّبِيِّ (ﷺ) عَنْ الصَّلَاةِ عَلَى الْمَدْيُونِ إِمَّا لِلتَّحْذِيرِ عَنْ الدَّيْنِ ، وَالزَّجْرِ عَنْ الْمُمَاطَلَةِ ، وَالتَّقْصِيرِ فِي الْأَدَاءِ ، أَوْ كَرَاهَةَ أَنْ يُوقَفَ دُعَاؤُهُ بِسَبَبِ مَا عَلَيْهِ مِنْ حُقُوقِ النَّاسِ وَمَظَالِمِهِمْ .

وَقَالَ الْقَاضِي اِبْنُ الْعَرَبِيّ فِي الْعَارِضَةِ : وَامْتِنَاعُهُ مِنْ الصَّلَاةِ لِمَنْ تَرَكَ عَلَيْهِ دَيْنَاً تَحْذِيراً عَنْ التَّقَحُّمِ فِي الدُّيُونِ لِئَلَّا تَضِيعَ أَمْوَالُ النَّاسِ ، كَمَا **تَرَكَ الصَّلَاةَ عَلَى الْعُصَاةِ زَجْرَاً عَنْهَا حَتَّى يُجْتَنَبَ** خَوْفَاً مِنْ الْعَارِ ، وَمِنْ حِرْمَانِ صَلَاةِ الْإِمَامِ وَخِيَارِ الْمُسْلِمِينَ)[١١٧] .

**واتە : خۆگرتنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کردنی نوێژی جەنازە لە سەر قەرزار یان بۆ ووریاکردنەوەیە لە قەرز و سەرزەنشت کردنە لە دوا خستنی بردنەوەی و کەم تەرخەمی کردنە لە دانەوەیدا ، وە یان لە بەر پێناخۆش بوونی بوو لە ڕاگرتنی دوعاکەی بە هۆی ئەو ماف و ستەمانەی خەڵکەوە کە بە سەریەوەیەتی .**

---

[١١٦] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٣٤٣) وصحيح سنن الترمذي رقم : (١٠٦٩) وصحيح سنن النسائي رقم : (١٩٦٢) واللفظ لهُ ، وأصلهُ في الصحيحين .

[١١٧] تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي : (٤ / ١٧٧) .

وە (ابن العربي) فەرموویەتی : خۆگرتنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کردنی نوێـژی جەنازە لە سەر قـەرزار لـە بـەر ووریاکردنـەوە بـووە لـە کەوتنـە نـاو قـەرزەوە بـۆ ئەوەی ماڵ و سامانی خەڵك نەفەوتێت ، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) نوێـژی لـە سەر تاوانباران نەدەکرد بە مەبەست سەرزەنشت کردنیان تـاوەکو دوور بکەونـەوە لـێی لە ترسی عەیبە و شەرمەزاری و مەحروم و بێبەش بوون لە نوێژی پێشەوا و پیاوچاکانی موسڵمانان .

وقـال صـاحب "عـون الـمعبود" : (وَلَا يُصَلِّي عَلَيْـهِ الْإِمَـامُ **رَدْعَـاً لِأَهْـلِ الْمَعَاصِـي** إِذَا عَلِمُوا أَنَّهُ مِمَّنْ لَا يُصَلَّى عَلَيْهِ ، **وَلِئَلَّا يَجْتَرِئَ النَّاسُ عَلَى مِثْلِ فِعْلِهِ**)[١١٨].

واتـە : پێشـەوای موسـڵمانان نوێـژ ناکـات لـە سـەر مـردووی قـەرزار لـە بـەر ڕاچەڵەکاندنی تاوانباران ئەگەر بزانن ئـەوانیش نوێـژیان لـە سـەر ناکرێـت ، وە بـۆ ئەوەی خەڵك چاونەترس نەبن لە ئاستی ئانجامدانی وێنەی ئەو کردارەی ئەو .

## حاڵەتی دووەم : ئەو موسڵمانەی کە پشـتی لێهـەڵکراوە بـە هـۆی (بیدعە و لە ڕێ لادان)ەوە :

قـال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : (وَمِثْلُ أَئِمَّةِ الْبِدَعِ مِنْ أَهْلِ الْمَقَالَاتِ الْمُخَالِفَةِ لِلْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ أَوْ الْعِبَادَاتِ الْمُخَالِفَةِ لِلْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ : **فَإِنَّ بَيَانَ حَالِهِمْ وَتَحْذِيرَ الْأُمَّةِ مِنْهُمْ**

---

[١١٨] عون المعبود شرح سنن أبي داود : (١٢ / ٧٤) وانظر : (٨ / ٣٣٠) منه أيضاً ، والأمثلة على هذا كثيرة انظرها في "هجر المبتدع" للشيخ بكر أبو زيد ص : (٢٦ ـ ٣٠) .

وَاجِبٌ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ حَتَّى قِيلَ لِأَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ : الرَّجُلُ يَصُومُ وَيُصَلِّي وَيَعْتَكِفُ أَحَبُّ إلَيْك أَوْ يَتَكَلَّمُ فِي أَهْلِ الْبِدَعِ ؟ فَقَالَ : إذَا قَامَ وَصَلَّى وَاعْتَكَفَ فَإِنَّمَا هُوَ لِنَفْسِهِ ، وَإِذَا تَكَلَّمَ فِي أَهْلِ الْبِدَعِ فَإِنَّمَا هُوَ لِلْمُسْلِمِينَ هَذَا أَفْضَلُ ، فَبَيَّنَ أَنَّ نَفْعَ هَذَا عَامٌّ لِلْمُسْلِمِينَ فِي دِينِهِمْ مِنْ جِنْسِ الْجِهَادِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ؛ إذْ تَطْهِيرُ سَبِيلِ اللَّهِ وَدِينِهِ وَمِنْهَاجِهِ وَشِرْعَتِهِ وَدَفْعِ بَغْيِ هَؤُلَاءِ وَعُدْوَانِهِمْ عَلَى ذَلِكَ وَاجِبٌ عَلَى الْكِفَايَةِ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ ، وَلَوْلَا مَنْ يُقِيمُهُ اللَّهُ لِدَفْعِ ضَرَرِ هَؤُلَاءِ لَفَسَدَ الدِّينُ وَكَانَ فَسَادُهُ أَعْظَمَ مِنْ فَسَادِ اسْتِيلَاءِ الْعَدُوِّ مِنْ أَهْلِ الْحَرْبِ ؛ فَإِنَّ هَؤُلَاءِ إذَا اسْتَوْلَوْا لَمْ يُفْسِدُوا الْقُلُوبَ وَمَا فِيهَا مِنْ الدِّينِ إلَّا تَبَعًا **وَأَمَّا أُولَئِكَ فَهُمْ يُفْسِدُونَ الْقُلُوبَ ابْتِدَاءً**)[١١٩].

**واتــە : پێشــەوا بیدعەچـییەکان لــە خــاوەنی بیروبــاوەڕ و پەرستشــە پێچــەوانەکان بــۆ قورئــان ســوننەت ، ئــا ئەمانــە ڕوونکردنــەوەی حاڵیــان و وریاکردنەوەی موسڵمانان لێیان واجب و پێویستە بـە یـەك دەنگـی موسـڵمانان ، تاوەکو ووتراوە بە ئیمامی** (أحمد بن حنبل) **: پیاو ڕۆژوو بگرێت و نوێـژ بکـات و لـە مزگەوتدا بمێنێتەوە ئایا ئەمـە خۆشەویسـت تـرە لای تـۆ یـان قسـە سـەبارەت بـە ئەهلی بیدەع بکات و حاڵیان ڕوونبکاتەوە ؟**

**ئەویش فەرمووی : ئەگەر ڕۆژوو بگرێت و نوێژ بکات و لە مزگەوتدا بمێنێتەوە ئەمە سوودەکەی تەنها بۆ خۆیەتی ، وە ئەگەر قسـە سـەبارەت بـە ئـەهلی بیـدەع بکات و حاڵیان ڕوون بکاتەوە و موسڵمانانیان لـێ ووریا بکاتەوە سوودی ئەمـە بـۆ موسـڵمانانە بـە گشـتی ئەمـەیان باشـترە ، ئیمـامی** (أحمد) **ڕوونـی کـردەوە کـەوا**

---

[١١٩] مجموع الفتاوى : (٢٨ / ١٣١ - ١٣٢) .

سوودی ئەمە گشتییە بۆ موسڵمانان لە دین و ئایینەکەیاندا کەوا بەشێکە لە جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا ، چونکە پاك کردنەوەی ڕێگای خوا و ئایینەکەی و ڕێبازەکەی و شەریعەتەکەی و دوورخستنەوەی دەست درێژی ئەو بیدعەچییانە و دژایەتی کردنیان لە سەر ئەوە واجبە لەسەر هەندێك لە زانایان بە یەك دەنگی موسڵمانان ، وە ئەگەر کەسانێك نەبێت کە خوا داینا‌ون بۆ دوورخستنەوەی زیان و زەرەری ئەو بیدعەچییانە ئەوا دین و ئایین دەگەنیا و تێك دەچوو ، وە گەنیوی و تێك چوونی سەر دەستی ئەهلی بیدەع گەورە ترە لە گەندەڵی دەست بە سەراگرتنی دووژمن لە شەڕخوازان ، چوونکە ئەمانە ئەگەر دەستیان گرت بە سەر موسڵمانانـدا دڵەکان و ئەوەشی کە تێیدایە لە دین و ئایین تێك نادەن و نایگەنێنن ئیللا ووردە ووردە و هەنگاو بە هەنگاو نەبێت ، بەڵام ئەو بیدعەچییانە ئا ئەوانە سەرەتا دڵەکان تێك دەدەن و گەندەڵی دەکەن.

وقال أبو إسماعيل الصابوني في بيان اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث :

(ويبغضون أهل البدع الذين أحدثوا في الدين ما ليس منه ولا يُحبونهم ولا يصحبونهم ولا يسمعون كلامهم ولا يُجالسونَهم ...)[١٢٠].

---

[١٢٠] اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث ص : (١٠٠) ، رقم : (١٦١) .

(واتفقوا مع ذلك على القول : بقهر أهل البدع وإذلالهم وإخزائهم وإبعادهم وإقصائهم ، والتباعد منهم ومن مُصاحبتهم ومعاشرتهم ، والتقرُّب إلى الله بمُجانبتهم ومُهاجرتهم ...)[١٢١].

**واتە : ئەهلی سوننە ڕقیانە لە ئەهلی بیدەع ئەوانەی کە لە دین و ئاییندا شتانێکیان داهێناوە کە بەشێك نییە لێی ، وە ئەهلی بیدەعیان خۆشناوێت و هاوەڵێتیان ناکەن و گوێ بۆ قسەیان ناگرن و لە گەڵیاندا دانانیشن ...**

**وە ئەهلی سوننە لە گەڵ ئەمەدا یەك دەنگن لە سەر بیروباوەڕی :**

**پۆرت شکاندنی ئەهلی بیدەع و سەرشۆڕ کردنیان و ئابڕوو بردنیان و دوورخستنەوەیان و کەنار خستنیان ، هەروەها دوور کەوتنەوە لێیان و لە هاوڕێیەتی و تێکەڵاوی کردنیان ، و نزیك بوونەوە لە خوا بە دوورکەوتنەوە لێیان و پشت لێکردنیان ...**

---

[١٢١] اعتقاد السلف الصالح أصحاب الحديث ص : (١١٢) ، رقم : (١٧٥) .

## دوو تێبینی :

**یەکەم** : مەبەست لە (پشت لێکردن) لە ئەهلی بیدەع و ئەوانەی کە تاوان بە ئاشکرا دەکەن لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆدەبێتەوە کە بریتین لە :

١ ـ بۆ ئەوەی کەسی (پشت لێ کراو) بچێت بە خۆیدا و بیرێك لە خۆی و کردارە ناشەرعی و ناڕاستەکەی بکاتەوە و وازی لێبێنێت .

٢ ـ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پشتی لێکردووە پارێزراو بێت لەو هەڵە و تاوانەی کە ئەو تێیدا دەتلێتەوە و بە هۆی ئەوەوە توشی نەخۆشی نەبێت .

٣ ـ بۆ ئەوەی کەسانی تر چاوی لێنەکەن و شوێنینەکەون و توشی نەخۆشی نەبن بە هۆی تێکەڵاوی کردنییەوە .

عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالْجَلِيسِ السَّوْءِ : كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً ، **وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً**))[١٢٢].

واتە : نمونەی هاوەڵی چاك و هاوەڵی خراپ : وەکو هەڵگری بۆنی

---

[١٢٢] صحيح البخاري رقم : (٢١٠١) و (٥٥٣٤) وصحيح مسلم رقم : (٣٧) والبيهقي في "شعب الإيمان" رقم : (٩٤٣٥) ، نقلاً عن سلسلة الأحاديث الصحيحة (٧ / ٦٥١) ، رقم : (٣٢١٤) .

میسك (واتە بۆن فرۆش) و فووکار بە کوورەدا وایە ، **هەڵگری بۆنی میسك یان لەو بۆنەت پێدەبەخشێت یان لێی دەکڕیت یان بۆنی خۆشی لێدەبینیت و هەڵیدەمژیت ، بەڵام فوکار بە کوورەدا یان جلەکانت دەسوتێنێت یان بۆنی پیسی لێدەبینێت و هەڵیدەمژیت .**

**واتە : هاوڕێ و هاومەجلیسی چاك خێردار و بێ زیانە ، بەڵام هاوڕێ و هاومەجلیسی خراپ بێخێر و زیان بەخشە .**

قال الإمام الألباني : (من فوائد هذا الحديث ما ترجَّمَ البيهقي بقولِهِ : "باب **مُجانبة الفَسَقَة والمُبتدعة** ، ومَنْ  يُعينكَ على طاعة الله عز وجل")[١٢٣].

**واتە : لە سوودەکانی ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە ئیمامی** (البيهقي) **ئەم ناونیشانەی بۆ داناوە :**

**(بابەتی : دوور کەوتنەوە لە تاوانبارە فاسقەکان و بیدعەچی‌یەکان ، هەروەها ئەوانەی کەوا یاریدەدەرت نین لە سەر گوێڕایەڵی خوای گەورە) .**

**دووەم : پەیڕەوکردنی بابەتی (پشت لێکردن) ئەحکامی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت ئەو ئەحکامانە لە بەرچاو بگیرێن لە کاتی پشت لێکردندا ، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو ئەحکامانە وردەکاری تێدایە و بابەتی ئەم کتێبەش (برایەتی نێوان**

[١٢٣] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٧ / ٦٥١) تحت الحديث رقم : (٣٢١٤) .

**موسڵمانان**) پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی نی‌یە لە گەڵ ئەم بابەتەدا ئەوا دەرفەتمان نی‌یە لێرەدا بە تێر و تەسلی و بە درێژی باسیان لێوە بکەین ، بۆیە بە کورتی هەندێك لەو ئەحکامانە باس دەکەم :

١ ـ پەیڕەوکردنی بابەتی (پشت لێ‌کردن) لە کاتێکدا پێویستە کەوا یەکێك یان زیاتر لە مەبەست و ئامانجەکانی ئەم کارە لە واقعدا بەرجەستە ببێت و بە دی بێت ، ئەگینا (پشت لێ‌کردن) دروست نی‌یە .

٢ ـ دەبێت پەیڕەوکردنی (پشت لێ‌کردن) بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانانی تێدا بەرقەرار بێت و زیان و گەندەڵی کەم کاتەوە و نەیهێڵێت ، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بە سەرماندا شکایەوە و زیان و گەندەڵی زیاتر بوو لە بەرژەوەندی‌یە شەرعی‌یەکانی ئەوا دروست نی‌یە .

٣ ـ پەیڕەوکردنی بابەتی (پشت لێ‌کردن) دەگۆڕێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە شوێنێکەوە و بۆ شوێنێکی تر و هەروەها لە کەسێکیشەوە بۆ کەسێکی تر ، ئەوەش بە پێ‌ی ئەم حاڵەتانە :

أ / ئەگەر ئەهلی سوننە زۆر و بە هێز و خاوەنی توانا و دەسەڵات بوون ئەوا پەیڕەوکردنی (پشت لێ‌کردن) دروستە ، بەڵام ئەگەر ئەهلی سوننە لە سەردەمێکدا یان لە شوێنێکدا کەم و لاواز و بێ توانا بوون ئەوا (پشت لێ‌کردن) دروست نی‌یە .

ب / دەبێت ئەو کەسەی کە (پشت دەکات) لە کەسی بیدعەچی یان تاوانبار خاوەن کەسایەتی‌یەکی ئاوەها بێت کە (پشت لێ‌کردنەکەی) کاریگەری هەبێت لە سەر کەسی (پشت لێ‌کراو) و کەسانی دەوروبەری .

ج / دەبێت کەسی (پشت لێ‌کراو) شایستەی پشت لێ‌کردن بێت بەوەی کە تاوانی گەورە بە ئاشکرا ئەنجام بدات یان سوور بێت لە سەر بیدعە کردن یان بانگەوازکار بێت بۆ بیدعە .

٤ - (پشت لێ‌کردن) چەندین جۆر و شێواز و پلەی هەیە :

- هەندێك جار بە لێدانی (بیدعەچی یان تاوانبار) دەبێت .

- وە هەندێك جار بە بەند کردنی دەبێت .

ئەم دوو شێوازە تەنها لە کاتی هەبوونی دەسەڵات و تواناداد پەیڕەودەکرێن .

- وە هەندێك جار بە هاوڕێیەتی نەکردن و تێکەڵاو نەبوون دەبێت .

- وە هەندێك جار بە سەلام لێ نەکردن دەبێت .

وە لە گەڵ ئەم جۆر و شێوازانەدا چەندین و چەندین شێواز و پلەی تر هەیە کە زانایانی ئەهلی سوننە باسیان لێوە کردووە ، ئەمەش بە پێی سەردەم و شوێن و کەسەکانەوە گۆڕانکاری بە سەر دێت .

**سەبارەت بەم بابەتە هەندێك لە وتەی زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە باس دەكەم بە كورتی :**

١ ـ **شێخ** (ابن باز) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :** (... ، وإنْ رأيتَ أنَّ الهجرَ يزيد المهجور شراً ، وأنَّ اتصالك به أنفع له في دينهِ وأقل لشرهِ فلا تهجرهُ ، لأنَّ الهجرَ يُقصد منه العلاج فهو دواء ، فإذا كان لا ينفع بل يزيد الداءَ داءً فأنت تفعل ما هو الأصلح من الاتصال بهِ وتكرار النصيحة والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر من غير اتخاذهِ صاحباً ولا خليلاً ، لعل الله أن ينفع بذلك ...)[١٢٤].

**واتە : ئەگەر بینیت (پشت لێكردن) دەبێتە هۆی زیاد بوونی خراپەی (پشت لێكراو) ، وە پەیوەندی كردنت پێیەوە سوودی هەبوو بۆی لە ڕووی ئاینەكەیەوە و خراپەی كەم تر دەكردەوە ئەوا (پشتی لێمەكە) ، چونكە مەبەست بە (پشت لێكردن) چارەسەر كردنە و بریتییە لە دەرمان ، جا ئەگەر سوودی نەبوو بەڵكو بە هۆیەوە نەخۆشییەكە زیادی كرد ئەوا تۆ ئەو كارە دەكەیت كەوا چاكتر بێت لە پەیوەندی كردن پێیەوە و دووبارە كردنەوەی ئامۆژگاری كردنی و فەرمان پێ كردنی بە چاكە و ڕێگری لێكردنی لە خراپە بە بێ ئەوەی بیكەیت بە برادەر و هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستی خۆت ، بەڵكو بەوە خوا سوودی پێ بگەیەنێت .**

---

[١٢٤] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة : (٥ / ٣٤٣ ـ ٣٤٤) .

٢ ـ **وه شێخ (الألباني) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :** (... ، المُقاطعة وسيلة شرعية يُرادُ بها تحقيق مصلحة مشروعة وهي تأديب المُهاجَر أي المُقاطَع ، فإذا كانت المقاطعة لا تؤدبهُ بل تزيدهُ ضلالاً على ضلالهِ فحينئذٍ لا تَجب المُقاطعة .

فلذلك نحن اليوم لا نتشبث بالوسائل التي كان يتعاطاها السلف ، لأنَّهم كانوا ينطلقون بها من موقف القوة ، واليوم المسلمون ضُعفاء في كل شيء ليس فقط الحكومات بل الأفراد ، والأمر كما قال ﷺ : "**إِنَّ الإِسْلاَمَ بَدَأَ غَرِيباً وَسَيَعُودُ غَرِيباً فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ ، قِيلَ : وَمَنِ الْغُرَبَاءُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : أُنَاسٌ صَالِحُونَ فِي أُنَاسِ سَوْءٍ كَثِيرٍ مَنْ يَعْصِيهِمْ أَكْثَرُ مِمَّنْ يُطِيعُهُمْ**" .

فلو نحن فتحنا باب المقاطعة والهجر والتبديع لفعلنا ما يُخالِف المصلحة الشرعية ...)[١٢٥].

**واتە : دابڕان (پشت لێکردن) ڕێگاچارەیەکی شەرعی‌یە مەبەست پێی بەدیهێنانی بەرژەوەندی‌یەکی ڕێپێدراوە لە شەرعدا کە بریتی‌یە لە تەمێکردنی (پشت لێکراو) و ئەو کەسەی کەوا لێی دادەبڕێیت ، جا ئەگەر دابڕان (پشت لێکردن)ەکە نەبووە مایەی تەمێکردنی بەڵکو گومڕابوونی زیادی کرد بە سەر گومڕایەتی‌یەکەیەوە ئەوا لەو کاتەدا دابڕان (پشت لێ**

**کردن) پێویست (واجب) نی‌یە .**

---

[١٢٥] شريط من هو الكافر ؟ وما هي البدعة المكفرة ؟

لە بەر ئەوە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا دەست نابەین بۆ ئەو ڕێگاچارەیانەی کەوا سەلەف دەیانگرتەبەر ، چونکە ئەوان لە بارودۆخی هەبوونی هێز و تواناوە ئەو ڕێگاچارەیانەیان دەگرتەبەر ، بەڵام ئەمڕۆ موسڵمانان لاوازن لە هەموو شتێکدا نەك تەنها حکومەتەکان بەڵکو بە تاکەکانیشەوە ، وە حاڵەتەکە بەو شێوازەیە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) لە بارەیەوە فەرموویەتی : "بەڕاستی ئیسلام بە غەریبی دەستی پێکرد و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا غەریب و نامۆ دەبێتەوە جا بەختەوەری و خۆشحاڵی بۆ ئەوانەی کەوا غەریبن ، وترا : غەریبەکان کێن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : کەسانێکی چاکی کەمن لە نێو کەسانێکی خراپی زۆردا ، ئەوانەی کەوا سەرپێچییان دەکەن زۆرترن لەوانەی کەوا گوێڕایەڵییان دەکەن" .

کەواتە ئەگەر ئێمە دەرگای دابڕان و پشت لێکردن و بە بیدعەچی دانان بکەینەوە ئەوا کارێك دەکەین کە پێچەوانەی بەرژەوەندی شەرعیە .

٣ ـ وە شێخ (ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (فإذا كان في هجر من فعل المعصية لتركِ واجبٍ أو فعلِ مُحَرَّمٍ فائدة يُهجَر حتى تتحقق الفائدة ، وأمَّا من كان هجرُهُ لا يفيده شيئاً بل لا يزيد الأمر إلاَّ شدةً وإلاَّ بُعداً عن أهل الخير فلا يُهجَر ، لأنَّ الشرع جاء بالمصالح وليس بالمفاسد ...)[١٢٦].

---

[١٢٦] شرح رياض الصالحين : (٤ / ٢١٩ ـ ٢٢٠) .

واتە : ئەگەر پشت کردن لە کەسێك کە تاوانی کردبێت بە وازهێنان لە فەرزێك یان بە کردنی حەرامێك سوودی هەبوو ئەوا پشتی لێدەکرێت تاوەکو ئەو سوودە بەدی دێت ، بەڵام ئەگەر کەسێك پشت لێکردنی هیچ سوودی پێنەگەیاند بەڵکو کارەکە زیاتر توندتر بووەوە و کابرای پشت لێکراو زیاتر دوور کەوتەوە لە چاکەکاران ئەوا پشتی لێناکرێت ، چونکە شەرع بەرژەوەندیەکانی هێناوە نەك زیان و خراپەکان .

**هەروەها فەرموویەتی :** (... ، فكُلُّ مؤمنٍ وإنْ كان فاسقاً فإنَّهُ يُحرم هجرهُ ما لَمْ يكن في الهجر مصلحة ، فإذا كان في الهجر مصلحة هجرناهُ ، لأنَّ الهجر حينئذٍ دواء ، أمَّا إذا لَمْ يكن فيه مصلحة أو كان فيهِ زيادة في المعصية والعتو فإنَّ ما لا مصلحة فيهِ تركهُ هو المصلحة ...)[١٢٧].

واتە : هەموو بڕوادارێك ئەگەر چی فاسق و لارێگریش بێت بەڕاستی پشت لێکردنی حەرامە مەگەر لەو پشت لێکردنەدا بەرژەوەندی هەبێت ، جا ئەگەر ئەو پشت لێکردنە بەرژەوەندی تێدا هەبوو ئەوا پشتی لێدەکەین ، چونکە ئەو کاتە پشت لێکردن دەرمان و چارەسەرە ، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی تێدا نەبوو یان بووە هۆی زیاد بوونی تاوان و سەرکەشی ئەوا بەڕاستی ئەوەی کە بەرژەوەندی تێدا نەبێت وازلێهێنانی بەرژەوەندیيە .

---

[١٢٧] مزيل الإلباس في الأحكام على الناس ص : (٢٥٢) .

٤ ـ **وە شێخ** (مُقبل) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :** (... ، فلا بُدَّ من النظر في مصلحة الهجر ، إذا كان الهجرُ سيؤثر ويرجع الشخص إلى الحق فلا بأس أنْ يُهجَر ، وإذا كان سيزداد عتواً ونفوراً فلا تَهْجُر ...)[١٢٨].

**واتە : پێویستە بڕوانرێت بۆ بەرژەوەندی پشت لێکردن ، ئەگەر پشت لێکردن کاریگەری هەبوو و کەسە پشت لێکراوەکەی گێڕایەوە بۆ لای حەق و ڕاستی ئەوا پشت لێکردن دروستە و هیچی تێدا نییە ، وە ئەگەر بووە هۆی زیاد بوونی سەرکەشی و دوورکەوتنەوەی کەسەکە ئەوا پشتی لێناکرێت .**

**هەروەها فەرموویەتی :** (... ، أنصحكم أنْ لا تحضروا مُحاضرات المبتدعة من حزبيين وغيرهم ، لماذا ؟

لأنَّهم يبثون السموم فيها شعرتم أو لم تشعروا ، أمَّا إذا لقيتهُ في الطرق فالسلام عليكم ، وعليكم السلام ، وإذا صافحك فصافحهُ ، لكن من أجل سلامة قلوبكم والمحافظة على قلوبكم من الشُّبَهِ أنصحكم أنْ لا تحضروا مُحاضرات المبتدعة سواء كانوا حزبيين أم غيرهم ...)[١٢٩].

**واتە : ئامۆژگاریتان دەکەم بە ئامادە نەبوونی وانە و وتار و کۆڕی بیدعەچییەکان لە حزبییەکان و جگە لەوانیش ، بۆ ؟**

---

[١٢٨] غارة الأشرطة : (٢ / ٨٧ ـ ٨٨) .

[١٢٩] الأجوبة السديدة في فتاوى العقيدة : (١ / ١٦٧ ـ ١٦٨) للشيخ مقبل الوادعي .

چونکە ئەو بیدعەچییانە لە نێو ئەو وانە و وتار و کۆڕانەدا ژەهر بڵاو دەکەنەوە بە خۆتان بزانن یان نەزانن ، بەڵام ئەگەر لە ڕێگادا پێی گەیشتیت ئەوا سەلامی لێبکە و وەڵامی سەلام کردنیشی بدەرەوە ، وە ئەگەر تەوقەی لە گەڵا کردیت ئەوا تۆش تەوقەی لە گەڵا بکە ، بەڵام لە بەر سەلامەتی و پاراستنی دڵەکانتان لە گومان و شوبهەکانیان ئامۆژگاریتان دەکەم بە ئامادە نەبوونی وانە و وتار و کۆڕی بیدعەچییەکان چ حزبییەکان بن یان جگە لەوان بن یەکسانە .

وە بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بوارەدا : ئامۆژگاری خوێنەر دەکەین بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر بە سوودە بە ناونیشانی :

(**هَجرُ المُبتَدِع**) للعلاَّمة الشيخ : (بكر بن عبد الله أبو زيد) .

## چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ)

# سەبارەت بە ڕوون کردنەوەی هەندێکی تر لە مافەکانی موسڵمان بە سەر برای موسڵمانی‌یەوە

**فەرموودەکان :**

١ ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَنْفَعَ أَخَاهُ فَلْيَنْفَعْهُ))[١].

**واتە : هەرکەسێك لە ئێوە توانای هەبوو سوود بە برای موسڵمانی بگەیـەنێت ئەوا با سوودی پێ بگەیەنێت .**

٢ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((الْمُؤْمِنُ مِرْآةُ الْمُؤْمِنِ ، وَالْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ يَكُفُّ عَلَيْهِ ضَيْعَتَهُ وَيَحُوطُهُ مِنْ وَرَائِهِ))[٢].

---

[١] صحيح مسلم رقم : (٢١٩٩) .

[٢] صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٩١٨) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٩٢٦) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٦٥٦) .

قال صاحب "عون المعبود" : ("يَكُفُّ عَلَيْهِ ضَيْعَته" : أَيْ يَمْنَعُ تَلَفَهُ وَخُسْرَانَهُ ، فَهُوَ مَرَّةٌ مِنْ الضَّيَاعِ ، وَقَالَ فِي "النِّهَايَة" : وَضَيْعَةُ الرَّجُلِ مَا يَكُونُ مِنْ مَعَاشِهِ كَالصَّنْعَةِ وَالتِّجَارَةِ وَالزِّرَاعَةِ وَغَيْر ذَلِكَ أَيْ يَجْمَعُ إِلَيْهِ مَعِيشَته وَيَضُمُّهَا لَهُ ، "وَيَحُوطهُ مِنْ وَرَائِهِ": أَيْ يَحْفَظَهُ وَيَصُونَهُ وَيَذُبَّ عَنْهُ بِقَدْرِ الطَّاقَة) عون المعبود بشرح سنن أبي داود : (١٣ / ١٢٥) .

**واتە : ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره ، وە ئیماندار برای ئیمانداره ، پارێزگاری بژێوی دەكات لە فەوتان و تیاچوون و دەیپارێزێت بە پێی توانا .**

٣ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ : ((إِنَّ الْمُسلِمَ إِذَا صَافَحَ أَخَاهُ تَحَاتَتْ خَطَايَاهُمَا كَمَا يَتَحَاتُّ وَرَقُ الشَّجَرِ))[٣].

**واتە : ئەگەر موسڵمان دەستی خستە ناو دەستی برای موسڵمانی و تەوقەی لە گەڵدا كرد ئەوا تاوانەكانیان دەوەرێت وەكو چۆن گەڵای دار دەوەرێت .**

٤ ـ وَعَنْ أَبِي شُرَيْحٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ أَقَالَ أَخَاهُ بَيْعاً أَقَالَ اللَّهُ عَثْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٤].

**واتە : هەركەسێك پەشیمان بوونەوەی برای موسڵمانی لە كڕین و فرۆشتن و مامەڵەیەكدا قەبوڵ بكات ئەوا خوا خزان و پێهەڵكەوتنی ڕۆژی قیامەت لا دەبات لە ڕێیدا .**

٥ ـ وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : ((إِذَا كَفَّنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُحَسِّنْ كَفَنَهُ))[٥].

---

[٣] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٧٢١) .

[٤] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦١٤) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (١٧٥٩) .

واته : ئەگەر یەکێك لە ئێوە برای موسڵمانی کفن پۆش کرد ئەوا با بە باشی و ڕێك و پێکی کفن پۆشی بکات .

٦ ـ وَعَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَزْرَعْهَا أَوْ فَلْيُزْرِعْهَا أَخَاهُ ، وَلَا يُكَارِيهَا بِثُلُثٍ وَلاَ بِرُبُعٍ وَلاَ بِطَعَامٍ مُسَمًّى))[٦].

واته : هەرکەسێك زەوی‌یەکی هەبوو ئەوا با بیکێڵێت و کشتوکاڵی تێدا بکات ئەگینا با بیدات بە برایەکی موسڵمانی بۆ ئەوەی ئەو بیکێڵێت و کشتوکاڵی تێدا بکات ، وە با بە کرێ نەیدات پێی چ بە سێ‌یەك بێت یان بە چواریەك بێت یان بە خواردنێکی ناو براو و دیاری کراو بێت .

واته : ئەگەر خۆی بە کاری نەهێنا ئەوا با بە بێ بەرامبەر بیدات بە برا موسڵمانەکەی وەکو چاکە کاری‌یەك لە گەڵیدا ، وە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە زەوی بە کرێدان حەرام بێت ، بەڵام باشتر وایە لە بەر خوا بێت لە بەر ڕێزی برایەتی .

٧ ـ وَعَنْ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ نَفْسِهِ أَوْ مَالِهِ أَوْ مِنْ أَخِيهِ مَا يُعْجِبُهُ فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ))[٧].

---

[٥] صحيح مسلم رقم : (٢٢٢٨) .

[٦] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٣٩٥) وصحيح سنن النسائي رقم : (٣٨٩٧) .

[٧] صحيح الجامع الصغير رقم : (٥٥٦) .

**واته : ئەگەر یەکێك لە ئێوە شتێکی بینی لە خۆیدا یان لە ماڵیدا یان لە برای موسڵمانیدا ئەوا با دوعای بەرەکەتی بۆ بکات (واتە : بڵێت خوایە بەرەکەتی تێبخە) ، چونکە پێکانی چاو حەق و ڕاستە .**

٨ ـ وَعَنْ عَمْرِو بْنِ حَزْمٍ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((مَا مِنْ مُؤْمِنٍ يُعَزِّي أَخَاهُ بِمُصِيبَةٍ إِلاَّ كَسَاهُ اللَّهُ سُبْحَانَهُ مِنْ حُلَلِ الْكَرَامَةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ))[٨].

**واتە : هەر ئیماندارێك سەرەخۆشی برایەکی موسڵمانی بکات بە هۆی کارەساتێکەوە ئیللا خوای پەروەردگار پۆشاکی ڕێزدارێتی لەبەر دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا .**

٩ ـ وَعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا زَارَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَجَلَسَ عِنْدَهُ فَلا يَقُومَنَّ حَتَّى يَسْتَأْذِنَهُ))[٩].

**واته : ئەگەر یەکێك لە ئێوە سەردانی برایەکی موسڵمانی کرد و دانیشت لە لای ئەوا با هەڵنەسێت تاوەکو ئیزن و ڕوخسەتی لێدەخوازێت .**

١٠ ـ وَعَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا سَلَّ أَحَدُكُمْ سَيْفَاً لِيَنْظُرَ إِلَيْهِ فَأَرَادَ أَنْ يُنَاوِلَهُ أَخَاهُ فَلْيُغْمِدْهُ ثُمَّ يُنَاوِلْهُ إِيَّاهُ))[١٠].

---

[٨] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٦٠١) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٥٧٥٢) .

[٩] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٨٢) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٥٨٣) .

[١٠] صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٠٤) .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە شمشێرکی دەرهێنا لە کێلانەکەی بۆ ئەوەی سەیری بکات ئەنجا ویستی بیداتە دەست برایەکی موسڵمانییەوە ئەوا با بیخاتە ناو کێلانەکەی پاشان بیداتە دەستییەوە .

هەروەها ئەگەر فیشەکی چەکەکەی ڕانیبوو وە ویستی بیداتە دەست برایەکی موسڵمانییەوە ئەوا با چەکەکەی دابخات پاشان بیداتە دەستییەوە .

١١ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لاَ يُشِيرُ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ بِالسِّلاَحِ ، فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِي لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ ، فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ))[١١].

واتە : با هیچ کەسێك لە ئێوە ڕووی چەکەکەی نەکات لە برای موسڵمانی ، چونکە ئەو نازانێت لەوانەیە شەیطان لە دەستی دەرکات و بیخاتە ناو دۆڵێك لە ئاگرەوە .

١٢ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ أَشَارَ عَلَى أَخِيهِ بِأَمْرٍ يَعْلَمُ أَنَّ الرُّشْدَ فِي غَيْرِهِ فَقَدْ خَانَهُ))[١٢].

واتە : هەرکەسێك ڕێنمایی برایەکی موسڵمانی بکات بە شتێك کەوا بزانێت چاکە و هۆشمەندی لە جگە لەوەدایە ئەوا خیانەتی لێکردووە .

---

[١١] صحيح البخاري رقم : (٧٠٧٢) وصحيح مسلم رقم : (٢٦١٧) .

[١٢] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٥٧) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٦٠٦٨) .

١٣ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا اسْتَأْذَنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَبَةً فِي جِدَارِهِ فَلاَ يَمْنَعْهُ))(١٣).

**واتە : ئەگەر برایەکی موسڵمانی یەکێك لە ئێوە ئیزن و ڕوخسەتی خواست بۆ ئەوەی دارێك بکات بە دیواری خانووەکەیدا ئەوا با ڕێگری لێنەکات .**

١٤ ـ وَعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((نَهَى عَنِ الإِقْرَانِ [يَعْنِي فِي التَّمْرِ] إِلَّا أَنْ يَسْتَأْذِنَ الرَّجُلُ مِنْكُمْ أَخَاهُ))(١٤).

**واتە : بە جووت و دوو دوو بە یەکەوە خورما مەخۆن ئیللا مەگەر ئیزن و ڕوخسەت بخوازیت لە برا موسڵمانەکەت .**

١٥ ـ وَعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)يَقُولُ : ((لَا يَأْخُذَنَّ أَحَدُكُمْ مَتَاعَ أَخِيهِ لَاعِبًا وَلَا جَادًّا ، وَمَنْ أَخَذَ عَصَا أَخِيهِ فَلْيَرُدَّهَا))(١٥).

**واتە : با هیچ کەسێك لە ئێوە شتومەکی برای موسڵمانی نەبات نە بە مەبەستی یاری و سوعبەت و نە بە ڕاستیش ، وە هەر کەسێك گاڵۆکی برایەکی موسڵمانی برد ئەوا با بیگێڕێتەوە .**

---

(١٣) صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٣٤) وصحيح سنن الترمذي : (١٣٥٣) .

(١٤) صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٨٦٣) والزيادة في صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٣٣٢) .

(١٥) صحيح سنن أبي داود رقم : (٥٠٠٣) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٨٠٨) .

١٦ ـ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ فَأَطْعَمَهُ مِنْ طَعَامِهِ فَلْيَأْكُلْ وَلَا يَسْأَلْ عَنْهُ ، وَإِنْ سَقَاهُ مِنْ شَرَابِهِ فَلْيَشْرَبْ وَلَا يَسْأَلْ عَنْهُ))[١٦].

**واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕۆیشتە لای برایەکی موسڵمانی و ئەویش لە خواردنەکانی خواردنێکی دایە ئەوا با بیخوات و پرسیاری لێ نەکات سەبارەت بەو خواردنە ، وە ئەگەر خواردنەوەیەکی دایە ئەوا با بیخواتەوە و پرسیاری لێ نەکات سەبارەت بەو خواردنەوەیە .**

**چونکە پرسیار لێ کردنی مایەی گومانی خراپ پێبردنە کە دەبێتە مایەی دڵ گرانی و ناڕەحەت بوونی خاوەنی ئەو خواردن و خواردنەوەیە .**

١٧ ـ وَعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنِ اقْتَطَعَ مَالَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ بِيَمِينٍ لَقِيَ اللَّهَ وَهُوَ عَلَيْهِ غَضْبَانُ))[١٧].

---

[١٦] صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٨٦٣) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٦٢٧) .

وقال الشيخ الألباني رحمه الله : (والظاهر أنَّ الحديث محمولٌ على من غلب على ظنه أنَّ الأخ المسلم ماله حلال ويتقي المحرمات وإلاَّ جاز بل وجب السؤال كما هو شأن بعض المسلمين المستوطنين في بلاد الكفر فهؤلاء وأمثالهم لا بُدَّ من سؤالهم عن لحمهم مثلا أقتيل هو أم ذبيح ؟ ) السلسلة : (٢ / ٢٠٤) .

[١٧] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٠١٢) صحيح الجامع الصغير رقم : (٥٧١٩) .

وعن الحارث بن البرصاء (ﷺ) قال سمعت رسول الله (ﷺ) وهو يقول : ((من اقتطع مال أخيه بيمين فاجرة فليتبوأ مقعده من النار)) صحيح الترغيب والترهيب رقم : (١٨٣٤) .

**واتە : هەرکەسێك ماڵی برای موسڵمانی ببات بە سوێند خواردنی درۆ و تاوانباری ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگردا دابین بکات .**

**واتە : هەرکەسێك ماڵی برای موسڵمانی ببات بە سوێند خواردنی درۆ ئەوا کاتێك دەگات بە خوا خوای پەروەردگار لێی تورەیە .**

١٨ ـ وَعَنْ أَبِي بَرْزَةَ الأَسْلَمِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ وَلَمْ يَدْخُلِ الإِيمَانُ قَلْبَهُ لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ ، وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ فَإِنَّهُ مَنْ تَتَبَّعَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ تَتَبَّعَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ تَتَبَّعَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ وَلَوْ فِي جَوْفِ بَيْتِهِ))[١٨].

**واتە : ئەی کۆمەڵی ئەوانەی کە بە زمان ئیمانتان هێناوە و ئیمانیش نەڕۆیشتووەتە ناو دڵیەوە : غەیبەتی موسڵمانان مەکەن ، و بە دوای عەیبە و کەم و کوڕیاندا مەگەڕێن چونکە هەرکەسێك بە دوای عەیبە و کەموکوڕی برای موسڵمانیدا بگەڕێت ئەوا خوای پەروەردگار بە دوای عەیبە و کەم و کوڕیدا دەگەڕێت ، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار بە دوای عەیبە و کەم و کوڕیدا بگەڕێت ئەوا خوا ئابڕووی دەبات ئەگەر لە ناوەڕاستی ماڵەکەی خۆیشیدا بێت .**

١٩ ـ وَعَنْ أَنَسِ بن مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((مَنْ نَصَرَ أَخَاهُ بِظَهْرِ الْغَيْبِ نَصَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ))[١٩].

**واتە : هەرکەسێك برای موسڵمانی سەربخات و بەرگری لێبکات لە کاتێکدا کە خۆی دیار نییە ئەوا خوا سەری دەخات و بەرگری لێدەکات لە دونیا و قیامەتدا.**

---

[١٨] صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٨٨٠) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٧٩٨٤) .

[١٩] صحيح الجامع الصغير رقم : (٦٥٧٤) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٢١٧) .

٢٠ ـ وَعَنْ سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ (﵁) قَالَ : ((كُنَّا إِذَا رَأَيْنَا الرَّجُلَ يَلْعَنُ أَخَاهُ رَأَيْنَا أَنْ قَدْ أَتَى بَاباً مِنَ الْكَبَائِرِ))[٢٠].

**واتە : ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بمانبینایەت پیاوێك دوعای لەعنەت و نەفرەت لە برایەكی موسڵمانی بكات ئەوا واماندەزانی تاوانێك لە تاوانە گەورەكانی كردووە .**

٢١ ـ وَعَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى قَالَ : حَدَّثَنَا أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) أَنَّهُمْ كَانُوا يَسِيرُونَ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَنَامَ رَجُلٌ مِنْهُمْ فَانْطَلَقَ بَعْضُهُمْ إِلَى حَبْلٍ مَعَهُ فَأَخَذَهُ فَفَزِعَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يُرَوِّعَ مُسْلِمَاً))[٢١].

**واتە : هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕێڕەوێكدا لە گەڵ پێغەمبەری خوادا بوون (ﷺ) و پیاوێكیان خەوی لێكەوت ئەنجا یەكێكیان ڕۆیشت بۆ حەبلێك كە پێی بوو بردی و ئەویش ترسا ، لە بەر ئەمە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : حەڵاڵ نی‌یە بۆ هیچ موسڵمانێك موسڵمانێكی تر بترسێنێت .**

---

[٢٠] صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٧٩١) .

[٢١] صحيح سنن أبي داود رقم : (٥٠٠٤) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٢٨٠٥) .

# خۆشەویسترین کردەوە لای خوای پەروەردگار

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) قَالَ : أَنَّ رَجُلاً جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ ؟ وَأَيُّ الأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ ؟

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ , وَأَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى :

١ ـ سُرُورٌ تُدْخِلُهُ عَلَى مُسْلِمٍ

٢ ـ أَوْ تَكَشِفُ عَنْهُ كُرْبَةً .

٣ ـ أَوْ تَقْضِي عَنْهُ دَيْناً .

٤ ـ أَوْ تَطْرُدُ عَنْهُ جُوعاً .

٥ ـ وَلأَنْ أَمْشِيَ مَعَ أَخِي الْمُسْلِمِ فِي حَاجَةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَعْتَكِفَ فِي هَذَا الْمَسْجِدِ ـ يَعْنِي مَسْجِدَ الْمَدِينَةِ ـ شَهْراً .

٦ ـ وَمَنَ كَفَّ غَضَبَهُ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ .

٧ ـ وَمَنْ كَظَمَ غَيْظَهُ وَلَوْ شَاءَ أَنْ يُمْضِيَهُ أَمْضَاهُ مَلأَ اللَّهُ قَلْبَهُ رَجَاءً يَوْمَ الْقِيَامَةِ .

٨ ـ وَمَنْ مَشَى مَعَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ فِي حَاجَةٍ حَتَّى يُثْبِتَهَا لَهُ أَثْبَتَ اللَّهُ تَعَالَى قَدَمَهُ يَوْمَ تَزَلُّ الأَقْدَامِ .

٩ ـ وَإِنَّ سُوْءَ الْخُلُقِ لَيُفْسِدُ الْعَمَلَ كَمَا يُفْسِدُ الْخَلُّ الْعَسَلَ))[٢٢].

واتـە : خۆشەویسـترینی خـەڵك لای خـوا ئەوەیـە : سـوودمەندترینیان بێـت بـۆ خەڵك .. وە **خۆشەویسترین کردەوە لای خوای گەورە ئەوەیە :**

١ ـ خۆشیەك بهێنیت بە سەر موسوڵمانێكدا .

٢ ـ یان ناڕەحەتیەكی لە سەر لابەریت .

٣ ـ یان قەرزێكی بۆ ببژێریت .

٤ ـ یان برسێتیەكی دەربكەیت .

٥ ـ وە ئەگەر لە گەڵ برایەكی موسـوڵمانمدا بـڕۆم بـۆ بـەجێهێنانی پێویسـتیەك لام خۆشەویسـترە لـەوەی کـە لـەم مزگەوتـەدا (مزگـەوتی مەدینـە) یـەك مـانگ بمێنمەوە بۆ خوا پەرستی و ئیعتیكافكردن .

٦ ـ وە هەركەسێك توڕەیی خۆی بگرێتەوە ئەوا خوا عەورەتی دادەپۆشێت .

٧ ـ وە هەركەسێك ڕق و توڕەییەك بخواتەوە لە كاتێكدا ئەگـەر ویسـتی هـەبێت بەجێی بێنێت بەجێی دێنێت ئەوا خـوا دڵـی پـڕ دەكـات لـە ڕەزامەنـدی لـە ڕۆژی دوایدا .

---

[٢٢] صـحيح الـجامع الصـغير رقـم : (١٧٦) ، وصـحيح الترغيـب والترهيـب رقـم : (٢٦٢٣) ، وسلسـلة الأحاديـث الصحيحة رقم : (٩٠٦) .

٨ ـ وە هەرکەسێك لە گەڵ برایەکی موسوڵمانیدا بڕوات بۆ بە جێهێنانی پێویستیەکی هەتا جێبەجێی دەکات ئەوا خوا پێیەکانی جێگیر دەکات لە ڕۆژێکدا کە پێکان تێیدا دەخلیسکێن .

٩ ـ وە ڕەوشت خراپی کردەوە تێك دەدات وەك چۆن خەڵ هەنگوێن تێك دەدات .

**ئەمەیە ڕەوشتی موسڵمانی کامڵ و ڕاست ...**

**ئەمەیە هەستی برایەتی ڕاستەقینە ...**

**ئەمەیە ئایینی ئیسلامی پیرۆز ...!!!**

# کۆتایی

لەم نووسراوەدا دوای ڕوون کردنەوە و باس کردنی بنەماکان و بەرهەمەکان و مافەکانی **برایەتی نێوان موسڵمانان** بۆمان دەردەکەوێت کە ئاایینی پیرۆزی ئیسلام چەند گرنگی بەم بوارە داوە و هەموو هەوڵێکی خستووەتە گڕ بۆ توندوتۆڵ و بتەو کردنی هەستی برایەتی ڕاستەقینەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای موسڵمانان .

بۆیە لێرەوە حەق وایە بڵێین : (**مافەکانی مرۆڤـ ؟!!**) کە لێرە و لەوێ شین و هاوار و ڕۆڕۆی بۆ دەکرێت و زۆر جارێکیش ئاایینی پیرۆزی ئیسلام تۆمەت بار و لەکەدار دەکرێت بەوەی کە (**مافەکانی مرۆڤـ**)ی پێشێل کردووە !!!

ئایا ئەو (**مافە ڕەوایانە**) لە ئیسلامدا دابین نەکراون ؟!!!

لەم نووسراوەدا وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر بە جوانی ڕوون کراوەتەوە و هەرکەسێك بە دڵێکی پاك و چاوی ئینصافەوە بیخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت :

ـ ئەو شین و هاوارانەی کە بۆ (**مافەکانی مرۆڤـ ؟!!**) دەکرێن تەنها دەنگی دەهۆڵن و بازرگانی کردنن بەو درووشمەوە !

ـ هەروەها دەردەکەوێت ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێنە پاڵ ئاایینی پیرۆزی ئیسلام چەند پووچەڵ و بێبەڵگە و بێبنەوان !!!

**وە لە کۆتاییدا دەڵێم :** ﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا
تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ .

والسلام عليكم ورحمةُ الله وبركاته ...

## گرنگترینی سەرچاوەکان

١ ـ القرآن الكريم .
٢ ـ صحيح البخاري ، وفتح الباري شرح صحيح البخاري للحافظ ابن حجر العسقلاني .
٣ ـ صحيح مسلم ، وشرح صحيح مسلم للنووي .
٤ ـ صحيح سنن الترمذي للإمام الألباني ، وتحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي للمباركفوري .
٥ ـ صحيح سنن أبي داود للإمام الألباني ، وعون المعبود بشرح سنن أبي داود للعلامة شرف الحق العظيم آبادي .
٦ ـ صحيح سنن النسائي للإمام الألباني .
٧ ـ صحيح سنن ابن ماجه للإمام الألباني .
٨ ـ صحيح الجامع الصغير للإمام الألباني .
٩ ـ صحيح الترغيب والترهيب للإمام الألباني .
١٠ ـ صحيح الأدب المفرد للإمام الألباني .
١١ ـ سلسلة الأحاديث الصحيحة للإمام الألباني .
١٢ ـ شرح رياض الصالحين للعلامة الشيخ ابن العثيمين .
١٣ ـ جامع العُلوم والحِكَم للعلامة ابن رجب الحنبلي .
١٤ ـ فيض القدير شرح أحاديث الجامع الصغير للمناوي .
١٥ ـ التمهيد لحافظ المغرب ابن عبد البر .
وغيرها من المصادر التي ذكرناها في الحواشي ...

**(اللَّهُمَّ اجْعَلْ خَيْرَ عُمُرِي آخِرَهُ**

**وَخَيْرَ أَعْمَالِي خَوَاتِمَهَا**

**وَخَيْرَ أَيَّامِي يَوْمَ أَلْقَاكَ)**

# ناوەڕۆك

* پێشەكی : ........ ١
* ڕێخۆشكار : ........ ٢
**بنەماكانی برایەتی لە بەر خوا** ........ ٧
١ ـ دەبێت ئەو برایەتی یە تەنها لە بەر خاتری خوا بێت : ........ ٧
٢ ـ دەبێت ئەو برایەتی یە هاوشان بێت لە گەڵ ئیمان و تەقوادا : ........ ٨
٣ ـ دەبێت ئەو برایانە ئیسلام بكەن بە ڕێباز و پرۆگرامی ژیانیان : ........ ٩
٤ ـ دەبێت ئەو برایەتی یە ڕاوەستاو بێت لە سەر ئامۆژگاری كردنی یەكتر بە چاكە : ........ ١٢
٥ ـ دەبێت ئەو برایەتی یە بنیات نرابێت لە سەر هاوكاری كردنی یەكتر لە كاتی خۆشی و ناخۆشیدا : ........ ١٤
**بەروبووم و پاداشتی گەورەی** ........ ١٦
**برایەتی نێوان موسڵمانان** ........ ١٦
**چەند ڕێگایەك بۆ بتەو كردنی هەستی** ........ ٢٦
**برایەتی نێوان موسڵمانان** ........ ٢٦
**مافەكانی برایەتی نێوان موسڵمانان** ........ ٤١
ناوەڕۆك ........ ١٧٥